# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد



2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە سپینۆزا

وەرگێڕانی
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (85)

# ئاشنابوون بە سپینۆزا

پۆل ستراتێرن

لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

**پێشەکی:**

سپینۆزا فەیلەسوفی فەیلەسوفەکانە ، ئەو بنەمای بەرزی سیستەمی میتافیزیکی سەرسوڕهێنەری دامەزراند، کە لە لوتکەی جوانی و بلیمەتیدا بوو. ئەم بنەمایەی کە نە لە راستیەوە وەرگیراوەو نە بەرهەمی ئەزموونە، سەرسوڕهێنەری فەلسەفەکەی دەکاتە دوو قات. ئەو مرۆڤێکی لە ناخەوە ئایینی بوو، بەڵام بەڕواڵەت پەیڕەوی لە ئایین و رێوڕەسمی ئایینێکی تایبەت نەدەکرد. فەلسەفەی سپینۆزا بەتەواوی لە باوەڕی خودا تێربووە، ئەو هەروەکو قەشەیەک دەژیا، هەربۆیە ئەوکاتەی لە ژیاندا بوو، بووە جێگەی دڕدۆنگی و بێزاری و توڕەیی سەرجەم ئاینەکانی رۆژگاری خۆی، لەدوای مردنیشی، تووشی جۆرەها تۆمەت و بوختان بووەوە، بۆیە بەتوندی کەوتنە گەڕان بەدوای بەرهەمەکانیدا و سوتاندیان.

ئەمڕۆ فەیلەسوفەکان پێویستیان بەباوەڕبوون بە خودا نییە، یان وەک خەڵکانی تر ژیانی رسواییان هەیە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت، کە چاوێک بە واقیعدا بخشێنن و سپینۆزا وەک نمونەی فەلسەفی بیردەهێننەوە. لەوانەیە ئەگەر رۆژێک ئەو بەفەرمی بخرێتە ریزی داوێن پاکەکانەوە، ببێتە قەدیسی پارێزەری ریاکاران!

پێکهاتەی ناوەندی فەلسەفەی سپینۆزا، سیستەمە هەمەلایەنەکەیەتی. ئەم سیستەمە گشتگیرە، یان پێکەوەبەستنی پچڕانی ئاسۆی پلەبەندی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست لە لایەکەوە، ئەقڵانیەتگەرایی لەکاتی

هاتنەدی سەردەمی سپینۆزا لەلایەکی دیکەوە، بەنیازی دەستگەیشتنە بەڕاستی. سیستەمبەندی ماتماتیکی ئەندازیارییەکەی لەخۆگری چەمکی نوێی ((خودا، یان سروشت))بوو. ئەم سیستەمە فەلسەفییە بە هەندێک گریمانەی سەرەتایی و هەندێک بنچینەی باو دەستپێدەکات، لە درێژەی ئەمەدا، بە سودوەرگرتن لە ڕەوشی بەڵگەهێنانەوەی ئەندازەیی، جیهانێک بنیاتدەنێت، کە هەر خودایە. فەلسەفەی سپینۆزا نمونەیەکی بەرجەستەیە لە باوەڕبوون بە یەکبوون (پانتەئیزم) : واتە یەکێتی خوداو سروشت لەیەک جەوهەردا. لە ڕۆژگاری ئێمەدا، ئەم باوەڕە، ڕەنگدانەوەیەکی سەیری لە گریمانەی (گایا) (1)دا هەیە، گریمانەیەک، کە لەسەر ئەو بنەمایە گۆی زەوی وەکو ئۆرگانیزم و تەنێکی پان و بەرین، بەڵام بێهاوتا، یان خانەیەکی خۆپەروەردەکەر (self–regulatin cell) دەزانرێت، هەروەها سیستەمی فەلسەفی سپینۆزا، بنەمای ئاکاری گشت باوەڕی خستۆتەڕوو، کە جێگەی پەسەندی زانایانی ژینگەو زیندەوەرزانەکانی سەردەمە: زەبرو زیان گەیاندن بە جیهان وەک ئەوە وایە، زەبرو زیان بە یەزدان بگەیەنیت، ئازاردانی کەسێکی تریش وەک ئەوە وایە، ئازار بە خۆت بگەیەنیت.

تیۆری سیاسی سپینۆزاش (هەروەکو سیستەمە فەلسەفیەکەی) زۆر لەپێش سەردەمی خۆیەوەتی. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە ئامانجی حکومەت، تەنیا لە بەرگریکردن لەتاکدا خۆی ببینێتەوە، تا ئەو بتوانێت ئازادانە گیان و جەستەی بە بەهرەوەرگرتن لە ئەقڵێکی ڕۆشنایی بەخش پەروەردەبکات.

ڕوانگەی خودا تەوەری و سیستماتیکی سپینۆزا ڕوویەکی سەیرو جاروبار لەناکاو دەداتە فەلسەفە. ڕەنگە ئەمەش هەندێک لە گاڵتەوگەپەکانی مێژووی فەلسەفەبێت، کە دەرئەنجامەکانی لە سیستەمی فەلسەفی چۆتە پێش، کە بەهاری تەمەنی بەسەرچووە، هێشتا لەگەڵ بیرکردنەوەی

مۆدێرن، لە زانست تا سیاسەت - بە قوڵی یەکدەگرنەوە. هەم سیستەمە فەلسەفییەکەی، هەم بەڵگەو دەرئەنجامەکانی لە جوانی، شکۆمەندی و رەسەنایەتییە بێوێنەکەی لە مێژووی فەلسەفە، بەهرەمەندن. بەوتەی کینس، ئەگەر جوانی راستی بوایەو راستیش جوانی، ئەوکاتە فەلسەفەی سپینۆزا، هەموو ئەو شتە بوو، کە ئێمە دەمانزانی و هەموو ئەو شتەی کە پێویست بوو بیزانین.

### ژیان و بەرهەمەکانی سپینۆزا:

باروخ، یان (بێنێدیکت) سپینۆزا لە چواری نۆڤەمبەری (1632) لەشاری (ئەمستردام) لەدایکبووە. لەبنەماڵەی جولەکەکانی پورتوگال بوو- ناوەکەی لەشاری سپینۆزای وڵاتی ئیسپانیا وەرگیراوە، کە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئیسپانیاوە. باوک و دایکی لە پورتوگالەوە کۆچیانکردبوو بۆ هۆڵەندا ، بۆ ئەو وڵاتەی کە ئەم مۆڵەتەی پێدەدان، تا خۆیان لە پابەندبوونی روکەشیانە بۆ ئایینی مەسیحی رزگار بکەن و بگەڕێنەوە سەر ئایینی باووباپیرانیان خۆیان، واتە یەهودییەت، کە لە سەردەمانی دەسەڵاتی پشکنینی بیروباوەڕدا، ناچار بە پەیڕەوکردنی کرابوون. باوکی سپینۆزا بەبازرگانێکی سەرکەوتوو رێزداری شار لەقەڵەمدەدرا و ماڵەخۆش و گەورەکەیان لە شاری بورگواڵا لە نزیک (کەنیسەی دێرینی پورتوگال)دا بوو. دایکیشی کە پورتوگالی بوو، کاتێک کە سپینۆزا تەمەنی تەنیا شەش ساڵا بوو، بەسەر منداڵەوە رۆیشت. هەروەک لەمەوە دیارە، سپینۆزا سەردەمانی منداڵیداو لە بنەماڵەکەیدا توشی زۆر رووداوی ناخۆش بووە. کاتێک کە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، باوکی لەدەستدا. ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە پێشتر باوکی سێ هاوسەر و چوار منداڵی خۆی بەخاک سپاردووە.

سپینۆزا لە دامێنی کلتوری پێشگری یەهودی ئەو سەردەمەدا پەروەردە بووبوو، هەموو رۆژێک چەندین کاتژمێری درێژخایەن، سەرقاڵی فێربوونی تەورات (کتێبی سەردەمی کۆن) و تەلمود (قەواڵەی جێ بڕوای، وتەی کۆنی یەهودی) بوو. وێڕای سنورداری ئەوپەڕی ماندوویەتی و هەندێ جار ئازاردەری ئەم رەوشە پەروەردە، وادەهاتە بەرچاو، سپێنۆزا بەتامەزرۆییەوە بەردەوامبێت لەسەر خوێندنەوە، باوکیشی لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە ئەو سەرەنجام دەڕواتە ریزی رۆحانی و فەقێ یەهودییەکانەوە. سپینۆزای لاو لەکاتە دەستبەتاڵەکانیدا، لەقوتابخانە خۆی فێری زمانی لاتینی و یۆنانی کۆن دەکرد. بەڕواڵەت راستییە دەرەکییەکان و دنیای مۆدێرن رۆڵێکی زۆر گرنگیان لە لایەنی پەروەردەو فێرکردنی سپینۆزادا نەدەگێڕا. بەهەمان شێوەش لە داهاتووشدا کەمتر رۆڵیان لە فەلسەفەکەیدا هەبوو، بەڵام باروٚخ سپێنۆزا و زۆر لاوی دی پابەند نەبوون پێوەی. زۆربەی خوێندکارە یەهودییەکان، کە هەواداری سەربەخۆیی و ئامانجی ئازادی بیرکردنەوە بووبوون، وردە وردە زانستی دژ بە فەزای گرژ یان پەرەپێدا، کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ خوێندنەوەی کلتوری ئاینی یەهودی. ئەوان بەم ئەنجامە گەیشتبوون، کە پێداویستییە مەعنەوییەکانیان زۆر لەسەرووی پێشبینییەکانی تایفەی سامری کۆچەری سەرەتاییەوەیە(2)، تەوراتیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

پێشەوایانی کۆمەڵگەی یەهودی، ئەو جۆرە رەوەندەیان بەتوندی بەنیگەرانکەر ناوبرد. لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی هۆڵەندا کۆمەڵگەیەکی نەرم و پێکەوە هەڵکردوو بوون. هەڵبەتە تەنیا لە بەراوردکردن بە زەینی زۆرینەی (کو کلۆس کلان)(3) یەکان، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپادا زاڵ و باڵادەست بوو.

یەهودییەکان هێشتا لەمافی بەهاووڵاتی بوون لە هۆڵەندا بەهرەمەند

نەبوون، خستنەژێر پرسیاری بێ پەرواى تەوراتْ لەلایەن یەهودییەکانەوە، ئەم مەترسییەی هەبوو، تا لەلایەن کۆمەڵێکی گەورەتر، کارێکی لەوشێوەیە بەسەر پیرۆزییەکانی مەسیحیشدا گوزارشتی لێبکرێتْ.

لەمڕووەوە کاتێک سپینۆزا دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ئایدیا ناباو و ناسوننەتییەکانی خۆی، رووبەرووی کاردانەوەی توندی پایەبەرزان و پیاوانی ئاینی یەهودی بووەوە. ئەو بڕوای وابوو ئەوکەسانەی، کە پێنج کتێبەکەی تەوراتْ، یان (پێنج کتێبەکەی موسا، کە پێنج کتێبی یەکەمی سەردەمی کۆنی ئینجیل ناودەبرێتْ) نوسیبوو، هەم لەرووی زانستی و هەم لەرووی زانستی کەلام و خوداناسییەوە ساویلکانە بوون. سپینۆزای تەمەن بیستْ و دوو ساڵ، بەمەشەوە نەوەستاو رایگەیاند، کە لە تەوراتدا هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەم بانگەشەیەی، کە دەڵێتْ خودا خاوەن جەستەیە، یان رۆحی لەناو نەچووە، یان فریشتەکان بونیان هەیە، لەبەردەستدا نییە (وا دیارە کێبڕکێی کوشتنی یەعقوب، شتێکی وەکو هێرشی پەرکەم بووە).

سپینۆزا لاوێکی زۆر بەتواناو زیرەک بوو، زۆر ئەستەم بوو لە مشتومڕو وتووێژدا، کەس بتوانێ شانبداتْ لەشانی- لەمڕووەوە کاربەدەستان رێگەی تریان خۆشکرد. لەسەرەتادا ئەوان بۆ بێدەنگکردنی ئەو دەستیان بەهەندێک هەڕەشەکرد، بەڵام کاتێک بینییان سپینۆزا لەوە لاسارترە، کە بەم ئاسانییە گۆڕەپانەکە چۆڵبکاتْ، بۆ رازیکردنی، ساڵانەیەکی بەردەوامی بە بەهای ((1000 فلۆرین)) یان بۆ پێشنیارکرد، تا (لانیکەم بەرووکەش باوەڕو وەفاداری خۆی بۆ کەنیسەی یەهود بپارێزێتْ) دەستْ لە واتەواتی ئاشکرای بیروڕاو باوەڕی خۆی هەڵبگرێتْ. (لەو سەردەمەدا خەرجی خوێندنی ساڵانەی خوێندکارێک بە(2000) فلۆرین دابیندەبوو). بەلەبەرچاوگرتنی کفرکردنی ئاشکراو تۆمەتە قورسەکانی سپینۆزا، دەبێتْ دانیپیابنێین، کە کاربەدەستانی کەنیسە زۆر بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکرد،

بەڵام سپینۆزا خۆی بەدوورگرت لەو دەست کراوەییەی ئەوان، پاشان ئەم بابەتە بۆخۆی بووە هۆکارێک، تا خۆپارێزی قەدیسانەی وەکو نمونەیەکی درەوشاوە لەپێداگری لە رێگەی دەربڕینی راستی لە یادەوریدا بمێنێتەوە، بەڵام سەبارەت بەمە، نابێت سەرزەنشتی کۆمەڵگەی یەهودییەکانی سەدەی هەژدەهەم بکرێت، کە لەم مەسەلەیەدا تێگەیشتنێکی تریان هەبوو. بۆ بێدەنگکردنی سپینۆزا، چی کارێکی تریان لەدەستدەهات؟

شەوێکیان هێشتا سپینۆزا لە کەنیسەی پورتوگالییەکانەوە نەچووبووە دەرەوە، کە پیاوێک خۆی لێنزیک کردەوە. لەوکاتەدا سپینۆزا سەیریکرد پیاوەکە خەنجەرێکی بەدەستەوەیە، بەشارەزایی خۆی لادەدات، سود لە باڵاپۆشەکەی خۆی وەک قەڵغان وەردەگرێت، خەنجەرەکە باڵا پۆشەکەی دەدڕێنێت، بەڵام سپینۆزا لەو قڕانگەیە رزگاری دەبێت. (دەوترێت کە باڵا پۆشەکەی هەمیشە وەک (یادگاری) هەڵدەگرێت).

ئەو پیاوە هێرشبەرەش زیاتر وەک دیندارێکی دەمارگیر باسی لێوەدەکرێت و زۆریش پێدەچێت هەروابووبێت. لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێت ئەویش بە پیاوێکی ئازاو لەخۆبردوو بناسرێت- مەگەرنا ئەوەنییە کەبەم مەبەستە دەستی بۆ ئەو تاوانە بردووە، تا کۆمەڵگە لە هەڕەشەی جدی و مەترسیدار رزگاربکات، کارێک کە بەدڵنیاییەوە دەستگیرکردن و لەسێدارەدانی بەدواوە بوو. وەکو بڵێی بوونە قەدیس و شەهیدبوون هەردووکیان پێویستیان بە لە خۆباییبوون و لوتبەرزی هەبێت.

سپینۆزا وادیارە هەموو ئەمانەی بەناتەواو زانی، نامەیەکی کراوەی بۆ بەرپرسانی رۆحانی کەنیسە، نوسی و تیایدا بەشێوەیەکی تێروتەسەل باسی لە بیرۆکە ناباوەکانی خۆی کرد، لەم نامەیەدا یەک بەدوای یەک، موناقەشەکانی خۆی خستبووە بەردەست، کە بەبەڵگەوە پاڵپشتی بۆ هێنابۆوە و لۆژیکی بوو. ئەو بەڵگانەی کە خۆی باوەڕی پێیانبوو، شایەنی رەتکرنەوە نین.

ئەمجارە کاربەدەستانی کەنیسە (خاخامەکان) تووڕەبوون و بەم ئەنجامە گەیشتن، کە ڕێگەچارەیەکی تریان بۆ نەماوەتەوە: دەبوایە وا پیشانی کۆمەڵگەی مەسیحی هۆڵەندا بدەن، کە سپینۆزا ئیتر هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە. ئەوەندەی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە، ئەوەیە کە سپینۆزا ئیتر یەهودییەکەی جاران نییە. سپینۆزا لەمانگی تەموزی ساڵی(1656) بەپێی سەرجەم داب و نەریتە عیبرییەکان بەکافر لەقەڵەم دراو لە کۆمەڵگەی یەهودی دوورخرایەوە. ئینجا کەڕەنایەک بەدەنگی بەرز لێدرا و کۆمەڵێک مۆمی زۆریش ( کە سەرەتا ڕێوڕەسمەکانی دانیشتنەکەی ڕووناکدەکردەوە) یەک بەدوای یەک کوژانەوەو نەفرەتنامەکە بەدەنگی بەرز خوێنرایەوە: (لەسەر بڕیاری فریشتەکان و دەستوری پیاوانی ئاینی، ئێمە سپینۆزا بەنەفرەت دەکەین و بەبێ بڕوای لەقەڵەمدەدەین. بەنەفرەت بێت لە شەو و ڕۆژدا، لە خەو و بێداریدا، لە چوونە ژوورەوە و چوونە دەرەوەدا. ئاگری رق و تورەیی خوا ناوی لە ئاسماندا بسڕێنەوە، خوا بەهۆی کارە ناشرینەکانییەوە لە هەموو تیرەکانی ئیسرائیل دوریبخاتەوە. نابێت هیچ کەسێک وتووێژی لەگەڵدا بکات، نابێت کەس نامەی بۆ بنێرێت، نابێت کەس خزمەتی بکات، نابێت هیچ کەسێک لەژێر یەک بنمیچدا لەگەڵی دابنیشێت، نابێت هیچ کەسێک خزمەتی بکات، نابێت هیچ کەسێک چوار هەنگاو زیاتر لێی نزیکبێتەوە، نابێت هیچ کەسێک ئەو نوسینەی، کە ئەو نوسیویەتییەوە، یان بەدەستی خۆی نوسیویەتی، بخوێنێتەوە).

بەپێناساندنێکی وا سەیرنییە، کە نوسینەکانی سپینۆزا، بەتامەزرۆییەوە خواستی خوێنەرانی یەهودی و ( نایەهودی)شی لەسەرە.

بەکافر لەقەڵەمدان (لە بواری مافی مەدەنییەوە) بۆ سپینۆزا، کە گەنجێکی تەمەن (23)ساڵان بوو، دەرەنجامێکی خراپی هەبوو. ساڵێک پێشتر باوکی کۆچی دواییکردبوو، بۆیە میراتێکی بۆ بەجێهێشتبوو. لەسەر بنەمای

کلتوری کۆن (کە یەهودی و نایەهودیش ناناسێت!) خزم و کەسەکانی لەسەر ڕاسپاردەی باوکی دەستیانکرد بە شەڕکردن و دژایەتی یەکتر. ئەم مەسەلەیە کاتێک ڕوویدا کە(ڕێبەکا)ی زڕ خوشکی سپینۆزا (بە پشتبەستن بە کافر لەقەڵەمدانی ئەو) لەجێگەی نکوڵیکردنی مافی ئەو لە میراتی باوکی، هەستا و داواکار بوو، کە هەموو میراتەکە بەپێی یاسا هی ئەوە.

سپینۆزا وەک قەدیسێک، پێویستی بەو پارەو سامانە نەبوو، کە پێوەی ماندوو نەبووبوو، بەڵام وەک فەیلەسوفێک بەلایەوە باش نەبوو، کە لە شەڕ و کێشمەکێشێکی لەو چەشنەدا شکستبهێنێت. سپینۆزا لە دادگا سکاڵای تۆمار کرد، پاش ئەوەی هەموو کاتیان بە فیڕۆدا و پارەیەکی زۆریان بەپارێزەرەکاندا، سپینۆزا مافی خۆی لە دادگا سەلماند، ئینجا (بە ئارەزووی خۆی چاوپۆشی لەبەشەکەی خۆی کرد)،  داوای لە خوشکەکەی کرد، کە موڵک و سامانەکەی باوکی بۆخۆی ببات و (تەنیا چرپایەکی بۆخۆی هەڵگرت، کە چواردەورەکەی پەردەی پێوەبوو، تا سنوری تەنیاییەکەی بپارێزێت). سپینۆزا ئێستا کە هەموو نەریتە فەلسەفیەکانی جێبەجێکردبوو، سەیریکرد بەتەواوی لێکەوتووە، لەدوای ڕێوڕەسمی بەکافر زانین، تەنانەت خانویەکی بچوکیشی نییە، تا چرپا دڵخوازەکەی تیا دابنێت!

سپینۆزا بەناچاری بۆ درێــژەدان بەژیانی، چــووە لای هـاوڕێ مەسیحیەکەی، ئافینیسیۆس دەن ئیندین، کە قوتابخانەیەکی تایبەتی لەماڵەکەی خۆیدا دامەزراندبوو. ئەو هاوڕێیەی پێشتر قەشەیەکی یەسوعی بوو، بەڵام ئێستا بووبووە ئازادیخواز. ئەو خوێندنەوەیەکی زۆری، بەتایبەت لەبواری بەرهەمە دێرینەکانی یۆنانی کۆندا هەبوو، جیا لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە، بەخەیاڵی خۆی شاعیر و شانۆنامەنوسیش بوو. کۆلێژی ئافینیۆس وان دین ئیندن ( نزیکی کۆلێژی ئیندی ئەمڕۆ) ناوبانگێکی زۆری هەبوو، وێڕای ئەمەش کاتێک بڵاوبووەوە، کە لەم قوتابخانەیەدا خوێندکاران فێردەبن، تا

بۆخۆیان بیربکەنەوە، زۆرێک لە دایک و باوکان بەدوودڵی و نیگەرانییەوە، دەستی منداڵەکانیان گرت و لە قوتابخانە هێنایانەدەرەوە. بیرکردنەوەی ئازاد بەشێوەی فەرمی و ڕەهایی بەجاڕسکەر دەناسرا، بەڵام بەشێوەی نافەرمی، بەقۆناغێکی تەواو لە سیستمی خوێندن دەژمێردرا، قۆناغێکی کورت، کە دەبوایە خوێندکاران زوو تێپەڕیان بکردایە، هەروەک چۆن ئەمڕۆش دۆخەکە هەر بەم شێوەیە.

سپینۆزا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی، سەرەتا لە قوتابخانەی (وان دن ئیندین) دەستی بە وانەوتنەوە کرد. هەر لەوێش لەو پێگەیەی بەدەستیهێنابوو ئەوپەڕی کەڵکی وەرگرت و لە هەندێک لەوانەکاندا (وەک خوێندکار) بەشداری دەکرد: ئاشنابوونی بە زمانەکانی یۆنانی و لاتینی تەواوکرد و بەخێرایی ماتماتیک فێربوو، لەپاڵ ئەمانەشدا دەستیکرد بە خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفیەکانی ڕێبازی (سکۆلاستیک). هەر لەم کاتەدا دەستیکرد بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بیردۆزەکانی ئەرستۆ، بەپێنوسی بیرمەند و زانای بەناوبانگی جولەکە (موسا کوڕی مەیمون)، (حسدای کرسکاس) کە ئەمڕۆ زۆر پێی ئاشنانین. کرسکاس بڕوای وابوو، کە مادە شتێکی هەتا هەتاییە، هەر لە ئەزەلیشەوە هەبووە، ئەفراندنیش شتێک نەبووە، جگە لە ڕێکوپێککردن و ڕێکخستنی ئەم مادە سەرەتاییە. فەلسەفەکەی خودی سپینۆزاش دواتر بەتوندی چووە ژێر کاریگەری ئەم بیردۆزەوە.

شەوانە (وان دن ئیندن) لەگەڵ سپینۆزا قسەی دەکرد، سەبارەت بە دوانوسینەکانی (دیکارت) کە خەریکبوو شۆڕشێکی لە جیهانی فەلسەفەدا بەرپادەکرد. شیکردنەوە زۆر میکانیکییەکانی دیکارت لە میکانیزمی جیهانی بوون، تێڕوانین و سەرنجی سپێنیۆزای ڕاکێشا و ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەروەردەکردنی بیرکردنەوەیدا بەدیهێنا، ئەگەرچی سپینۆزا زۆر سەرنجی

به لایەنی باوەڕی زەینی (سۆبژیکتۆ) مۆدێرنی فەلسەفەی دیکارتی نەدەدا (بە هەڵکەوتیش هەر ئەم لایەنەی فەلسەفەکەی دیکارت بوو، کە هەستی شۆڕشگێڕانەی پێدەبەخشی). رەنگە هەر لەم سەردەمەدا بووبێت، کە سپینۆزا بە بیروڕاکانی (جۆردانۆ برۆنۆ)ی بیرمەندی مەزن و رەسەن و ئازادی سەدەی شانزەی زاینی ئاشنابوو، خوێندنەوەی بۆ بەرهەمەکانی کرد. ئەو بیردۆزە جوانانەی، کە لە ئاوێنەکردنی زانستی جادوگەری و دوایین دەستکەوتە زانستیەکان بەدەستیهێنابوو، ئەم سەرپشکییەی بۆ (برۆنۆ) بەدیاریهێنا، کە هەم لەلایەن پرۆتستانەکان و هەم لە لایەن کاسولیکەکانەوە دوور خرایەوە و بەکافر لەقەڵەمدرا (کاسولیکەکان یەکسەر کارەکەیان جێبەجێکرد و لەنێو ئاگردا سوتاندیان). سپینۆزا خاڵە تازەو بێ پێشینەکانی ( هەروەها هەندێک سیحرو دۆعاگرتنەوەی گۆڕەپانی شەڕ!) بیروڕاکانی (برۆنۆ)ی لەبەرچاوەنەگرت، بەقازانجی باوەڕە میتافیزیکیەکەی بۆ ناکۆتابوون و یەکێتی بوون (پانتەئیزم)، بنەمایەک کە بەپێی ئەوە، سەرجەم هێماکانی بوون، خاوەن جەوهەر و بنچینەی یەکتایی و خودا لەگەڵ جیهاندا یەک شتن.

سپینۆزا هەنگاو بە هەنگاو، کەرەستە پێکهاتەکانی بۆ لێنانی لەتەباخی ئەقڵیدا کۆکردەوە. لە شیرینی خانە بێوێنەکەی فەلسەفەکەیدا نمایشیکردن: بەرهەمێکی زۆر شیرین، پڕ لەچەندین جۆر گێلاسی فەلسەفی ئارەزووبزوێن و هەندێک خامەی تیۆلۆژی، کە بە توێژێک لە حەریرەی یەکبوون داپۆشراوە لە شێوەیەکی ئەندازەییدا، کە مۆمێکی درەوشاوەی بێوێنەی بوونیش بەسەریەوە داگیرسابوو، ( پاشان تامامان کرد).

بەڵام لەم سەردەمەدا، فەلسەفە تاکە خولیای سپینۆزا نەبوو. دەگێڕنەوە عاشقی (کلارا ماریا) کچەکەی (وان دن ئیدن) بوو بوو. بەپشتبەستن بەو سیما کێشراوانەی سپینۆزا و وەسفەکانی کەسانی تر

لەبارەی ئەوەوە، رەنگە سپینۆزای لاو هێشتا کاتێک گەنج بوو، لەو کاتەدا شێوازی ناسکی سەرنجراکێشانی باشی رەگەزی بەرامبەر فێرنەببوو، بەڵام رەنگە لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا توانیبێتی کاریگەرییەکی لەوشێوەیەی لەسەر کەسێک دانابێت. دەڵێن بەژنێکی مامناوەند و پێستێکی ئەسمەرو قژێکی ڕەشی لولی هەبووە. کەسێک وتویەتی: ((تەنیا بەنیگایەک بەئاسانی دەتزانی، کە لە رەچەڵەکی جولەکەکانی پورتەگالە)). لە شوێنێکی تریشدا بە(سیفاردی مەزن) ناوی دەبەن.

کلارا ماریا وان دەن ئیندن، لە قوتابخانەکەی باوکی سەرقاڵی فێربوونی مۆزیک و ماتماتیک بوو. لەبارەی ئەوەوە وتویانە کە: ((ئەو جوانترین کچی باوکی نەبوو، بەڵام زەوقێکی زۆر ناسکی هەبوو، بە تەنزێکی دۆستانە و گەرم و بەحەوسەڵە بوو)). (دۆخی ئەم حەوسەڵەیە لەچ شێوەیەکدا بوو، دیار نییە). بەداخەوە کلارا عاشقی یەکێک لە خوێندکارە گەنجەکان بوو، بەناوی (دیرەک کرکرینگ) و سەرەنجامیش هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد.

هەندێک کەس لەم گێڕانەوانەدا شک و گومانیان کـردووە، بەم بەڵگەیەی، کە کلارا ماریا لەو سەردەمەدا دوانزە ساڵ زیاتر نەبووە. ئەم بەسەرهاتە چ راست بێت، یان هەڵە، بەدڵنیاییەوە سپینۆزا بەو جۆرەی، کە ژیاننامەنوسانی سەرەتایی، حەزیاندەکرد سەبارەت بەو دادوەری بکەن، گەنجێکی بلیمەت نەبوو، کە ئارەزووە سێکسیەکانی دامرکاوبێت. ئەو تەنیا فەیلەسوفێکی گەورەیە، کە بە نیگایەکی قوڵی دەروناسیانەوە، لەبارەی هەندێک بابەتی وەک عیشق و ئیرەیی سێکسی قسەی کردووە. لەکتێبی (ئاکار)دا دەنوسێت ((هەرچەندە ئەو سۆزەی کەوا بیری لێدەکەینەوە مەعشوق بەرامبەر بە ئێمە هەیەتی، بەهێزتر بێت، بەو رادەیە زیاتریش شانازی بەخۆمانەوە دەکەین)). لە درێـژەی قسەکانیدا جەختدەکاتەوە کە: ((ئەگەر کەسێک وا وێنا بکات، کە خۆشەویستەکەی خۆشەویستی

بۆ کەسێکی دیکە بەهەمان رادە، یان زیاتر لەو خۆشەویستییەی بۆ ئەو هەیەتی، لەم حاڵەتەدا خۆشەویستەکەی بەنەفرەت دەکات، ئیرەیی بەو کەسەش دەبات)). پاشانیش لە درێژەی ئیرەییدا، بەمجۆرە پێناسەی دەکات: کەف و کوڵێک لەناخەوە، کە لە هەستێکی ئاوێتە بە عیشق و نەفرەت و بەزیادکرنی ئیرەییەکی زۆر بۆ کەسی سێیەم سەرچاوەدەگرێت. تێبینیەکانی لەبارەی هەندێک لەم بوارانەدا، نیشانەی ئاشنابوونی قوڵیەتی لەگەڵ ئەو هەستەی کە جێگەی باسە، زۆریش ناماقوڵە، کە ئەم هەموو مەسەلانەش بگەڕێنینەوە بۆ کچێکی دوانزە ساڵان. بۆچی؟ رەنگە وەڵامەکەیمان لە (نامیلکەیەک دەربارەی تێگەیشتن لە چاکسازی)دا دەستبکەوێت. لەوێدا سپینۆزا بەبێ ئەوەی رونکردنەوەی زیاتر بدات، باس لە ئەزمونێکی زۆر ئازاربەخش دەکات، کە ژیانی بۆ هەمیشە گۆڕیوە:((من کەوتبومە نێو گێژاوێکی زۆر مەترسیدارو لەناخی دڵەوە پێویستم بە دۆزینەوەی رێگەچارەو چارەسەرێک بوو، هەرچەند لە ئەنجامی کۆتایی ئەم کنەو پشکنینە دڵنیا نەبووم. وەک پیاوێک وابووم، کە لەسەر تەختی نەخۆشیدا و بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە لە عەزابدا بێت، پیاوێک ئەگەر دەرمانێک نەدۆزێتەوە، بەدڵنیاییەوە دەمرێت.)) ئەمەش بووە سەرەتایەک، تا بە گوڕوتینێکی زیاترەوە عیشق بۆ خودا ئەزموون بکات. ((تەنیا خۆشەویستی بۆ راستییەکی جاویدانی و بێکۆتایی، دەتوانێت خۆراکێکی لەوشێوەیە بۆ رۆح ئامادەبکات، کە لەهەموو جۆرە ئازارو چەرمەسەرییەک بۆ ئاسودەی بکات. وێڕای ئەمە دەبێت بەگڕوتین و هێزێکی تەواوتر بەدوایدا بڕوات)).

(شاعیرانەترین بۆچونی عاریفانە لە فەلسەفەی سپینۆزادا، هەر ئەم عەشقە ژیرانەیەیە بۆ خودا، کە دەبێتە مایەی بەرزی رۆح و پاککردنەوەی ئاکاری). وێڕای ئەمە ئەوەی لەبارەی سپینۆزاوە دەیزانین، زۆر دوور دێتەبەرچاو، کە ئەو لە عیشق بۆ رەگەزی بەرامبەر لەژێر

ناونیشانی ((نەخۆشی کوشندە)) دا باسیکردوە و ((بەوپەڕی هێزو تواناوە)) لێیدورکەوێنەوە و رزگاری بووە، بەڵام هەر جۆرە شیکردنەوەیەکی فرۆیدی، شک و گومانێکی دیکە لەم بارەیەوە، پێویستی بە زانیاری وردتر لەبارەی کەسایەتی و ژیانییەوە هەیە، کە بەداخەوە لەبەردەستماندا نییە.

کاتێکی زۆر لە رووداوی خۆشەویستی سپینۆزا بۆ کلارا تێنەپەڕیبوو، کە کۆلێژی (وان دن ئیندن) بۆ هەمیشە داخرا. بەگوێرەی نەریتی کۆنی بەڕێوەبەرانی خوێندنگە تایبەتییەکان. بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیە لەناکاو بەرەو فەرەنسا رۆیشت و لەوێ ونبوو. لەوێ کۆتاییەکی خەمباری هەبوو، چونکە بۆ دابینکردنی ئارەزووەکەی، کە دابینکردنی سیستمی کۆماری ئامانجگەرا بوو، لە پیلانێکی سەرنەکەوتوودا دژی (لویسی چواردەهەم) پاشای فەرەنسا بەشداریکردو لەبەرچاوی خەڵکدا لە سێدارە درا.

لەساڵانی دەیەی(1650) سپینۆزا بۆ بژێوی ژیانی، رویکردە پیشەی داتاشین و سڕینەوەی شوشە هاوێنەییەکان. لەو سەردەمەدا لە هۆڵەندا داواکارییەکی زۆر هەبوو بۆ ئەم شوشە هاوێنەییانە. بەکارهێنانی سەرەکی ئەو شوشە هاوێنەییانە لە هەندێک میکرۆسکۆپدا بوو، کە بۆ کاری بازرگانی بەربڵاوی ئەڵماس، هەروەها تەلیسکۆپی دەریایی و شوشەی چاویلکەو وردبینەکانی خوێندنەوە بەکاردەهات. (لەو کاتەدا وەک مائۆڕسکیلە (1000) سی سی یەکانی ئەمڕۆ، بە خێرایی شوێنی خۆیان، وەکو بەشێکی جیانەبۆوەی سەرگەرمی و داراییەکانی کەسانی بەساڵاچوو دەکردەوە).

سپینۆزا پاش ئەوەی لە پیشەی فێرکردن و پەروەردە خۆی کەنارگیرکرد، پاشماوەی تەمەنی، بەکاری سافکردنی شوشە هاوێنەییەکانەوە سەرقاڵبوو، دەوترێت کە لەم پیشەیەدا بووە وەستا و هاوێنەکانی خواستێکی زۆریان لەسەربوو. بانگەشەی وەستایی لەم هونەرەدا، رەنگە ئەفسانە بێت، بەڵام ئێمە بەدڵنیاییەوە دەیزانین، کە بانگەشەی دووەمیان راستە، هەڵبەتە

بەجۆرێک کە خودی سپینۆزا لەم کارەدا، هیچ قازانج و داهاتێکی نەبوو. لەسەدەی نۆزدەهەمدا فرۆشتن و هەڕاجکردنی سامانی کەسە بەرجەستەو بەناوبانگەکان، ببووە بازرگانییەکی پڕ برەو. لەم سەردەمەدا کەسێکی خەڵکی ئەمستردام بەناوی (کوزیلیۆس وان هالیوین)، کە کارەکەی مامەڵە و فرۆشتنی شتی کۆن بوو، هاوێنەکانی سپینۆزای لەپێشانگای فرۆشتن نمایشکرد، کۆمەڵێک کڕیاری زۆری بۆ پەیدابوو، کە زۆربەیان ئەو جولەکە دەوڵەمەند و مامۆستا ئەڵمانیانە بوون، کە بۆ هۆڵەندا سەفەریان دەکرد، ئەوانیتریش کۆلێکسیۆن دارەکان بوون.. ئەم هاوێنانە کوالیتییەکی زۆر باشیان نەبوو، بەڵام مەزەندە دەکرێت، کە وان هالیوین سەدان هاوێنەی فرۆشتبێت. هەڵبەت ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە، کە مستەر وان هالیوین بەبێ مەبەست، دەستی گەیشتبێتە ئەمباری هاوێنە ساف نەکراوەکانی سپینۆزا! دەرەنجام سپینۆزا لە گوندێکی چکۆلەی دەرەوەی ئەمستردام نیشتەجێبوو، بەهەندێک کاری جدییەوە خەریکبوو. بەزوویی ئاستی بیرکردنەوە زانستی و فەلسەفیەکەی، کە هەر کامیان بە داهێنانێکی نوێ دەژمێردرا، بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم هاوێنانە دەکرد، کە سافی دەکرد. لەم قۆناغەدا ئەو کەسە دەگمەنانە، کە هاتوچۆیان دەکرد بەناوی رمۆنستوانتەکان (نارازییەکان) (گروپێکی مەسیحی هاوشێوەی مینۆنیتەکان بوون، سەربەخۆیی بیرکردنەوەی ئەم گروپە ئاینییە، لەگەڵ شێوەی سادەو لەخوا ترسانەی ژیان، رەفتاریان ئەم توانایەی بۆ ئەوان بەدیهێنا، تا مەسیحییەکانی تری هۆڵەندا لەدژی خۆیان یەکبخەن.

هەر لەم کاتانەدا بوو، کە سپینۆزا ناوە چکۆلەکەی خۆی (لە بارۆخ کە عیبری بوو)، گۆڕی بۆ بنیدیکت، کە ناوێکی مەسیحیە، وەکو بارۆخ بەمانای موبارەک و پیرۆز دێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی، کە بەڕاستی بووبێتە مەسیحی، لەبەردەستدا نییە.

سەرەنجام سپینۆزا بۆ بژێوی ژیانی لەماڵی نەشتەرگەرێک بەناوی (هیرمەن هۆمان) نیشتەجێ بوو. لەپەیڕەوانی گروپی (ریمۆنسترانت) بوو، لەگوندی (رینسبۆرگ)دا دەژیا. ئەم گوندە لە شوێنێکی دوورەدەست لە کەنار رووباری (راین) و لە دەوروبەری شاری (لیدەن)دا بوو. ئەم خانووە کە ئێستاش هەر ماوە، لە کۆڵانێکی باریک و چۆڵدایە، کە ئێستا بەناوی سپینۆزا بەناوبانگە و بەرامبەر کێڵگەیەکی پەتاتەیە. دەبێت چاوگەی ژوورە چکۆلەکەی سپینۆزا، مەزرا بەربڵاوو کەناڵە ئاوییەکان بووبێت، کە لەژێر ئاسمانی خۆڵەمێشی، تا شوێنە دوورەدەستەکان درێژدەبوونەوە. لەم شوێنەدا بوو، کە سپینۆزا دوو کتێبی نوسی، کە سیستمی فەلسەفەی ئایندەی لەوێدا وەدیهێنا، یەکەم کتێبی شرۆڤەی کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە)ی دیکارت بوو بە میتۆدی هەندەسی. دیکارت لەدوایین ساڵانی تەمەنیدا سەرجەم بیردۆزە فەلسەفی و زانستیەکانی خۆی لەکتێبێکدا بەناوی (بنەماکانی فەلسەفە) کۆکردبۆوە، کە تاڕادەیەک بەربڵاو بوو. مەبەست و ئامانجی سپینۆزا لەکتێبەکەیدا ئەمە بوو، کە بە راڤەی فەلسەفەی دیکارت بۆ زنجیرەیەک لە پێشەکی و بنەمای بابەتی و هەڵهێنجانی هەندێک ئەنجامی گرنگ لێیان، نمونەیەک لە شێوازی ماتماتیک بەدەستەوەبدات، تا راستی و ناڕاستی هەریەک لەوانە، لەیەکەم ڕوانیندا بۆ خوێنەر روونببێتەوە. سپینۆزا بەقووڵی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی دیکارتدا بوو، ئەندێشەیەک، کە زیاد لەهەر ئەندێشەیەکی تری فەلسەفی، چ پێش خۆی و چ دوای خۆی، فەلسەفەی گۆڕی، بەڵام ئەگەر سپینۆزا بیویستایە فەلسەفەیەکی سەربەخۆ و نوێ بنوسێت، درەنگ یان زوو دەبوایە خۆی لە کاریگەرییە زاڵەکانی دیکارت رزگار بکات. سپینۆزا ئەم کارە دژوارەی بە بەرەبەرە کەمکردنەوەی شێوازی رۆشن و روونی دیکارتی بۆ شێوازێکی ساردو بێهەست و سەرنەکەوتوو بەئەنجامگەیاند.

ناونیشانی کتێبێکی تری (نامیلکەیەک دەربارەی خودا، مرۆڤ و بەختەوەری)، (نامیلکەیەکی کورت) بوو، ئەم نامیلکەیە کە بەزمانی هۆڵەندی نوسراوە، هەموو ئەو ئەندێشانە لەخۆدەگرێت، کە دواتر لە سیستمە فەلسەفییە وردەکەیدا (واتە کتێبی ئاکار) خرایەڕوو. بەداخەوە دواتر کاتێک، کە سپینۆزا بڕیاریدا سیستمە فەلسەفییە یەکپارچەو وردەکەی بنوسێت، زمانە ساکارە هۆڵەندییەکەی وەلاناو زمانی لاتینی بۆ ئەم کارە گرنگە هەڵبژارد، ئەوەی بەشێوازێکی ئەندازەیی، کە پێشتر لەبارەی کتێبی دیکارتەوە تاقیکردبووەوە دەربڕی، ئەم کارەش دژوارییەکی زۆری بۆ خوێنەری ئەمڕۆ هێناوەتەپێش و خوێندنەوەی کتێبی (ئاکار)، کە بێگومان گرنگترین و قوڵترین و پڕ واتاترین بەرهەمی سپینۆزایە، تاڕادەیەک زەحمەت بووە. هەموو کتێبەکە بەشێوازی هەندەسەی ئەقیلدۆسی بە پێناسەو بنەمای ناساندن و تێز و بەڵگە جیاکراوەتەوە. واتە بەم شێوەیە:

* راڤەکان:

1- ((کتێب)) ئەو شتەیە، کە ئێوە دەتوانن بیخوێننەوە.

2- ((شێواز)) ئەو شتەیە، کە نوسەر بۆ لایەنی نوسینی کتێبەکەی هەڵیدەبژێرێت.

* بنەماکانی راڤە:

1- ئێمە کتێب دەخوێنینەوە، چونکە دەمانەوێت بزانین نوسەر چ شتێکی بۆ وتن هەیە.

2- شێوازی نوسینی کتێب، رۆڵێکی گرنگی لەخوێندنەوەی کتێبدا هەیە.

* تێز:

ئەم شێوازە شیاوی خوێندنەوە نییە.

* پاژە:

زۆر پێدەچێت زۆربەی خوێنەران لێرەدا وەستاون و بۆ درێژەدان بەخوێندنەوەی ئەم پاژەیە مل نادەن (سەیری بنەمای روونی یەکەم بکەن)، ئەگەر تا ئێرەشتان خوێندووەتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر من هەر بەم شێوازە درێژە بەنوسین بدەم، ئێوەش لەمە زیاتر نارۆنە پێشەوە، (سەیری بنەمای روونی دووەم بکەن)، لە ئەنجامدا ئەم شێوازی نوسینە شیاوی خوێندنەوە نییە، ئەوەی خوازراوە (هەرئەوەیە، کە دەبێت بسەلمێنرێت).

هەر بەم شێوازەش زیاتر لە دوسەد لاپەڕە لەکتێبی ((ئاکار)) نوسراوە، تەنانەت ئەو پڕ خوێنەرترین رۆمانەکانیش بەوجۆرە شێوازەی نوسین، خوێنەرانیان لەدەستدەدەن، کەواتە نابێت سەرمان بسوڕمێت لەوەی، کە رێژەیەکی کەمی خوێنەر توانییان کتێبی ((ئاکار)) تا کۆتایی بخوێننەوە (بۆنمونە لەبەشی پێنجەم. تێزی سیازدەهەم، وێڕای بەڵگەکەی پێنج جار دەگەڕێنەوە بۆ ئەو تێزانەی، پێشتر رونکراونەتەوە، جارێک بۆ یەک پێناسە و دوو جاریش بۆ دوو بەڵگەی پێشوو. بەمجۆرە بابەتەکە رووندەبێتەوە!). یەکێک لەو کەسانەی، کە توانی کتێبی ئەخلاق، تا کۆتایی بخوێنێتەوە (لایبنیتز) بوو. ئەو خوازیار بوو لەگەڵ ئەوەی سیستمی فەلسەفی سپینۆزا لە یەکپارچەییدا خاوەن گونجاوی و یەکگرتووییە، بەڵام هەموو بەڵگەکانی بەپێی پێویستی بە دیقەت و دڕدۆنگیی ماتماتیکییەوە بێ ئەنجامن. لەمڕووەوە رەنگە بەچەندین وەرچەرخانی چاوەڕواننەکراو رووبەرووی خستنەڕووی گشتی فەلسەفەکەی ببینەوە، تەنیا دەبێت بزانین، کە لەکوێ بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێین.

بەڵام بەوردی ئەم گەڵاڵە گشتییە چییە؟ سپینۆزا بەهەشت راڤەی سەرەکی دەستپێدەکات، ئەم راڤەکردنانە بەگریمانە سەرەتاییەکانی ئەو لەبارەی جیهان و فەلسەفەکەیەوە دەژمێردرێن، ئەوانەش بریتین لە:

1- هۆکاری خود.
2- کۆتا لە جۆری خۆیدا.
3- جەوهەر.
4- خەسڵەت.
5- دۆخ.
6- خودا.
7- ئازاد.
8- هەتا هەتایی.

بەو جۆرە، کە لە راڤەکردنەکانی لای سەرەوەدا دەردەکەوێت، سپینۆزا لێڕوانینێکی زۆر ئەبستراکتیانە و لە هەمانکاتدا ئەقڵانیانەی بۆ جیهان و بوون هەیە. ئەم مەسەلەیە کاتێک روونتر دەبێتەوە، کە چاوپیاخشاندنێکی خێرامان لەسەر خودی ئەم راڤانە هەبێت.

- من شتێک بە خودی (هۆکار) دەزانم، کە جەوهەرەکەی پێویستی بەبوونی هەبێت، یان ئەوەی کە دەتوانرێت سروشتەکەی تەنیا وەک هاتنەبوون وێنابکرێت.

- شتێک (کۆتایی هاتوو لەجۆری خۆیدا)یە، ئەگەر ئەم ئەگەرە لەئارادابێت، کە لەگەڵ شتێکی دیکە لە جۆری خۆیدا سنورداربکرێت، بۆنمونە: جەستەیەک بەکۆتا ناودەبەین، چونکە هەمیشە دەتوانین جەستەیەکی دیکەی گەورەتر لەوە وێنابکەین، بەهەمان شێوە بیرێک لەگەڵ بیرێکی دیکەدا سنوردار دەبێت، بەڵام ناکرێت جەستەیەک لەگەڵ بیرێکدا، یان بیرێک لەگەڵ جەستەیەکدا سنوردار بکرێت.

لەدرێژەی ئەم راڤانەدا سپینۆزا دوو چەمکی تر پێناسە دەکات، کە هەردووکیان رۆڵێکی بنچینەیی لە سیستەمە فەلسەفییەکەیدا دەگێڕن: خودا و هەتاهەتایی.

-مەبەستم لە خـودا بونەوەرێکی رەهـای ناکۆتایە، واتـە ئەو جەوهەرەی، کە خاوەن خەسڵەتی ناکۆتایە، هەر خەسڵەتێکیش دەربڕی خودی هەتاهەتایی و ناکۆتایە.

-مەبەستی من لە (هەتاهەتایی) بوون، خودی هاتنە بوونە، چونکە وا وێناکراوە وەک پێویستییەک لەشتە هەتاهەتاییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

((شـرۆڤـە: لەبەرئەوەی بـوون وەکـو وێنابێت لەوشوێنەی، کە خود شتێکی سەرمەدییە، راستییەکی هەتاهەتاییە، بەڵام ناکرێت بەهۆی دیمومیت، یان زەمەنەوە روونبکرێتەوە، ئەگەرچی رەنگە دیمۆمیت بەبێ دەستپێک و ئەنجام وێنابکرێت.

ئەگەر راڤەیەکی لەوجۆرەمان لەبەردەستدابێت، هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لەشێوازی بەڵگەی ئەقلیدۆسی، سپینۆزا سەرکەوتوو دەبێت لە بەڕێوەبردنی سیستمی فەلسەفی، کە سەرجەم جیهانی بوون لەخۆبگرێت، لە هەمانکاتدا پێویست و دێتێرمینیست و شیاوی رەتکردنەوە نییە، هەموو لایەن و تایبەتمەندییەکانی بوون لۆژیکیانە پێویست و ناچارن، هەموو ئەگەرێکی پێک ناکۆکی لۆژیکی، بەپێی پێویست دەبێت بوونیان هەبێت. (فیزیکی مۆدێرنی ئەمڕۆ دەریخستووە، کە سیستەمە لەخۆگرە لێکدژ و نەگونجاوەکانی لۆژیکیش دەتوانن بوونیان هەبێت - هەروەک لە بیردۆزی کوانتۆمی رووناکیدا دەیبینین- وێڕای ئەمە جیهانی سپینۆزا، ئەگەر ببوایە، ئەمڕۆ لە تاریکیدا بەسەرماندەبرد).

جیهانی سپینۆزا جیهانێکە، کە تیایدا رەسەنایەتی لەگەڵ یەکێتی بووندایە- واتە جیهان هەر خوایەو بەپێچەوانەوەشەوە، سپینۆزا ئەم بیرو هەڵێنجانەی ناودەبات بە (خودا - یان سروشت) و ئەوەش تەنیا گەوهەر بە گونجاو دەزانێت. ئەم گەوهەرە خاوەن خەسڵەتی بێکۆتاییە، بەڵام ئێمە تەنیا پەی بە دوو خەسڵەت بەرین: خەسڵەتی بیرکردنەوە و خەسڵەتی

درێژبوونەوە. جیهانێک کە ئێمە تیایدا دەژین، هەر لەم دوو خەسڵەتە پێکهاتووە، وەک جیهانێکی دوو رەهەندی، ئیتر رێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە، تا شتێک لە بارەی بێکۆتایی بوونی رەهەندەکانی تر (لێدەرکردنی دوو خەسڵەتی باسکراو) بزانین.

سپینۆزا توانی بەسەر یەکێک لەکێشە چارەسەرنەکراوەکانی (دیکارت) دا زاڵبێت، ئەوەش ئەوە بوو، کە چۆن دەروون ( کە بەئەقڵانییەتەوە کاردەکات) کاریگەری لەسەر جەستە دادەنێت؟ (کە بەپێی بنەما میکانیکییەکان کاردەکات) بەگوێرەی بۆچوونی سپینۆزا: ((دەروون و جەستە یەک شتن، کە هەندێکجار بەخەسڵەتی بیر و هەندێکجار بە خەسڵەتی بەردەوامی دێنەبەرچاو))، کەواتە دەروون و جەستە دوو لایەنی جیاوازی یەک شتن، یان بەواتایەکی تر، جەوهەری بیرکردنەوە و جەوهەری درێژەپێدانی یەک شتن، واتە هەر ((خوا یان سروشت))ە، کە ئێستا تەنها بەدوو خەسڵەت لە وەسفە بێشومارەکانی، وێناکراوە و بۆتە شیاوی تێگەیشتن.

لەگەڵ ئەوەی کە تێگەیشتنمان سنوردارە، بە تەنیا دوو خەسڵەت لە وەسفە بێکۆتاکانی خودا، بەڵام هەردووکیان لەگەڵ لۆژیکی گشتی بوون، هاوڕەنگ و گونجاون. ((سیستەم و پەیوەندی وێناکردنەکان، هەروەک سیستەم و پەیوەندی شتەکانە)).

پەیوەندییە یەک لە دوایەکەکانی هۆ و بەرهۆ، دەگەڕێنەوە بۆ پتەوی و نەگەڕانەوەی خودی پرۆسەی ئەقڵ و بەڵگاندن. وێڕای ئەمە، لە پانتایی بێسنوری جیهانی ناکۆتای سپینۆزادا، هۆ و بەرهۆ بۆخۆی بەشێکە لە پێویستییەکی لۆژیکی گەورەتر. چۆنیەتی کارابوونی جیهانی درێژەپێدراومان، لەرووی لۆژیکێکی بێگەردەوە دیاریکراوە و زنجیرەی هۆ و بەرهۆ تیایدا لۆژیکی پێویست، نەگەڕاوە، بێ چەندوچوونە (لەم بارەیەشەوە هیچ جیاوازییەک، یان رێکخستن و پەیوەندییەکی لۆژیکی نییە، کە لە زەیندا

بەرجەستەدەبێت). هەر بەم شێوازەشە، کە ئامادەگی و بوونی شتە بێکۆتاکان بەپێی پێویست لە جەوهەری ناکۆتای (خودا)وە سەرچاوەدەگرن، لەهەمانکاتدا بەشێکن لە ((خوا یان سروشت)).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، رەنگە پرسیارێکی زیادەبێت، کە بپرسین: ئێمە چۆن دەزانین، کە خودا بوونی هەیە؟ جیهانێک بهێنینە بەرچاوی خۆمان، کە تیایدا خودا بوونی نییە. بەبێ ئەم پاڵپشتە، ئێمە لە جیهانێکی خاڵی لە جەوهەری متافیزیکی دەژین، جیهانێک، کە بەبێ هیچ مەبەستێکی تایبەت، تەنها لەدۆخی گۆڕانکاریدایە. زۆربەمان ئەمڕۆکە دەتوانین بە پەیڕەویکردن لە گریمانەیەکی لەوجۆرە بژین، بەڵام سپینۆزا نەیدەتوانی. بۆ ئەو پێویستبوو، کە بوونی چەمکی ((خودا، یان سروشت)) بسەلمێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی هەڵبژارد، کە نیشانەیەکی دیاری هەڵوێستی ئەو لەنێوان پچڕاندنی ئاسۆی زنجیرە ریزبەندییەکانی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست (چاخی باوەڕ) لەلایەکەوە، عەقڵانیەت مەداری لەدۆخی لەدایکبوونی چاخی ئەقڵە.

ئارگۆمێنتی ئۆنتۆلۆژی ((بونگەرایی)) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شێوازێکی باشی زۆربەی ئەهلی فکر بوو، بۆ سەلماندنی بوونی خودا. راڤەکردنەکەی بە کورتی بەمشێوەیەیە کە: وێناکردنی خودا مەزنترین و گەورەترین وێنایە، کە دەشێت لە زەینی مرۆڤدا بەرجەستەبێت. خەسڵەتی بوونی تێدا نەبێت، ئەوکاتە پێویستە وێنایەکی مەزنترو گەورەتر، هاوشان و هاوتەریبی ئەو بوونی هەبووبێت، کە بەدەر لە هەموو خەسڵەتەکانی، خەسڵەتی ((بوون))یشی تێدابێت. وێـڕای ئەمە پێویستە گەورەترین وێناکردنەکان بوونیان هەبێت، چونکە بەدەرلەمە وێناکردنێکی مەزنتر بوونی دەبێت، ئەوەی خوازراوە خودا بوونی هەیە. سپینۆزا بە چەندین شێوازی هەمەجۆر، کەڵک لەم ئارگۆمێنتە وەردەگرێت، سەبارەت بە

چەمکی خەسڵەتی جەوهەری ناکۆتا، یان هەمان ((خودا، یان سروشت)). سەرەتا باسی جەوهەر دەکات: (( بەم پێیە، ئەگەر کەسێک بڵێت ئەو وێنایەکی روون و جیاواز - بەواتایەکی تر راستەقینەی- بۆ جەوهەر هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەرامبەر بە بوونی ئەم جەوهەرە گومانی هەیە، رێک وەک ئەوە وایە بڵێت وێنایەکی راستی هەیە، بەڵام گومانی هەیە، کە ناڕاست بێت))، پاشان دەڵێت: ((لەو شوێنەی کە هەبوون و بوون بەندە بە سروشتی (خود) جەوهەرەوە، ناچاردەبێت راڤەی جەوهەر واتای بوون لەخۆبگرێت، کەواتە بە تەواوی دەکرێت ئەنجام لە راڤەی جەوهەر وەربگرین. ئایا هەموو ئەمانە تەنیا هەڵەوێژی سەدەکانی ناوەڕاستە؟ ئەو کەسانەی رەخنەدەگرن، پێویستە سەرنجی ئەوەبدەن، کە تەنانەت ئەمڕۆش ئەم ئاڕاستەیە بەشێک لە بیرکردنەوەی مۆدێرن پێکدەهێنێت. زانایان و بیرمەندانی هاوچەرخیش کەڵک لە بەڵگەهێنانەوەیەکی هاوشێوە وەردەگرن بۆ دەربڕینی هەندێک چەمکی بنچینەیی، وەک بوونی تەقینەوەی سەرەتایی و (بیردۆزی یەکەی جیهانگیری)، تەنانەت کەسایەتییەکی زانستی بەناوبانگی وەک ستیڤێن هاوکینگیش، کەڵک لە ئارگۆمێنتێکی لەم شێوەیە وەردەگرێت: ((ئایا بیردۆزێکی یەکپارچە لەو جۆرە ناچارییەی تێدایە، کە هۆکارەکانی بوونی خۆی فەراهەمبکات؟)) باسێکی لەم چەشنە ناچار بەم دەرەنجامە کۆتایی پێدێت کە: جیهان تەنها دەیتوانی هەر ئەوە  بێت، کە ئێستا هەیە و دەبوایە بخوڵقایە، چونکە هیچ جیهانێکی تر نەبوو. ئەم باسە میتافیزیکییە بەتەواوی بەگوێی سپینۆزا ئاشنابوو، چونکە چەمکی (خودا، یان سروشت) ەکەی سپینۆزا، وەکو باڵاترین و باشترین بیردۆزی ئەقلیدۆسی (لە باسی پەیوەست بە تەقینەوەی سەرەتاییدا) وەلانرابێت، بەڵام جوانی  وەسف نەکراوی ((سیستمی متافیزیکی سپینۆزا) نکوڵی لێناکرێت.

هەرچەندە دەربڕینەکانی سپینۆزا، هەمووی بەڵگەیی و ئارگۆمێنتە، بەڵکو هەندەسی و دەرەنجام وشکە، سیستمی میتافیزیکی لێوانلێوە لەلایەنی بیرکردنەوەی قوڵی شاعیرانە. رەنگە لێرەدا ئاماژەکردن بە چەند نمونەیەک بەس بێت: ئامانجی مرۆڤی ژیر، دەبێت هەوڵبدات جیهان بەو شێوەیە ببینێت، کە خودا ئەو ((لە رووی هەتاهەتاییەوە)) یان ((لە روانگەی هەمیشەییەوە)) دەبینێت. جەستەی هەموو مرۆڤێک بەشێکە لە جەستەی خودا، کەواتە ئەوکاتانەی کەسێک ئازار دەدەیـن، لەراستیدا خۆمانمان ئازارداوە. بەختەوەری و خۆشبەختی هەریەک لە ئێمە بەندە بە بەختەوەری و خۆشبەختی هەموانەوە. ئێمە ناتوانین جیهانی بوون بە ئاماژە بەشتێکی دیکە-تەنانەت خودا، روونبکەینەوە، چونکە جیهانی بوون، هەر خودایە. وێڕای ئەمە واتایەک لە جیهانی  بووندا نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆی واتای خۆی دەگەیەنێت.

زۆربەی بیروڕاکانی سپینۆزا، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی، کە نە بڕوایان بە بوونی خودا هەیە، نە بڕواشیان بە گشتگیری سیستمە فەلسەفیەکەی هەیە، شتێکی رووناکی بەخشە و دەنگدانەوە و رەنگدانەوەیەکی قووڵ لە ناخیاندا هەیە. لەم بارەیەوە بۆچوونی لەبارەی سۆزدارییەوە نمونەیەکی روون و ئاشکرایە. بەپێچەوانەی زۆربەی بۆچوونە فەلسەفییەکانی بەر لە سەدەی بیستەمی زایینی، بۆچوونەکانی سپینۆزا هیچ کێماسییەکی لە بەراوردکردن بە بیردۆزە نوێیە دەرونناسیەکاندا نییە. ((ئـارەزوو)) وەک ((جەوهەری سەرەکی مرۆڤ)) راڤەدەکرێت و چێژ بریتییە لە گواستنەوە لە دۆخی کامڵبوزنی کەمتر، بۆ دۆخی کامڵبوونی زیاتر))، هەروەها پێچەوانەکەشی دەبێتە رەنج. لە درێژەی ئەم بابەتەدا سپینۆزا دەڵێت: ((سەرسوڕمان واتە بیرکردنەوە لەبارەی شتێک، کە زەین تەرکیز دەکاتە سەری، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە، هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ هیچ بیرکردنەوەیەکی

دیکەدا نییە.)) تێڕامان لەم رستانە، بۆچونە نەمرەکەی (ئەفلاتوون)مان بیردێنێتەوە کە: ((فەلسەفە بەسەرسوڕمانەوە دەستپێدەکات.)) زۆر کێشە نابێت کە لە خەیاڵماندا سپینۆزا بهێنینە بەرچاومان، کە نقومی واقوڕمانێکی ناکۆتایی سەرقاڵبوونی دۆزینەوەیە لەگەڵ خودای خۆیدا، خودایەک کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نییە، چونکە خۆی هەموو شتێکە، بەڵام وادیارە کە راڤەکانی سپینۆزا لەبارەی خۆشەویستی وەک ((چێژێک، کە دوای وێناکردنی هۆکارێکی دەرەکی بەدەستدێت))، لەگەڵ راڤەی ئەو لە خۆشەویستی ئەقڵانی بۆ خودا، یەکنەگرێتەوە. لەروانگەی سپینۆزاوە (هەروەها لە روانگەی دەروونناسی هاوچەرخیشەوە)، ئەگەر خوداو سروشت یەک شت بن، ئەوسا لە خۆشەویستی ئەقڵانی بۆخودا دەبێت توخمێک لە خۆشەویستی بۆ خودیش لە ئارادابێت. ئەم توخمەش هۆکاری دەرەکی نابێت. سپینۆزا بۆ بەرگریکردن لەخۆی دەڵێت: ((خۆشەویستی ئەقڵانی ناخی بۆ خودا، بەشێکە لە خۆشەویستی ناکۆتا، کە خودا پێی دەشنێتەوە))، بەڵام وادیارە، ئەمەش بۆخۆی تەنها پێداگرییەک بێت لەسەر کەموکوڕی بەڵگەهێنانەوەی سپینۆزا.

سەرەڕای هەندێ لێکدژی لەمجۆرە، بۆچونی سپینۆزا بۆ کاری ((سەلماندن)) درێژە بە چەندین واتای قوڵی دیکە دەدات. ((هیچ ئومێدێک بەبێ ترس و هیچ ترسێک بەبێ ئومێد نییە.)) سەرچاوەی دڵنیایی و بێهیوایی بە: ((وێنای خەیاڵی شتێک لە ئایندە یان رابردوو، کە گومانی لەسەر لابراوە)) دەزانێت.(4)

بەڵام هەمان مەسەلە گومان، یان (هەڵە) نیشاندەری کەموکوڕییەکی جدییە لە فەلسەفەی سپینۆزادا. ئەو خۆی هیچ شک و گومانێکی لەسەر راستی و مسۆگەربوونی فەلسەفەکەی نەبوو: ((من نازانم ئایا فەلسەفەکەی من لەباشترین فەلسەفەکانە، یان نا، بەڵام بۆخۆم ئەوە بە ڕاست و رەوا دەزانم و

دڵنیاییم بۆ ڕاستییەکەی بەهەمان ئەو ڕادەیەی، کە ئێوە دڵنیان  کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک یەکسانە بە (180) پلە (ئەوەندەی دوو گۆشەی وەستاو)). ڕوانگەی سپینۆزا لەبارەی گومان و هەڵەوە، ڕوانگەیەکی نوێ ئەفلاتوونی بوو- واتە سود لە لەدەستدان، یان ناتەواوی سروشتی لە تێگەیشتنمان لە ڕاستییەوە وەردەگرێت، بە واتایەکی تر، لەو شوێنەی کە گومان و هەڵە، جگە لە شتێکی ناکامڵ و پێنەگەیشتوی دەرککردنمان بە هەقیقەت (کە تەنیا واقعیەت هەیە) هیچی تر نین، لە ڕاستیدا ناڕاستن. ئەم بۆچونەشی وەکو بۆچونێکی پەیوەست بە مسۆگەربوونی ئەندازەی فەلسەفەکەی ئەوەندە تەواو نایەتەبەرچاو. (هەرچەندە ئەو نەیتوانی ئەمە بزانێت، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ دەزانین، کە لە ئەندازەی نائوقلیدۆسی هێڵە چەماوەکان، کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک یەکسان نییە بە دوو گۆشەی وەستاو.).

بەگوێرەی بیروڕای سپینۆزا: ((یەکەمین و تاکە بنەمای سەرڤانی هیچ نییە، جگەلە کۆشش بۆ پاراستنی دەروون))، بەڵام ئەگەر پاراستنی دەروون سەرەتاییە، کەواتە دۆخی زۆر واقیعی خۆکوشتن، چۆن ڕوونبکەینەوە؟ لەمبارەیەوە سپینۆزا دەڵێت: ((ڕەنگە هەندێک هۆکاری دەرەکـی و نهێنی... ئەوەندە کاریگەری لەسەر جەستە دابنێن، کە ببنەهۆی ئەوەی جەستە سروشتێکی  پێچەوانەی سروشتی خۆی بدۆزێنەوە)). بەواتایەکی تر، خۆکوشتنی جەستەیی کارێکی نامرۆڤانەیە و ئەو کەسەی هەوڵی خۆکوشتن دەدات، ڕەفتارێکی جیاوازی لە مرۆڤەکانی دیکە هەیە. ئەم بۆچونەش وەکو تیۆری پەیوەست بە گومان و هەڵە زۆر ڕاست نایەتە بەرچاو، بەڵام هەموو ئەمانەش، هەندێ هەڵەی کەمن لە بینای شکۆداری بیر و ڕۆشنگەریدا. لە ڕاستیدا جوانناسی و وردبینی بیروڕاکانی سپینۆزا (هەروەها نەبوونی هەڵەو سەهوی سەرەکی تیایدا) کاتێک بە لوتکە دەگات، کە بیرمان بێنەوە ئەو کەڵکوەرگرتن لە شێوازی ئەندازەیی بەشیاو دەزانی لەبارەی هەمووشتێک و

له هەموو شوێنێکدا:(من لەبارەی هۆکارو دۆخی مرۆییەوە وا دەنوسم، کە وەکو بڵێی سەروکارم لەگەڵا هێڵ و ئاست و قەبارە هەیە.))

ئەم شێوازە دەتوانرێت بە ئەنجامی ئەو سروشتە خۆپەسەندەی ئەو و دوورەپەرێزبوونی لەدنیایەک بزانرێت، کە ئێمەی مرۆڤە گچکەترەکان تیایدا دەژین. یەکێک لە هاوسەردەمەکانی دەنوسێت:((پێدەچێت سپینۆزا لە دنیای دەرونی خۆیدا ژیابێت، هەمیشە بیری لەخۆی کردبێتەوە و لەبەرخۆیەوە قسەیکردبێت، وەکو بڵێی تەنیا نقومی بیرکردنەوەکانی خۆی بوبێت. لە راستیدا هەندێکجار بووە بە سێ مانگ لە ماڵەوە دانیشتوەو نەهاتۆتە دەرەوە)). (هەرکەسێک زستانە خۆڵەمێشی و بەستەڵەک و ژاکاوەکانی هۆڵەندای وەکو خۆی ئەزموونکردبێت، یان لە نزیکەوە تابلۆی رووبار و جۆگە بەستووەکانی شێوەکارانی هۆڵەندای سەدەی بیستەمی بینیبێت، رەنگە گۆشەگیری سپینۆزای زۆر بە لاوە سەیر نەبێت. سپینۆزا سەرگەرمی و کات بەسەربردنی زۆری نەبوو، بەدەر لە سەرقاڵبونی هەموو کاتەکانی، بەڵام هەر ئەم تۆزە سەرگەرمییەش، بۆخۆی پەردە لەسەر هەندێ گۆشەی تایبەت بە رۆح و دەرونی لادەدات. بەوتەی یەکێک لە ژیاننامەنوسانی سەردەمەکەی ((سپینۆزا زۆربەی کات سەرگەرمی ئەوەبووە، جاڵجاڵۆکەی کۆکردۆتەوە و بەگژ یەکتریدا کردوون)) یان ((مێشی دەگرت و دەیخستە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەیەک، پاشان بە زەرەبین سەیری دەکرد، کە چۆن پەلەقاژەیەتی و ناتوانێت رزگاری ببێت، تەنانەت هەندێکجار بە دەنگی بەرز پێدەکەنی)). سپینۆزا لە نامەکەیدا بۆ هاورێیەکی دەنوسێت، ((هەموو ئەو شتانەی ئێمەی مرۆڤ لەبارەی خۆمانەوە لێی بێزارین و لەلامان قێزەونە، لەنێو ئاژەڵاندا بە ستایش و واقورمان، تەنانەت حەزەوە لێیان دەروانین)). وادیارە ژیری و وردبینی ئەو دەربارەی سروشتی مرۆیی، تەنها سنوردار بوو بە فەلسەفەکەی و هیچی تر!

فەلسەفە بۆخۆی بەپێچەوانەی بنچینە زمانەوانییەکەی، ئەوەندەش لەبەندی خۆشەویسنیدا نییە بۆ ژیری. فەلسەفە دۆخێکی زۆر جدییە و پێویستە وەکو کارە جدییەکانی تر، رووبەرووی نەیارو دوژمن ببێتەوە. کاتێک سپینۆزا سیستمە فەلسەفیەکەی خستەڕوو، زۆربەی فەیلەسوفەکان لە مەسەلەکە تێگەیشتن و تەمێ بوون، بە وتە بەناوبانگەکە دەمکوتکران. بە داخەوە سەرجەم تەلاری سیستمی فەلسەفەی سپینۆزا لەسەر بنەمای ئەو، راڤە سەرەتاییانە بنیاتنراوە و پایەداری، یان روخانی سەرلەبەری بەستراوەتەوە بە دروستی ئەم پێشەکییانەوە. ئەگەر کەسێک سەرکەوتوبێت، تا راڤەی سپینۆزا بۆ جەوهەر بخاتە کێشەوبەرەوە، ئیتر کارەکە تەواوە. ئەگەر ئەو راڤەیەش لە جەوهەر نەبێت، جیهانی بوون لەکاردا نییە، کەواتە بابزانین سپینۆزا چۆن راڤەی جەوهەر دەکات.

راڤـە: مەبەستی من لە جەوهەر (سوبستانت) ئەو شتەیە، کە لەخۆیدایە و تەنها لەرێگای خۆیەوە بەردەستدەبێت، بەواتایەکی تر وێناکردنی پەیوەست نییە لەسەر وێنای شتێکی تر، کە لەوە دروستکرابێت.))

ئەم چاوەڕوانییەی، کە ئیتر فەیلەسوفەکان، تەنانەت ئەوجۆرە راڤە سادە و سەرەتاییانەی سپینۆزا بەگشتی پەسەندبکەن، بەڵام دۆخەکان ئەوکاتە دژوارتر بوون، کە زاناو وتاربێژانی ئاینیش چوونە ریزی خوێنەرانی کتێبی ئەخلاقەوە. ئەگەر خوا تەنها هەر ئەم جیهانی بوونە، یان ئەو یاسا جەبری و پێشتر دیاریکراوانە بێت، ئەوکاتە بەرزی و زاتی شکۆمەندی دەچووە ژێر پرسیارەوە، هەروەها ئەم بڕوایە لە واقیعدا، نکوڵیکەری تایبەتمەندییە کەسیەکانی خودا دەبوو (وەکو تورەییە بەناوبانگی خودا، کە لە تەوراتدا هاتووە)، هەروەها نکوڵیکەری ئیرادەی ئازادی خودا بوو، کە بە دڵی خۆی دەستبەرێت بۆ ئەو یاسایانەی، کە خۆی داینان، وەکو: (یاسا سروشتی و زانستییەکان و هتد) یان سەرپێچییان لێبکات، یان لە بیروڕای خۆی پاشگەز

بێنەوە (وەکو پەرجۆ و کارە خوداییەکان). بە گوێرەی تێگەیشتنی سپینۆزا، ئێمە دەتوانین بەهەر رادەیەک بمانەوێت خۆشەویستی بۆ خودا دەربڕین، بەڵام هیچ رێگایەک نییە، کە خودا ئەم خۆشەویستیەمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەم بۆچوونە، هەستی زۆربەی خەڵکی بەقوڵی برینداركرد، هەستیانكرد لەم جیهانەدا ئیتر پشتیوانێکیان نییە و ژیانی ئاینیشیان، سەرەنجام بەبێ پاداشت دەمێنێتەوە. سپینۆزا بە بەپیرۆز زانینی هەمووشتێک، تۆزێکی مابوو هەراوهوریایەکی زۆر ناپیرۆز بەرپابکات.

خۆشبەختانە لەکاتی خۆیدا ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بوو وە کتێبی (ئاکار)ەکەی، پاش مردنی بەچاپگەیەنرا. کتێبەکە لە سەردەمی ژیانیدا بە نهێنی لە نێو هاوڕێ و هاوبیرانی فەیلەسوف و دۆستانی فەلسەفەدا دەستبەدەست دەگەڕا. یەکێک لە هاوڕێکانی کە ئەویش لە شاری (رینسبۆرگ) دا دەژیا، بە هوشیارییەوە نەجوڵایەوە و دەرئەنجام ئەو کارەشی، بووە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سپینۆزا. کاتێک (ئادریەن کوارباخ) کتێبی (روناکی لە شوێنە تاریکەکان)ی بەچاپگەیاند، کە دژ بە ئاینزای سەردەمی خۆی و شێوازە دەرمانییە باوەکان دەوەستایەوە، بانگهێشتی دادگا کرا. دادوەر داوای لە دادگا کردبوو، کە سەرجەم دارایی و سامانەکەی دەستی بەسەردا بگیردرێت، پەنجە گەورەی دەستی راستی بقرتێت. زمانی بە ئاسنی هاوجۆش کون بکرێت و بۆ ماوەی سی ساڵیش لە زینداندا بمێنێتەوە. لەو روەوە بە دڵنیاییەوە (کوارباخ) لەدوای بیستنی بڕیاری کۆتایی هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵکێشا، کە ئەویان تەنیا بەپێ بژاردنی بڕی (6000) فلۆرین و (10) ساڵ زیندان و دورخستنەوە و کارکردنی زۆرەملێ مەحکوم کرد! ئەم رووداوە نیشانەیەکی قوڵی مەترسیدار بوو، کە هەڕەشەی لە بیرمەندان دەکرد، تەنانەت لە وڵاتی هۆڵەندای لیبڕاڵ (کە نەرمی نواندنی ئاکاری ئەو نەک تەنیا لە ئەوروپادا، بەڵکو لەسەراپای جیهانی ئەو سەردەمەدا نمونەی

نەبوو) لە کاتی دادگایدا بە ئاشکرا پرسیار لە (ئادریەن کوارباخ) کرابوو، کە ئایا بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری سپینۆزای لەسەر نەبووە- ئەو تۆمەتەی، کە ئەو لە دادگا رەتیکردەوە. بەهەرحاڵ ئەم رووداوە سپینۆزای ئاگادار کردەوە، کە (با) لەکام لاوە هەڵدەکات.

لە ساڵی (1663)دا سپینۆزا شوێنی خۆی گواستەوە بۆ شاری (وربۆرگ) ی دەوروپشتی لاهای و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ ژیا. لە نامەیەکیدا، کە چەند ساڵ دواتر نوسی. تەنیا نمونەیەکی تیا بەدیدەکەین، کە تیایدا راستەوخۆ ئاماژەی بەخۆی داوە. (هەندێ ئاماژەی تر، کە لەبارەی رەفتاری قالۆنچەئاسای مرۆڤەکانەوە دەیڵێت، یان ئەوەی کە لەبارەی پشێوی و مەینەتی سەرچاوەگرتووی ئیرەیی، دەینوسێت، هەڵبەتە ئاماژەیەکی راستەوخۆ نین بۆخۆی! ئەمانە هەموو فەلسەفە بوون، یان باشتر وایە بڵێین هەندێ قسەی زانایانەی، کە فەیلەسوفەکەمان لە گۆشەی خەڵوەتگە زستانییەکەی تەنیا بۆ رێنوێنی ئێمەی دانیشتوانی گۆی زەوی وتویەتی!) سپینۆزا لەو نامەیەدا بۆ یەکێک لە هاورێ پزیشکەکانی دەنوسێت، کە چۆن بەبێ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، هەوڵیداوە لەرێگای خوێن وەرگرتن (رەنگە بەسودوەرگرتن لە زەرو، کە لەو سەردەمەدا باو بوو) (تا)ی خۆی کەمبکاتەوە، هەروەها دەنوسێت، کە ئومێدەوارە هەرچی زووە شوشەیەک مرەبای گوڵی سوری هاورێکەی بەدەست بگات، بەوەی کە توانیویەتی لەرزوتایەکی بەهێز کۆنترۆڵبکات: ((سەرەنجام بەزەبری رێجیمێکی باشی خۆراک، بارگەوبنەی خۆی پێچایەوە و لە ماڵەکەم چووە دەرەوە، بۆ کوێ رۆیشتوە، نازانم، بەڵام ئاگادارم تا جارێکی تر سەرو کەللەی دەرنەکەوێتەوە)). سەرەڕای قسەخۆشی و شێوازی جوانی دەربڕینی سپینۆزا ( کە ئیتر نمونەی هاوشێوەی ئەو لەسەرجەم نامەکانیدا پەیدانابێتەوە)، وادیارە سپینۆزا لێرەدا کەمێک نیگەرانی تەندروستی جەستەی بوبێت. جەستەیەکی زۆر لاوازی هەبوو، هەروەها ناخۆشی دوا بە دوای

یەک لاوازییەکەیان زیاتر دەکرد، هەر ئەو دۆخەی کە رەنگە خۆزگەخواستنی کەسایەتی ماخولیایی (دیکارت)ی (کە بۆماوەی 15 ساڵ زیاتر بۆ دەستگەیشتن بە گەورەترین رەفەی دەرمانی دنیا بۆ ئاسمانەکان رۆیشتبوو) دەبزواند.

سپینۆزا بەوپەڕی سادەییەوە لە ژوورێکی چکۆلەدا رۆژگاری بەسەربرد، ئەو نەک تەنیا لەم ژوورەدا سەرقاڵی نوسین بوو لەوێ دەخەوت، بەڵکو زۆرکات داتاشین و بریقەپێدانی هاوێنەکانیشی هەر لەوێ ئەنجامدەدا. ئێمە بەئاسانی دەتوانین ئەوە لەزەین و خەیاڵماندا وێنابکەین، کە کۆمەڵێک کاغەزی پەرش و بڵاو و هەندێ کتێبی بەجێماو بەدیبکەین، کە توێژێکی تەنکی تۆزی داتاشینی هاوێنەکانی لێنیشتووە. رەنگە لێرەشدا پەنجەرەیەکی تۆڕداری بچوک هەبووبێت، کە لەوێوە دیمەنی مەرزا تەخت و پانەکانی بینیبێت، کە رووبارو چەمەکانی پێدا رۆیشتووە و لەژێر ئاسمانی خۆڵەمێشیدا، دیمەنێکی دڵتەنگکەر تا مەودایەکی دوورەدەست باڵی کێشابێت، (یان لەوانەشە سەرچاوەی خۆراکی جاڵجاڵۆکەکانی سپینۆزا، ئەو مێش و مەگەزانە بووبن، کە لەم پەنجەرەیەوە دەهاتنە ژوورەوە!)

هەروەکو لە شوێنێکدا هاتووە، زۆربەی ژەمەخۆراکی سپینۆزا ((بەدرێژایی رۆژ، نانی ترینکراوی نێو شیر بوو، بەکەمێک کەرەو پەرداخێک بیرە)). رۆژێکی دیکە رەنگە بە ((کەمێک کەرەو کشمیش لە شیردا)) رۆژەکەی بەسەربردبێت. هەر ئەم سەرچاوەیە دەڵێت: کە ئەو لە مانگێکدا تەنیا دوو شوشە شەرابی نیو(پۆینت)(5)ی دەخواردەوە. کە لە هۆڵەندای ئەو رۆژگارەدا بەواتای خۆڕاگرییەکی ئازایانە بووە. هەرچەندە رەنگە ئەو ئەو بڕەشی بۆ بەهێزکردنی خوێنی خواردبێتەوە، دەڵێن سپینۆزا هەندێکجار دەیوت ((وەک مار پەپکە دەبەستێت و کلکی خۆی بەدەمیەوە دەگرێت)) و بەمشێوە سەرو بنی کارەکانی بەیەک دەگەیەنێت.

سپینۆزا لەدەیەی سێیەمی ژیانی، وردە وردە لەخۆبابیبون و لوتبەرزی سەردەمانی گەنجێتی لەدەستدا. زۆرکـەس ئەم گۆڕانکارییە بەهێمای تایبەتمەندی باشی دەرونـی و بلیمەتی لەکاتی گەشەکردندا دادەنێن، لەکاتێکدا زۆرجار کاتێک، کە بلیمەتی لەوپەڕی گەشەکردن و پەرەپێدان و کرانەوەیە، کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەم سەردەمە، زۆر بەپێچەوانەوە خۆیان دەردەخەن (خۆبەزلزانی و تەنها باوەڕ بەخۆکردن، لە زیانە بەرچاوەکانی ئەم گەشەکردنە هەندێکجار ئـازاردەرو گێژکەرەیەن)، لەراستیدا هۆی سەرەکی لەدەستدانی لوتبەرزی لە سپینۆزادا، رەنگە پەسەندکردنی هەنگاو بەهەنگاوی ئەم راستییە تاڵا و زیانبەخشەبووبێت، کە شکۆ و رەسەنایەتی ئەو سیستمە فەلسەفیەی، کە ئەو هەموو ژیانی خستبووە پێناوی، هیچ کات تا ئەوکاتەی، کە لەژیاندابوو، پەسەندنەکراو قبوڵکردنی هەمووانی بەدەستنەهێنا. ئومێدی ئەو بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و نوسینەکانی وردە وردە گۆڕا بۆ نائومێدی. هەموو رواڵەتەکانی لەخۆبابیبوون، لەژێر گوشاری ئەم چەرخی سوکایەتییەدا ورد دەبن و دەسوێن.

رەنگە هەر لەبەرئەمەش بوبێت، کە سپینۆزا بـەدوای ئەمەوە بووبێت، تا مەبەستی خۆی زیاتر بگەیەنێت، هەروەها بەخەڵکی جیهان و بەتایبەتی بە رکابەرانی ئاینیەکەی پیشانبدات، کە فەلسەفەکەی ئەو لەبەرامبەر بە خوێندنەوەی سونەتیانە بۆ خودا نییە. لەمڕووەوە کاتێک کتێبی (ئاکار)ی تەواوکرد، دەستیکرد بەنوسینی نامیلکەی لاهوتی سیاسی. ئەم نامیلکەیە کە لەجۆری خۆیدا بێهاوتایە، پێکهاتەیەکە لە بیردۆزی سیاسی و شرۆڤە و شیکردنەوەی کتێبی پیرۆز. سپینۆزا بەهاوڕێکانی وتبوو، کە مەبەستی لە نوسینی ئەم نامیلکەیە، بەگشتی ئامادەکردنی هەلومەرجێکە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی (ئاکار). دەیویست پیشانیبدات کە ((بە ئازادیکارکردن لەسەر فەلسەفەو هەم لەگەڵا دینداری و خواپەرستیش گونجاوەو لەگەڵ

ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگەشدا. ڕەنگە سپینۆزا گەورەترین فەیلەسوفی ڕێبازی ئەقڵانیەت بوو بێت، بەڵام لەم نامیلکەیەدا، بەزەحمەت دەتوانین خەسڵەتی ژیر و زانای پێبدەین. خودای ناشەخسی و یەکێتی بوونەکەی، هیچ هاوشێوەیەکی لەگەڵ (یەهۆوە)کەی تەورات دا نییە، هەروەها هیچ کەس بایەخی بەم بۆچونەی نەدا، کە ئەگەر کەسێک ئازار بدەین ئەوا خۆمانمان ئازار داوە. ئەم بیروباوەڕە لەو سەردەمەدا نە بەدڵی نەریت و هەستە ئاینیەکانی ئەو ڕۆژگارە (خوانەناس و بێ باوەڕان) بوو، نە بەدڵی سیاسەتمەداران و ئەخلاق ناسەکان بوو (کە دەتوانین بڵێین هەمووان بوون) لەهەمووی خراپتر، باوەڕی ئەو بوو، سەبارەت بەو پەرجووانەی، کە لە تەورات و ئینجیل دا هاتبوون. سپینۆزا هەموو ئەم پەرجووانەی بەهەندێک ڕووداوی ئاسایی دەزانی و بڕوای وابوو، کە تا ئێستا بەئەنقەست شیکردنەوەی پێچەوانە خراوەتەڕوو، بۆ کەڵکوەرگرتنی ریکلامی ئاینی، ئەوەش شتێکی ڕوونە کە بەهۆی ئەم کۆمەڵە بیرو بۆچوونەیەوە، هاوڕێیەکی زۆری لە کەنیسە و کڵێسادا بۆ خۆی دەستەبەرنەکرد.

بەڵام لەم نامەیەدا سپینۆزا هەندێک بیروبۆچوونی نوێی (کە بۆ ئەم سەردەمەش بۆچونێکی سەرسوڕهێنەر و مۆدێرنە) لەبارەی سیاسەتەوە خستەڕوو. لەراستیدا زۆربەی بۆچونەکانی، وەڵامێک بوو بۆ بۆچونەکانی (تۆماس هۆبز)ی فەیلەسوفی بەریتانی، کە کتێبە پێشڕەوەکەی بەناوی (لێڤیاسەن = Leviathan) کەمتر لە بیست ساڵا پێشتر لەساڵی 1651دا لەچاپ درابـوو، (هۆبز) لە کتێبی (لێڤیاسەن) ئەم بۆچونە ڕەشبینانەی خستبوەڕوو، کە بەبێ بوونی هیچ دام و دەزگایەکی حکومی (واتە لە دۆخی سروشتی و لەتەنهایی و دوور لە کۆمەڵ)، ((مرۆڤ بۆ خۆی تەنها و کڵۆڵا و ژیانیشی ناخۆش و ناڕێک و کورت دەبێت)). بەرگەگرتنی ئەم دۆخە بۆ مرۆڤەکان زەحمەتەو ئەوان لەو کۆمەڵگەبەڕێوەبەرییەکاندا لەدەوری

یەکتری کۆبونەوە، تا بەسەر ئەم دۆخەدا زاڵ بن. هەر جۆرە فۆرم و شێوازێک لەحکومەت باشترە لەوەی، کە هەر نەبێت، لەئەنجامدا پێویستە ئێمە پەیڕەوی لەهەر جۆرە حکومەتێک بکەین، کە هەیەو ملکەچی هەموو فەرمانڕەوایەتییەک بین.

سپینۆزا روانینێکی چاکەخوازانەتری بۆ مرۆڤ هەبوو، هەروەها دەربڕینی فەلسەفە سیاسیەکەی لە بنەڕەتەوە ئازادیخوازانە بوو. لەباتی پاڵپشتی بێ بەرامبەر لەحکومەت و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە ڕەوایەتی دەسەڵاتی حکومەت، یان فەرمانڕەوایەتیەکەی، تەنها لەرێگای گرەنتیکردنی ئاسایشی هاووڵاتیانییەوە دەستەبەردەبێت، تا ئەوان بتوانن ((بەوپەڕی دڵنیاییەوە رۆح و جەستەیان لە ئاسایشدا پەروەردە بکەن... هەروەها ئازادانە ئەقڵی خۆیان بخەنەگەڕ)). رۆڵی حکومەت دەبێت تەنها پشتگیری لەتاک بکات، کەسێک کە دەبێ بەئازادییەوە ئەم بوارەی بۆ بڕەخسێت، تا لەژیانیدا ئامانجی خۆی دەستەبەر بکات و بەدوایدا بڕوات. ((لەروانگەی کەمێک گەشبینانەی سپینۆزاوە، بارودۆخێکی لەمجۆرە پێویستی بەوە بوو، کە کەسەکان بەسەر هەستی خۆیاندا زاڵبن و بەسودوەرگرتن لەژیری و داناییان، هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنی قوڵتر لەخۆیان و جیهان. ئێستا نمونەکانی سەدەی هەڤدەهەمی گەنجە شەلاتییە مەستەکان، بە زاراوەی هـەواداری فڵان تیپی تۆپی پێن، یان ئەو تەوەزەلانەی کە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەردەم تەلەفزیۆندا دانیشتون، لە کوێی ئەم مامەڵەیەدا جێدەگرن، هەڵبەتە دیار نییە). سپینۆزا هەروا راستگۆیانە لەسەر ئەم باوەڕەبوو، کە دەسەڵاتەکانی حکومەت دەبێت سنوردار بێت و حکومەت دەبوایە بەپێی ئەو بنەماو یاساو رێسایانە کاربکات، کە ئەقڵ بۆی دەچێت. ئەمەش پەیوەست بوو بەوەی، کە حکومەت ئازادی تەواوی ئەندێشە و بیروڕا بەفەرمی بناسێت، بەڵام سپینۆزا لێرەدا واقیعبینانەو بە

وردبینیەوە، ڕەچاوی ئەو جیاوازییەی نێوان ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی کارکردن دەکات. ئێمە دەبێت ئەو ئـازادی و هەڵبژاردنەمان هەبێت، تا بەهەر جۆرێک بمانەوێت بیر بکەینەوە، بەڵام پێویستە کارەکانمان لەچوارچێوەی یاساکانی دەوڵەتدا بێت. بەبڕوای سپینۆزا ئەم چوارچێوەیە لەخۆگری دەربڕینی بیروڕای گشتی یش بێت، بەشێوەو شێوازێک، کە ببێتە هۆی شۆڕشی جەماوەری خەڵک.

بیرۆکەی سیاسی سپینۆزا بەوردی ڕەنگدانەوەی دۆخی خودی ئەو بوو لەهۆڵەندا. لەوکاتەدا حکومەتی هۆڵەندا لەچوارچێوەیەکی پابەند بە بنەمای ئاسانکاری و تۆلێرانس و ئازادی بیروڕا بوو. بۆچون و بیرڕاکانی سپینۆزا زۆرجار لەو چوارچێوەیەدا نەبوون، بەڵام ئەو بەپێداگرییەوە ئەم مافەی بەخۆی دەدا، کە ئەم بیروڕایانەی هەبێت. ئەگەرچی قبوڵی کردبوو، کە چاپکردنی نوسینەکانی دوابخات. سپینۆزا باوەڕیوابوو کە گرنگترین ئەرکی حکومەت پاڵپشتی و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی هاووڵاتییەکانیەتی تا ئەو رادەیەی کە لەتوانادایە، ئەمەش گرنگترین ویستی خەڵک بوو لە هۆڵەندا، کە کەوتبوە بەر هێرشی سەدەی هەڤدەهەم.

فەلسەفەی سیاسی سپینۆزا زۆر لەپێش سەردەمەکەی خۆیەوە بوو. رەنگە بۆ ئێمە لەهەندێک بواردا کەمێک سادەوساکارانە بێنەبەرچاو – بەڵام لەسەردەمی خۆیدا، بیروڕاکانی کە پەیوەست بەحکومەتێکی ئامانجگەرا دەژمێردران، بەروونی بە هەندێ قسەی بێ بنەمای مەترسیدارو گاڵتەجاڕی لێکبدرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕامانەی کە سپینۆزا لەبەرامبەر حکومەتی ئەوکاتەدا گرتبویەبەر، بەتەواوی هاوتایە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە لیبڕاڵ دیموکراتەکانی رۆژئاوادا باوە. لەو کۆمەڵگەیانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەمڕۆ ئەم مافەی کە کەسێک بیروڕایەکی نەژادپەرستانە، دژە کەمینە ڕەگـەزی، ئاینی و دژە ئینی و بیروڕاکانی دیکە، سوکایەتی هێنەرو

نەگونجاوبووبێت، بەفەرمی دەناسرێت، بەڵام ئەو ناتوانێت ئەم بیروباوەڕانە بەپراکتیک بکات. بۆنمونە: هاندانی شۆڕش و کرداری توندوتیژی دژی کەسانی جگەرەکێش بەربەستی یاسایی هەیە.

کاتێک کە سەرئەنجام (نامیلکەی لاهوتی- سیاسی) لە 1670دا بڵاوبووەوە، سپینۆزا تەنانەت هەنگاوێکیش لەئامانجە سەرەتاییەکانی خۆی نزیک نەبووەوە. واباشە چاوێک بە نوسینی یەکێک لەدوژمنەکانی سپینۆزادا بخشێنین: (( ئەم شتە هەڵبەستراو و فڕوفیشاڵانە لەکارگەی دۆزەخدا بەدەستی هەڵگەڕاوەیەکی جولەکەو بەهاوکاری خودی شەیتان سەریەک نراون و بڵاوکردنەوەشی بە ئاگاداری پێشتری (یان دوویت) ئەنجامدراوە)). (یان دوویت یەکێک بوو لە پیاوە دەوڵەتییە روناکبیرەکانی هۆڵەندا کە، دژی پاشایەتیخوازەکان شۆڕشی کردو کارامەییەکەی لەکاروباری سیاسیدا، بووە هۆی ئەوەی بەوپەڕی کاراییەوە بەرگری لەوڵاتەکەی (هۆڵەندا) بکات لەنیازی خراپی بەریتانیاو فەرەنسا- ئەو کەسێک بوو، کە دواتر بووە قەزاوەگێڕی کۆنەپەرستەکان و ئـەوان  هەموو کەموکوڕی و خراپی و بەدبەختییەکانی زەمانەیان خستەئەستۆی ئەو).

هوڵەندا گیرۆدەی سەردەمێکی سەخت بوبوو، بەهەمان شێوەی کە لە فەلسەفەی سیاسی سپینۆزا لە نامیلکەی لاهوتی سیاسیدا دەرکەوتوە، تەنانەت سپینۆزاش لەدەردو بەڵای ڕووداو پارێزراو نەبوو. بیروڕاکانی ئەو لەم نامیلکەیەدا ئاوێنەیەک بوو لە خۆپارێزی و ڕاسپاردەی ناپراکتیکی. لەگەڵا هەموو ئەمانەشدا نامیلکەکە چوار ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی بەفەرمی یاساخ کراو رێگەی فرۆشتنی لێگیرا. لەساڵی 1655 دا هۆڵەندا لەگەڵ بەریتانیا چووە شەڕەوە. لەسەردەمی ویلیامی سەرکەوتوو بەملاوە، هیچ وڵاتێک نەیتوانی باشتر لەهۆڵەندا بەرامبەر بە بەریتانیا بوەستێتەوە (بە هیتلەر و ناپلیۆنیشەوە)، هۆڵەندییەکان بەکەشتی چوونە ناو رووباری (تایمز) و

(مەدڤی)، هەڵگری کەشتیە جەنگیەکانی بەریتانیایان سوتاند، بنکەی هێزی دەریاییان لەناوبرد و بەندەری (شیرنێس) یان داگیرکرد. گرمەو شریخەی تۆپەکانی هۆڵەندا، تەنانەت لەنێو لەندەنیشدا دەبیسترا. خەڵک بەتەواوی کەوتنە ترسەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە (سامۆییل پەپێس)ی روداونوس (ڕێپۆرتێر) ناچاربو وەسیەتنامەکەی بنوسێت. دەرئەنجام شەڕو پێکدادان کۆتایی پێهات و پەیماننامەیەکی ئاشتی بە هاریکاری لویسی چواردەهەم واژۆکرا، بەڵام لەساڵی 1673 دا فەرەنسا خۆی بەخاوەنی هۆڵەندای ئیسپانیا (بەلژیکای ئەمڕۆ) دانا و خاکی هۆڵەندا بەدەستی هێزە فەرەنسیەکان داگیرکرا. ئەو گرژی و ئاڵۆزییە روو لە زیادبوونەی، کە بەدوای ئەم شکستەوە بوو، خەڵکێکی زۆر بەتوڕەییەوە رژانەسەر یەکێک لەشەقامەکانی شاری لاهای و (یان دوویت) یان کوشت( یان بە گوزارشتێکی ڕەوانتر) بێبەزەییانە کردیان بە دوولەتەوە. هەر کە ئەم هەواڵە ناخۆشە بەرگوێی سپینۆزا کەوت، زۆر توڕەبوو. دەستبەجێ چووە ژوورەکەی و لافیتەیەکی دروستکردو لەسەری نوسیبوو ((ئەی نامەردە دڕندەکان))، ئەمەشی ئاراستەی ئەو کەسانە کرد، کە (دوویت) یان کوشت. سپینۆزا دەیویست بەپێ بەرەو شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە بڕوات و لافیتەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو شوێنەدا هەڵبواسێت، کە (دوویت)ی لێکوژرا بوو. خۆشبەختانە خاوەن ماڵەکەی لەکاتی خۆیدا، ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بوو، سپینۆزای لە ژوورەکەی خۆیدا زیندانی کردو بەم شێوەیە رێگری لەم کارە گەمژانەیەی کرد، کە وەکو خۆکوژی وابوو.

سپینۆزا لەم کاتەدا لە چوارچێوەی شاری لاهای دا دەژیا، یەکەم خانوی کە لەناوەندی شاردا هەڵیبژارد، ژوورێک بوو لەشەقامی ویرکاد، ژمارە 32، کە لەپاڵ دیوارەکانی کەناراوەکانی کەناڵی ئاوی بوو، کە ئەمڕۆ بەخۆڵ پڕکراوەتەوە. ( نزیکەی 25 ساڵ دواتر قەشەیەک (6) بەناوی کلروس کە لەیەکەمین ژیاننامەنوسەکانی سپینۆزا بوو، هەر لەم ژوورەدا

جێگیربوو، هەر لەوێش ژیاننامە بەنرخەکەی سپینۆزای نوسی)، بەڵام دانی کرێی ئەم ژوورە لەتوانای سپینۆزادا نەبوو (ئەگەرچی بەدەریش نەبوو لەتوانای ژیاننامەنوسەکەی، هەروەکو باوە دۆخی ژیانی ئەو کەسانەی ژیانی بلیمەتەکان دەنوسن، باشترنییە لەدۆخی بلیمەتەکە)، بۆیە ئەو چووە ژوورێکی تر لە خانوی نیگارکێشێک بەناوی (وان) ژیا لەناوچەی (سپیک)ی سەر شەقامی (پاویلۆن)، ئەم خانوە ئێستا بوەتە مۆزەخانەی سپینۆزا. لەوێ ژوورێکی تێدایە، کە دیوارەکانی بەتەختە ڕوپۆشکراوە، کە بەو بنمیچە دارین و ئاوێنە چکۆلەی کە بەتەنیشت پەنجەرەکەوە هەڵواسراوە، هەر ئەو شوێنە چۆڵەیە کە سپینۆزا دوایین دەیەی تەمەنی لێ بەسەربرد.

((کلروس)) کەرەستە سەرەتاییە پێویستەکانی بۆ نوسینی ژیاننامەی سپینۆزا، لەرێگەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە ئامادەدەکرد، کە لەکاتی خۆیدا ئاشنایەتییان لەگەڵ سپینۆزادا هەبوو. بەوتەی کلروس، سپینۆزا هەمیشە بەپێچەوانەی ئەوەی کە هیچی نەبوو، جلوبەرگی خاوێنی لەبەردەکرد، بەڵام ژیاننامەنوسێکی تر ڕێک پێچەوانەی ئەمەی وتوە: ((جلی جوانی لەبەرنەدەکردو جلەکانی لەجلی هەژارترین هاووڵاتییەکانی خۆی باشتر نەبوو))، ئەگەر بەپێی سیما وێنەکێشراوەکانی خۆی دادوەری بکەین، رەنگە بەم ئەنجامە بگەین، کە سپینۆزا بەکەمتەرخەمی و بەپێی نەریتی خانەدانەکانی سەردەم جلی لەبەرکردووە)).

سپینۆزا هەروا سەرقاڵی داتاشینی هاوێنەکانی و پۆلێنکردن و نوسینی بیروڕاکانی بوو، ئینجا دەستیکرد بەکۆکردنەوەی بنەماکانی رێزمانی عیبری، بەڵام بە ناتەواوی هێشتییەوە، بەڵام نامیلکەیەک دەربارەی (پەلکەزێڕینە)ی تەواوکرد. وادیار بوو زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکانی سەردەمەکەی بەرامبەر بەم دیاردەیە، وردبینی و پەیوەندییەکی لەرادەبەدەریان هەبوو. دیکارت و سپینۆزا و لابینیتس هەرسێکیان لەبارەی (پەلکە زێرینەوە) هەندێک شتیان

نوسی- هەرچەندەش ئەم دیاردەیە، ئیتر جێ باسێک نەبوو لەفەلسەفەدا، بەڵام لەگەڵا ئەمەشدا هەرسێکیان بۆ ڕاڤەکردنی هۆکاری ئەو مەسەلەیە بەلارێدا چوون.

لـەم سـەردەمـەدا نوسینەکانی (سپینۆزا) بەشێوەی تایبەتی و تەنیا لەنێوان کەسانی بلیمەت و هەڵکەوتودا دەست بەدەست دەگەڕا، ئەنجومەنێکی تایبەتیش بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بیردۆزەکانی لە لاهای پێکهاتبوو. خوێندکارێکی دەوڵەمەند بەناوی دووریس، کە سەرقاڵی خوێندنی پزیشکی بوو، هاتوچۆی ئەم ئەنجومەنەی دەکرد. دووریس کاتێک بیستی کە سپینۆزا نەخۆشەو ڕەنگە بەمزوانە بمرێت، بڕیاریدا تا بڕی (2000) هەزار فلۆرین بەنەختی و (500) سەد فلۆرین وەک دەرامەتی ساڵانە پێشکەشی سپینۆزا بکات، بەڵام سپینۆزا ئەم دەستکراوەییەی قبوڵ نەکردو بڕی دەرامەتەکەی بۆ سێسەد فلۆرین کەمکردەوە، وا پێدەچوو سپینۆزا ترسی زۆری لەوەبوو، کە سەربەخۆیی فکریی لەدەستبدات، پێخۆشبوو هەر لەرێگەی داتاشینی شوشە هاوێنەییەکانەوە بژێوی ژیانی دابینبکات. ئەو ئێستا ئیتر لەسەرانسەری ئەوروپادا بەبیرمەندێکی بەڕێز لەقەڵەمدەدرا (بەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەی کە لاهوتییەکان و پیاوانی ئاینی لەگەڵیدا دەجوڵانەوە، بۆخۆی بەتەنیا ناوبانگ و گەورەیی ئەوی زیاترکرد) و دۆست و هاوڕێی زۆری پەیدا کردبوو، کە زۆربەیان بۆ بینینی دەهاتنە ژوورە چکۆل و تۆز لێنیشتوەکەی، کە تەونی جاڵجاڵۆکە تەنیبووی.

یەکێک لەو کەسە دیارانە، (ئارنفرید والتەر وان شیرن هاوس) ی بیرمەندی ئەڵمانی بوو، کە بەیارمەتی هاریکارە کیمیاگەرەکەی توانی شێوازی ئامادەکردنی (چینی خاکی رەق) بدۆزێتەوە، پاشان ئەم دۆزینەوەیە لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمی زاینی لە (مییەسەن)دا چووە قۆناغی بەرهەمهێنانێکی زۆرەوە، بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بوو، کە لەم رێگەیەوە

دەوڵەمەند ببێت (چونکە لەساڵی 1708 دا کۆچی دواییکرد). لەوکەسانەی تری کە دەهاتنە سەردانی یەکێکیشیان (لایبنیتس) بوو، کە بە تاکە فەیلەسوف و زانای هاوپایەی سپینۆزا لەسەرانسەری ئەوروپادا لەقەڵەم دەدرا. سپینۆزا زۆربەی بیرورِا فەلسەفی و زانستییەکانی بۆ لایبنیتس خستەروو، تەنانەت دەستنووسی کتێبی (ئاکار)ی لەگەڵ هەندێ وتاری دیکەی بڵاوکراوەیدا پیشاندا. لایبنیتس ئەوەندە چووە ژێرکاریگەری ئەم نوسینە بڵاونەکراوانەی (سپینۆزا)وە، کە هەر لەگەڵا گەرِانەوەی بۆ ئەڵمانیا لەخۆرِاو بێ رِەچاوکردنی هیچ پرەنسیبێکی دادپەروەرانە زۆربەی ئەو باوەرِو ئەندێشانەی بەهی خۆی لەقەڵەمدا.

لەساڵی 1673 دا داوایان لە سپینۆزا کرد، کە ببێتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی هایدلبێرگ، داوەتنامەکە لەلایەن پرێنس کارڵ لودڤیگەوە بۆی نێردرابوو، کە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بوو، بەڵام بەو مەرجەی کە شێوازی وانەوتنەوەکەی، هیچ دەستێوەردانێکی لەبنەما فێرکارییە فەرمییەکانی کڵێسادا نەبێت ( کە نیشاندەری ئەوەیە، کە جەنابی پرێنس کارل چەند لەفەلسەفەکەی سپینۆزای خوێندۆتەوە)! بەڵام سپینۆزا ئەم پۆستە گرنگەی بەرِێزو حورمەتەوە رەتکردەوە.

سپینۆزا نامەگۆرِینەوەیەکی سیستماتیکی لەگەڵ کۆمەڵێکی فراوان لە روناکبیرە دیارو خاوەن هزرەکانی ئەوروپادا هەبوو، لەنێو ئەم کۆمەڵە بەرفراوانەدا، (هێنریک ئۆڵدینبێرگ)ی هاورِێی دێرینیشی تێدابوو، کە بۆ یەکەمجار لەشاری رینسبۆرگ بینیبوی. چەندین ساڵ پێشتر ئۆڵدینبێرگ بۆ پۆستی سکرتێری یەکەمی ئەنجومەنی پاشایەتی لە لەندەن دیاریکرابوو. هیچ کەسێکیش نارِەزایەتی بەرامبەر بەم هۆڵەندییە لەم پۆستەدا دەرنەبرِی، کە ئەوەش لەگەرمەی شەرِی نێوان بەریتانیاو هۆڵەندادا بوو. هیچ کەسێکیش نامەگۆرِینەوە سیستماتیکیەکانی ئەوی لەگەڵ (سپینۆزا)ی هاورِێیدا، کە لە

هۆڵەندا دەژیا، بەشتێکی سەیر نەدەزانی. شتێکی ئاساییە کە لەسەردەمانی شەڕدا گەیاندنی نامە لەرێگای پۆستەوە کەمێک دوابکەوێت، بەڵام جگە لەمە، هیچ شتێکی دیکە بەرهەڵستکاری نامەگۆڕینەوە سیستماتیکەکانی ئەم دوو هاوڕێیە نەبوو. بەسەرسوڕمانەوە، ئەم بیروڕاگۆڕینەوە سیستماتیکە، کە کۆمەڵێک بۆچون و بیردۆزی هەندێک دژوارو ئاڵۆزی ( ڕێک وەکو کۆدو هێما) لەخۆگرتبوو، گومان و بەدگومانی لای دەزگای سانسۆر دروست نەکردو هیچ کامیانیشی بە سیخوڕ نەزانی. لەو رۆژگارەدا دەبوایە زۆر زیاتر (یان کەمتر) لەم کارانەت ئەنجام بدایە، تا تۆمەتی سیخوڕییان بەناوچەوانتەوە بلکاندایە، بەهەمان شێوەی کە سپینۆزا زۆر زوو بەو مەسەلەیەی زانی.

لەمانگی مایسی (1637)دا (کوندە) کە لە پیاوانی دەوڵەتی روناکبیری فەرەنسا بوو، سپینۆزای بانگهێشتکرد بۆ شوێنی بەرپرسیارێتیەکەی خۆی لە(ئۆتریشت)، تا لەبارەی بیردۆزەکانییەوە گفتوگۆ بکەن. ئۆتریشت، سی میل لەو شوێنەوە دوور بوو، بەڵام لەژێر رکێفی چەکدارانی لەشکری هێرشبەری فەرەنساییدابوو. وادیاربوو کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هۆڵەندا رۆیشتنەکەی سپینۆزایان بە چاک زانیبوو. سپینۆزا بۆ دیداری ئەم پیاوە تێگەیشتوە بەڕێکەوت، کە هاوڕێیەتی لەگەڵ (مۆلێرو راسین)دا هەبوو، بەڵام کاتێک گەیشتە (ئوتریشت) ئاگاداریانکرد کە (کوندە) بۆ پێڕاگەیشتن بەکاروباری تری دەوڵەتی لەوێ رۆیشتوە. وێڕای هەموو ئەمانەش، سپینۆزا پاش چەندین هەفتە چاوەڕوانی بێهودە گەڕایەوە بۆ لاهای، (کە بێگومان داخوازییە یەک بەدوایەکەکانی لەوماوەیەدا بۆ نانی ترێتکراو لەشیرو جۆشیری کشمیش، چێشتلێنەرە فەرەنسییەکانی سەرسام کردبوو!)، کاتێک گەڕایەوە بۆ لاهای، لەنێو خەڵکدا وا بڵاوبوەوە، کە ئەو سیخوڕی فەرەنسایە. بارودۆخێکی زۆر مەترسیداری بۆ هاتبووە پێش. (بێنەوە بیرم کە تەنیا یەک ساڵ بەسەر کوشتنی (دوویت) لە سەرشەقامدا تێدەپەڕی). بەبڕوای سپینۆزا،

ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە زۆر سادە بوو: ئەوسا بڕیاریدا بچێتە سەرشەقام و بۆ ئەو هەرچی و پەرچییانە ڕوونبکاتەوە کە ئەو بەهیچ شێوەیەک سیخوڕی فەرەنسا نییە. خۆشبەختانە خاوەن ماڵە داماوەکەی ئەمجارەش فریایکەوت و سپینۆزای لەژوورەکەی خۆیدا زیندانی کرد. پاش ماوەیەک دەنگەدەنگەکە دامرکایەوەو تووڕەیی و خرۆشانی خەڵکەکە کۆتایی پێهات.

تا ئەمڕۆش هەندێک لایەنی ئەم ڕووداوانە، لەخەرمانەیەکی نادیاردا ماونەتەوە. گومانی بەهێزی هەندێک کەس ئەمەیە، کە سپینۆزا لەلایەن دەوڵەتی هۆڵەنداوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک وتووێژی نهێنی بۆ لای کوندە نێردرا بوو، بەڵام لەبارودۆخی زۆر هەستیاری ئەو سەردەمەدا، ئەم ئەگەرە زۆر دوورە لەزەینەوە. ڕەنگە لەبەرئەوەی کە هیچ کەس بڕوای نەکردبێت، سپینۆزا نێردراوێکی نهێنی بێت و کارێکیان پێ سپارد بێت، تا پەیامێکی نهێنی بگەیەنێتە دەستی دوژمن.

سپینۆزا ئیتر پێی نابووە تەمەنی چل ساڵییەوە. ئەو شەوە دوورو درێژو دژوارانەی، کە لەتەنیاییدا بە بیرکردنەوەو تێڕامانە فەلسەفییەکانەوە خۆی خەریک کردبوو، هەروەها ئەو بژێوی ژیانی ڕۆژانەیەی کە ئەوی ناچاردەکرد، کە بەکاری داتاشینی شوشەی هاوێنەییەوە سەرقاڵ بێت، ئەم کارانەش وردە وردە جەستە لاوازەکەی هێندەی تر بێهێزتر کرد. سییەکانی بەهۆی هەڵمژینی گەردو تۆزی شوشەکانەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوون، وردە وردە نیشانەی نەخۆشی کوشندەی (سیل)ی تێدا دەرکەوت، لەهاوینی ساڵی (1676)دا بەژن و باڵا کزو ڕەقەڵ و ڕەنجاوەکەی لەدەوروبەری گەڕەک کەمتر بەرچاودەکەوت، و بەهاتنی زستانیش، ئیتر بەتەواوی لەنێو جێدا کەوت و تەندروستی لەدەستدا.

سپینۆزا ڕۆژی یەکشەممە 21 شوباتی 1677، کاتێک کە خاوەن ماڵەکەی لە کڵێسا بوو، کۆچی دواییکرد. ئەو ڕۆژە تەنیا دکتۆر مایەر

لەتەنیشت جێگەنوێنی مردنەکەیەوە بوو، فەیلەسوفەکەمان لەباوەشی هاوڕێ زۆر دێرینەکەیدا چووە خەوی هەمیشەییەوە. لەدوای مردنی سپینۆزا، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش لەبارەی دکتۆر (مایەر) کەوتەسەر زاری خەڵک. دەڵێن کە ئەو هەندێک پارەی وردە کە لەسەر مێزەکە بووە، لەگەڵ چەقۆیەکی دەسک زێڕ، هەڵیگرتووەو دیارنەماوە. هەرچەند چیرۆکێکی پێکەنیناوییە، بەڵام دووریش نییە، تەنانەت ئەم ئەگەرەش لەئارادایە، کە جەنابی دکتۆر هەموو کەرەستەو ئامێرو سەدان هاوێنەی دەست لێنەدراوی سپینۆزای بەدزییەوە هەڵگرتبێت! کە پاشان کەوتبێتە چنگی بازرگانە ئەنتیکە فرۆشەکەی شاری ڤییەنا، کە ناوی (کۆر نلیۆس وان هالوین) بووە.

بەهەرحاڵ، زۆربـەی خەڵک لەو بڕوایەدابوون، کە پاش مردنی سپینۆزا، هەندێک شتی کەمی لەدوابەجێماوە. تەنانەت (ریبەکا)ی زڕخوشکە چاوچنۆکەکەی سپینۆزاش، بڕوای وابوو ئەمجارەیان شتێکی شیاو لەبراکەی بەجێنەماوە، تا بۆ وەرگرتنی بچێتە دادگا، بەڵام ئەم راپۆرتانە لەگەڵ هەندێک شتی تردا بەتەواوی یەک ناگرێتەوە، بۆنمونە وتویانە کتێبخانەیەکی بەنرخ کە بریتییە لە(160) بەرگ کتێب (پێرستی تەواوی کتێبەکانیش لەبەردەستدایە)، کە لە سپینۆزا بەجێماوە. کۆمەڵێک کتێبی وا لەو سەردەمەدا دەکرا بەنرخێکی تاڕادەیەک باش بفرۆشرێت، لەبەرئەوەی کتێبە بەرگ چەرمییەکان، نەک تەنیا بۆ دیکۆر، بەڵکو بۆ خوێندنەوەش کریاڕیان هەبوو، هەروەها هەندێک نوسینی چاپنەکراویشی لێی بەجێما، کە گرنگترینیان شاکارەکەیەتی، واتە کتێبی (ئەخلاق)، ئەو کتێبەی، کە ناوی سپینۆزای بۆ هەمیشە بەنەمری هێشتەوە. هەموو ئەم کۆمەڵەنوسینە، لەگەڵ نامەکانیدا، هەر لەو ساڵەدا کە مرد، بەناوی (بەرهەمەکانی دوای مردن) لەچاپدرا، بەڵام لەسەر داوای خودی سپینۆزا، لەچاپی ئەو کتێبانەدا ناوی نوسەری سەرەکی نەنوسرا، چونکە نەیدەویست پاش مردنی فەلسەفەیەک بەناویەوە تۆمار بکرێت.

بەوتەی بەڕێوەبەری ڕاسپاردەکەی: ((لەکتێبی (ئاکار)دا لەراڤەی یانزەهەمدا لەهەستەکییەکاندا لەوێدا، کە ئەو راڤەیەک لەسەر هەستی ناوبانگ پەیداکردن دەنوسێت، بەراشکاوی ئەو کەسانە بە خۆهەڵکێش و لەخۆبایبوو ناودەبات، کە ناوی خۆیان لەسەر نوسینەکانیان دادەنێن )).

بەرپرسان و دەسەڵاتداران لەو ساڵەدا، وەکو بڵێی جگە لە جێبەجێکردنی دوایین وەسیەت و ڕاسپاردەکانی سپینۆزا، هیچ کارێکی تریان نەبێت. ئەوان ئەوەندە سەبارەت بە (بەرهەمەکانی دوای مردن)ی هەراو هورایان بەرپاکرد کە، زۆرترین بۆچوونەکانیان بۆ لای ئەم کۆمەڵە بابەتە راکێشا. ناسنامەی نوسەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە نهێنی نەمایەوەو بەهەمان خێراییش، کتێبەکەی بەتاوانی ((لاوازکردنی)) باوەڕی خەڵک و ((بێ بەهاکردنی پەرجۆ ئیلاهییەکان))، چووە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانەوە، سەرجەم نوسین و کتێبەکانی دیکەشی، تۆمەتی (پیرۆزی شکاندن، بێ خودایی و کفر)یان درایەپاڵ و بەم شێوازەش (سپینۆزا گەرایی) لەدایکبوو. وەکو بڵێی بۆ یارمەتیدانی چوونەپێشی ئەو، پاش چەندین ساڵ ئینسکلۆپیدیانوسێکی فەرەنسی بەناوی (بایل) لەفەرهەنگنامەکەیدا، بەم شێوەیە پێناسەی فەلسەفەی سپینۆزا دەکات: ((بەدفەڕترین گریمانەی کە شیاوی وێناکردنە، هەروەها بێ نرخترینیانە))، ( بەداخەوە پێویستە بوترێت ئەم دیدگا دژە ئازادییە بەپێنوسی کەسێک نوسراوە، کە بۆخۆی بە باشیزانی بەهۆی بیروباوەڕەکانی بۆ ژیان بچێتە هۆڵەندا، لەبەرئەوەی حکومەتەکەی ئاسانکار بوو). تۆپخانەی حەریف تا سەدەیەک دواتریش، هەروەک بەتوندی بەسەر بیروڕاکانی سپینۆزادا لەکاردابوو تا ئەوشوێنەی، کە تەنانەت (هیوم) یش بیردۆزەکانی ئەوی بە (( گریمانەیەکی دزێوو ناحەز)) وەسف کرد.

سپینۆزا بەوپەڕی خەمساردییەوە بەرامبەر بەم هەموو هێرشانە، لەخاکدا ئۆقرەی گرتبوو، هەر بەوجۆرەی کە لەسەردەمی ژیانیشیدا

هەروابوو. ئەو لەناوەڕاستی ئەمستردام لەگۆڕەپانی دام، لەشوێنێک بەناوی نێوکێرک، بۆ هەمیشە بەخاک سپێردرا.

* **کۆتایی:**

فەلسەفەی سپینۆزا ئەو هەڵەیەی کە کرد دنیای بوونی بە ئەقڵانی بینی. لەکاتێکدا کە وشەکە نە لەراستیدا و نە لەمەبەستدا بەو شێوەیە نییە. (بیرمەندان و ماتماتیکزانانی هاوچەرخیش، کاتێک بەدیدێکی ماتیکیانەوەییەوە دەڕواننە جیهان، تووشی هەمان هەڵە دەبن). بەر لە سپینۆزا، فەیلەسوفە ساویلکەکان لەگۆشەنیگای مرۆڤەوە دەیانڕوانییە جیهانی بوون، فەیلەسوفەکانی دوای سپینۆزاش هەموو جۆرە وەسفێکیان بۆ جیهان، بەداخوازی گەڕانەوە بۆ ئەزمونی مرۆییان زانیوە، بەڵام ئەمجارەیان لەجاران زیاتر ئاگاداری سنورداربوونە جدییەکانی ئەم روانینە بوون. هەموو ((راستییەکی)) لەم بابەتە، کە لەلایەن مرۆڤەوە دۆزرابێتەوە، بەناچاری تەنها راستی ((ئێمە))یە، یان بەواتایەکی تر، ئێمە ناتوانین جیهان لەروانگەیەک بەدەر لەروانینی خۆمانەوە بناسین. هەر جۆرە پێوانەیەکی بەرچاوی مەبەستدار (بۆ لابردنی ئەو سنوردارکردنانەی، کە لەئەزمونەوە سەرچاوە وەردەگرن) شیاوی دەربڕین نین، تەنانەت شیاوی وێناکردنیش نین، (بەقەولی نیچە) ((خوا مردووە))، ئەمەش بەواتای نەبینینی هەتاهەتاییشە.

سپینۆزا ئەوەشی وەبیرهێنایەوە، کە بەدواداچوونی ئەقڵانیەت دەکشێ بۆ ((سڕینەوەی ئەفسون)) لەجیهانی بـوون، مەبەستی ئەو لەسڕینەوەی ئەفسون ئەوە بوو، کە ئەقلانیەت و زانستی نوێ سەرئەنجام جیهان لەشێوازی خورافە، تەنانەت پاک دەکاتەوە، بەڵام سپینۆزا ئەم رەوتەی بەتاکە قۆناغێک لەرێی ناسینی خۆی و جیهانی دەوروبەرمان دەبینی. ئەگەر هەر بەوشێوەیە درێژە بەسڕینەوەی ئەفسون بدەین و ئەقڵانیەت بۆ

مەنزڵی دواتر ڕێنوێنی بکەین، ئەوسا دیسانەوە خودا لە ((ئاینزای سڕینەوەی ئەفسون))دا دەناسینەوە، هەموو ئەم بیروڕایانە لەپێش چاوی دەسەڵاتدارانی ئاینی ئەو ڕۆژگارەدا، کە پێشبینیاندەکرد، زۆربەی ئەقڵگەراکان لەهەمان قۆناغی یەکەمدا بمێننەوە، چونکە ئەوەیان بەلاوە باش نەبوو، (کە خەڵک گوێ لەهەڵسەنگاندنەکانی سپینۆزا بگرن و باوەڕیان لەدەستبدەن). ئەمڕۆ پێشبینیەکانیان بەتەواوی جێی خۆی گرتوە، زۆربـەی بیرمەندان ئەمڕۆ لەهەمان قۆناغی سەرەتایی کامڵبونی ئەقڵانییەتدا ماونەتەوە، تەنانەت ئەوانەش کە بە مەنزڵی (( ئاینی سڕینەوەی ئەفسون)) گەیشتون، بەتەواوی دووربوون لەهەموو جۆرە ترادسیۆنێکی ئاینی، جگە لە ڕێبازی بودایی، بەڵام مەگەر خودی سپینۆزاش هەر بەو جۆرە نەبوو؟ لەراستیدا تێگەیشتن لەمەی کە سپینۆزا بەوردی مەبەستی لە (( ئاینی سڕینەوەی ئەفسون)) چییە، کەمێک زەحمەتە. ئایا مەبەستی باوەڕهێنانە بەخوایەکی ڕەهای جیهانی، کە گەیشتن بەتێگەیشتن و ناسینی شایستە لەبارەیەوە، تەنیا لەرێی بەکارهێنانی بنەمایەکی ئەقڵانیەوە دەستەبەرە لەجیهانی دەوروبەرماندا؟ ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ((ئاینی سڕینەوەی ئەفسون)) لەراستیدا لێکدانەوەیەکی پێشتر لە سەردەمی خۆیەتی لە زانستی نوێدا: جیهانی یەکێتی بوون کە دەستڕاگەیشتن بە هەقیقەتەکەی تەنیا لەسایەی بەکارهێنانی بنەما ئەقڵانییەکان، ماتماتیک و ئەزمونگەرایی زانستی ڕەخساوە: خودا- جیهانێک کە دەرکپێکردنی ماتماتیکی وەکو عیبادەت بێت. وا دیارە سپینۆزا ئەوجۆرە چەمکەی لەزەیندا هەبووە، لەهەمانکاتیشدا ئەم راڤەیە دەتوانێت روانینێکی جوان و شاعیرانە بێت بۆ زانستی نوێ، کە ((لەروانگەی هەتاهەتاییەوە)) لێیڕوانراوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی بیرمەندانی هاوچەرخ، ڕوانینێکی لەو شێوەیان بۆ جیهانی بوون نییە.

سپینۆزا ڕێبازی ئەقڵگەرایی کە دیکارت داهێنەری بوو، بەبێ هیچ کەموکوڕییەک بۆ جیهان خستەڕوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ئەوەندە بەسەر مردنی سپینۆزا تێنەپەڕیبوو، کە ڕێبازی بنچینەی ئەقڵی جێی خۆی بۆ ڕێبازی ئەزمونگەرایی چۆڵکرد، کە جۆن لۆک، فەیلەسوفی بەریتانی خستبویەڕوو. لەژێر کاریگەری ئەم سیستمە فەلسەفییەدا، بڕوای گەیشتن بە هەقیقەت لەدوایین شیکردنەوەدا، لەڕێگەی ئەقڵەوە بەدەستدێت، جێگەی خۆی چۆڵکرد بۆ ئەم باوەڕەی کە ئەزمون تەنها لەڕێگەی ناسینی هەقیقەتەوەیە. ئەستێرەی سپینۆزا لەسەردەمی میتافیزیکی ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەمدا بوو، کە دیسانەوە دەستی بەدرەوشانەوە کرد. دەرئەنجامەکەی زۆر ڕەزامەندبەخش نەبوو، ئەقڵانیەتی روونی سیستمی سپینۆزا، بووە سیمبول بۆ هیگڵ، تا سیستمێکی فراوانتر بەدیبهێنێت، بەڵام هیگڵ لەباتی وێنە روون و ئاشکراکانی باڵەخانەی بەرزی سپینۆزا، دێوەزمەی میتافیزیکی ئەڵمانی خستەڕوو ( – Qargoyles : شێوازێکی جوانکارییە بۆ دەرەوەی کڵێساکانی گۆتیک، کە بەشێوەی پلوسک دادەنـراو لەسەر دیوار بەرجەستەدەبوو، کە زیاتر بەشێوەی سەرو جەستەی مرۆڤ، یان ئاژەڵ دروستیاندەکرد)، هەروەها بیروڕاکانی سپینۆزا بووە ئیلهامبەخشی پەیڕەوانی ڕێبازی مارکسیزم، کە خۆی لەنێو سیستمی فەلسەفی هیگڵ سەری دەرکردبوو (هەڵبەتە بەشێوەی ئاوەژوو یان بەقەولی هیگڵ لەسەرپێی خۆیان وەستان).(مارکسیستەکان لەفەلسەفەی سپینۆزادا زەمینەی هۆشیاری ماتریالیزمی دیالیکتیکیان دۆزییەوە) بەڵام ماتریالیزمی دیالیکتیک، تەنها سێبەری نەڕوشاوە، کە لە یەکێتی بوونی هەندەسی سپینۆزادا مایەوە.

کاریگەری و کارتێکردنی سپینۆزا هێشتا درێژەی هەیە، هەندێک لە ماتماتکیزانە هاوچەرخەکان، کە لەبنەڕەتەوە ڕوانینێکی زۆر پۆزەتیڤیان بۆ فەلسەفە نییە، بەڕێزەوە سەیری سپینۆزا دەکەن. بەداخەوە باوەڕی سپینۆزا

بۆ جیهانی دڵنیایی و ئەقڵانی و لەهەمان ناکۆکییە دەرونیەکانییەوە رەنجی دەبرد، کە باوەڕی ئەم دەستە لە ماتماتیکزانان بۆ جیهانێکە لەسەر بنەمای ماتماتیکی. ئەمڕۆ هەموو هەوڵەکان بۆ شرۆڤەی رێکخستنی جیهانی بوون بۆ تەپۆڵکەیەک لەخاکی رێژەگەرایی گۆڕاوە، ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێکدا دەژین (ئاماژەی نوسەر بۆ قۆناغی پۆست مۆدێرنە) کە فەلسەفەکەی سپینۆزا تەنها بەخەونێکی شاعیرانە هەڵدەسەنگێنێت، لەهەمانکاتدا یەکێکە لەجوانترین ئەو خەونانەی، کە تا ئەمڕۆ هەمانبووە.

*** لەنوسینەکانی سپینۆزا:**

ئەو هەشت لێکدانەوە سەرەتاییەی، کە سپینۆزا میتۆدە((ئەندازەیی)) یەکەی خۆی لەسەر بنیات نا:

1- من شتێک بە خودی (هۆکار) دەزانم، کە جەوهەرەکەی پێویستی بەبوونی هەبێت، یان ئەوەی کە دەتوانرێت سروشتەکەی تەنیا وەک هاتنەبوون وێنا بکرێت.

2- شتێک (کۆتایی هاتوو لەجۆری خۆیدا)یە، ئەگەر ئەم ئەگەرە لەئارادابێت، کە لەگەڵ شتێکی دیکە لەجۆری خۆیدا سنوردار بکرێت، بۆنمونە: جەستەیەک بەکۆتا ناودەبەین، چونکە هەمیشە دەتوانین جەستەیەکی دیکەی گەورەتر لەوە وێنابکەین، بەهەمان شێوە بیرێک لەگەڵ بیرێکی دیکەدا سنوردار دەبێت، بەڵام ناکرێت جەستەیەک لەگەڵ بیرێکدا، یان بیرێک لەگەڵ جەستەیەکدا سنوردار بکرێت.

3- مەبەستی من لە جەوهەر (سوبستانت) ئەو شتەیە، کە لەخۆیدایەو تەنها لەرێگای خۆیەوە بەردەستدەبێت، بەواتایەکی تر وێناکردنی پەیوەست نییە لەسەر وێنای شتێکی تر، کە لەوە دروستکرابێت.

4- مەبەستی من لەخەسڵەت (ئاتریبوت) ئەوەیە، کە هێزی تێگەیشتنی

وەک خەملێنەری خودی جەوهەر (سوبستانث) هەستی پێدەکرێت.

5- مەبەستم لە دۆخ (مۆدۆس)، هەندێک گۆڕانکاری شێوەیە لەسەر جەوهەر، ئەو شتەی کە لە شتێکی دیکەدایەو لە ڕێگای ئەویشەوە شتێکی دیکە بەردەستدەبێت.

6- مەبەستم لە خودا بوونەوەرێکی ڕەهای ناکۆتایە، واتە ئەو جەوهەرەی کە خاوەن خەسڵەتی ناکۆتایە، هەر خەسڵەتێکیش دەربڕی خودی هەتاهەتایی و ناکۆتایە.

7- سەربەست ئەوەیە کە تەنیا بەهۆی پێویستی سروشتی خۆیەوە بوونی هەیە. تەنیا خۆی هۆکاری چالاکی خۆیەتی. (پێویست)، یان رونتر بڵێین (ناچار) ئەوەیە، کە بەهۆی شتێکی دیکەوە بوونی هەیەو بوون و کارەکانی لە ڕێگایەکی دیاریکراوو پێشتر دەستنیشان کراوە.

8- مەبەستی من لە (هەتاهەتایی) بوون، خودی هاتنە بوونە، چونکە وا وێناکراوە وەک پێویستییەک لەشتە هەتاهەتاییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ئاکار، بەشی یەکەم لێکدانەوە سەرەتاییەکان**

نمونەیەک کە شرۆڤەی بیروڕای سپینۆزا دەکات بەرامبەر بە یەکێتی بوون:

زەحمەتە جگە لە خودا، جەوهەرێک (سوبستانث) هەبێت، یان وێنابکرێت.

**ئاکار، بەشی یەکەم، تێزی چواردەیەم**

سەلماندێکی تر لەسەر بوونی خودا:

لەو شوێنەی کە توانای هەبوون بۆ خۆی دەسەڵاتێکە , کەواتە ئەم ئەنجامە دەستەبەر دەبێت کە هەرچەندە سروشتی شتەکە راستی زیاتری

ئێدابێت، ئەو شتە هێزی زۆری تیایە بۆ هەبوون، دەرەنجام بوونەوەری ڕەهای ناکۆتا، یان خودا لە خۆیدا هێزی ڕەهای ناکۆتایی بۆ هەبوون هەیە، کەواتە خودا بە تەواوی بوونی هەیە.

**ئاکار، بەشی یەکەم**

چەند نمونەیەک لە بیروباوەڕی سپینۆزا بۆ ناچاری:

خوا هۆکاری هەموو شتەکانە، کە بە تەواوی لەودان.

**ئاکار، بەشی یەکەم**

گونجاوییەک لە جیهانی بووندا نییە، بەڵکو بوونی هەموو شتێک، هەروەها چالاکییەکانیان بەهۆی پێویستی سروشتی خواوەندی، بە شێوەیەکی دیاریکراو هاتونەتە ئارا.

**ئاکار، بەشی یەکەم**

ئەو بیرکردنەوەیەی کە مرۆڤەکان سەربەستن هیچ نییە، جگە لە فریودان. ئەم باوەڕە لەم روەوە جێگەی گرتووە، کە ئێمە هەمیشە تەنیا ئاگامان لە کردەوەی خۆمانە، بەڵام سەبارەت بەهۆکاری راستەقینەی کردارەکانمان نەزانین.

**ئاکار، بەشی دووەم**

دوو خەسڵەت:

رۆح و جەستە دوو شتن لە یەکدا کە هەندێکجار لەژێر کاریگەریی خەسڵەتی بیرکردنەوەدا وێناکراوەو هەندێکجار لە ژێر کاریگەریی خەسڵەتی رەهەند دا.

**ئاکار، بەشی دووەهەم**

بیروڕای سپینۆزا لەبارەی حکومەت، کە زۆر لەسەردەمی خۆی لەپێشتر بوو:

ئامانجی کۆتایی حکومەت نابێ نە زاڵبوون بێت بەسەر خەڵکدا، نە

سنوردارکردنیان بێت لە ڕێگای ترس و تۆقاندنەوەو، نە ناچارکردنیان بۆ ملکەچکردن و گوێڕایەڵی، بەڵکو دەبێت ئامانجی ئەو ئازادکردنی خەڵک بێت لەترس تا بتوانن لە زۆرترین ئاسایشی شیاودا بژین. بەگوزارشتێکی دیکە دەبێت بەرگری لەمافی سروشتی مرۆڤەکان بکرێت بۆ زیندوو مانەوەیان، تا لەوپەڕی دڵنیاییدا بژین و بێ ئەوەی زیان بەخۆیان یان دراوسێکەیان بگەیەنن. دواهەمین ئامانجی حکومەت ئەوە نیە کە مرۆڤێک لە بونەوەرێکی خاوەن ژیری و ئەندێشە، بکاتە چوارپێیەکی بێئەقڵ یان لەیستۆکێکی شانۆسازی، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەک ئەوانە ئامادە بکات کە ڕۆح و جەستەیان لەوپەڕی ئاسایشدا پەروەردە بکرێن و بە ئازادانە ژیرییان بەکاربهێنن و نەهێڵن کە دەسەڵاتی خەڵک لەرێگای تۆڵەسەندنەوەو رق و فریودانەوە بەهەدەر بڕوات، و نابێت بکەونەبەر چاوچنۆکی و ستەم. لەراستیدا مەبەست و ئامانجی سەرەکی حکومەت لەراستیدا ئازادییە.

**نامیلکەی لاهوت و سیاسەت، بەشی 20**

پەراوێزەکان:

1- لەئەفسانەکانی یۆنانی کۆندا (گایا) ناوی خوداوەندی زەمینە.

2- ئاماژەیە بۆ هۆزی بەنی ئیسرائیل.

3- کو کلوکس کلان، کۆمەڵەیەکی نەژادپەرست بوون لە ئەمریکا کە باوەڕیان بە لەپێشتری نەژادی سپی پێستەکان هەبوو بەسەر ڕەش پێستەکانداو ئەنانەت ماڵ و موڵکی ڕەشپێستەکانیان دەسوتاندو دەشیانکوشتن.

4- بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر پێویستە بزانین کە لەڕوانگەی سپینۆزاوە ئومێد شتێک نییە جگە لە چێژێکی خۆڕانەگر لە بۆچوونی شتێک کە ڕوودانی لە ئایندە یان ڕابردوو جێگەی گومانە. ئێستا ئەگەر شک و گومان لەسەر ئەم سۆزە هەڵگرین، دەگۆڕێت بۆ دڵنیایی. ترسیش هیچ نییە جگە لە رەنجێکی ناپایەدار لە بۆچوونی شتێک کە ڕوودانی لە ئایندە یان ڕابردوو

جێگەی گومانە. ئێستا ئەگەر شک و گومان لەسەر ئەم لابەرین، دەگۆڕێت بۆ نائومێدی.

5- پۆینت: پێوانەیەکی نزیک بە نیو لیترە.

6- پاسنۆر، بەمانای قەشەی کەنیسەی لۆتەرییەو نەک کەنیسەی کاتۆلیک.

# سپینۆزا
# هەموو شتێک یەکێکە و ئەو یەکەش خودایە

لەبەرئەوەی خودا هەموو شتێکەو لە هەموو شتێکدا هەیە، دەبێت ئەم یەکپارچەییە بەهەمان شێوە تێبگەین، کە سیستەمێکی فیزیکی ماتماتیکی پەیپێدەبرێت.

سپینۆزا جولەکە بوو، تەنیا جولەکە، کە بەر لە کارل مارکس، شوێن و پێگەی لە ریزی یەکەمی بیرمەندە رەسەنەکانی نێو فەیلەسوفانی خۆرئاوای بۆخۆی دەستەبەرکرد (هەڵبەتە بیرمەندە مەزنەکانی جولەکە کەم نەبوون.) ئەو لەساڵی 1632 لە ئەمستردام هاتە دنیاوە. لە پەروەردەو فێرکردنی یەهودی فەرمی (ئەرتەدۆکس) بەهرەمەند بوو، بەڵام بەهۆی تێڕوانینە تازەو ناباوەکانی لە تەمەنی (24) ساڵیدا لە کۆمەڵگەی جولەکە دەرکرا. لەم کاتەدا بوو کە ناوە یەهودییەکەی خۆی (باروخ) ی بۆ هاوتا لاتینیەکەی بینیدیکت گۆڕی. سپینۆزا ژیان لە تەریکی و گۆشەگیریدا گرتەبەر و لە رێگەی داتاشین و سافکردن و رازاندنەوەی هاوێنەوە بۆ چاویلکەو مایکرۆسکۆپ و تەلیسکۆپ، کە لەو سەردەمەدا پیشەیەکی تازە بوو، بژێوی خۆی دابیندەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی، ئەوی بەناوبانگکرد، بەڵام کاتێک لە 1673 دا پێشنیاری پلەی ئوستازی فەلسەفەی لە زانکۆی هایدلبێرگ بۆکرا، ئەو قبوڵی نەکرد، لەبەرئەوەی بەوتەی خۆی دەیوست ئازاد بێت، تا بەپێی باوەڕەکانی خۆی بەکاری فەلسەفییەوە سەرقاڵبێت.

له پاڵ فەلسەفەکەیدا، سپینۆزا یەکەمین لێکۆڵەری دیارو بەرجەستە بوو، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز، وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی، کە نوسەرەکانیان نادیارن و رەسەنایەتیشیان جێگەی گومانەو چوارچێوە فکرییەکانی سەردەمی خۆیان دەخەنە بەرچاو. ئەم کارەی ئەو بووە رەچەشیکێنی چەندین لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لە دەقە پیرۆزەکان، یان بە دەستەواژەیەکی تر، رەخنەی باڵا، کە لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم بە لوتکەی گەشەکردنی گەیشت. لە کاتی مردنیدا لە 1677 سەرقاڵی وەگێڕانی ((پەیمانی کۆن)) بوو بۆ زمانی هۆڵەندی. رەنگە بەهۆی کاریگەری هەڵمژینی بەردەوامی تۆزی شوشەوە بووبێت، بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژی هاوێنە داتاشینەکەی.

ماوەیەک دوای مردنی لە 1677، کتێبێک بڵاوبووەوە، کە ئێستا بەناوبانگترین بەرهەمیەتی. کە تەنیا ناوی (ئاکار)ی لێنراوە، بەڵام لە راستیدا دەورەیەکی تەواوی مەسەلە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە، سەرباری مەسەلە ئاکارییەکان لەخۆدەگرێت. سپینۆزا وەکو زۆربەی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان، بەراستی بیرمەندێکی خاوەن بۆچوون بوو لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا. بەهۆی خێزانەکەیەوە لە منداڵیەوە بەزمانەکانی ئیسپانیایی و پورتوگالی، ئەمە وێڕای هۆڵەندی و عیبری، قسەی دەکرد و بەزمانی لاتینی دەینوسی، هەروەها لە لێکۆڵەرە دیارەکانی کتێبی پیرۆز بوو لە ماتماتیک و ئەوەی کە خەڵکی ئەو سەردەمە بە ((زانستی نوێ)) ناویاندەبرد، خاوەن بۆچوون بوو، بەتایبەتی بەرهەمەکانی (کۆپەرنیک، کیپلەر، گالیلۆ، هۆبزو دیکارت) ی دەخوێندەوە. شارەزایی پیشەکەی لە بواری میکرۆسکۆپ و تیلسکۆپ دا، بووە هۆی تێگەیشتنی پێش وەختەی لە پێداویستییە تەکنەلۆژییە تازەکان، کە ئەم زانستە نوێیە دەخاتە بەردەستی مرۆڤایەتی. تەنانەت دەتوانرێت بوترێت فەلسەفەکەی سپینۆزا هەوڵدانێک بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەم بابەتانەو بەکارهێنانیان لە کۆلێکسیۆنێکی یەکپارچە و سیستماتیک دا.

سپینۆزا بە توندی لە ژێر کاریگەری زانستدا بوو، ئەم دیدگایەی دیکارتی پەسەندکرد بوو، کە شێوازی راست بۆ بنیاتنانی بنەماکانی ناسینی زانستیمان، دەستکردنە بە پێشەکیە بەڵگەنەویستەکان و گەیشتنە بە دەرەنجامەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە بەڵگاندنە لۆژیکییەکان، بەڵام سپینۆزا لە هەمانکاتدا سەرنجیدا، کە فەلسەفەکەی دیکارت هەندێک مەسەلەی بنچینەیی بە چارەسەرنەکراوی بەجێهێشتوە. ئەگەر هەموو واقعیەت هەر لە بنەڕەتەوە لە دوو جۆری جەوهەری جیاواز پێکهاتووە، واتە جەوهەری مادی و جەوهەری مەعنەوی، یان مادەو زەین (رۆح)، چۆن دەکری زەین بتوانێت مادە لە فەزا، یان شوێندا بجولێنێت؟ وەڵامی دیکارت بۆ ئەم پرسیارە زۆر لاواز بوو، کە هیچ کەسی قەناعەت پێ نەدەکرد و فەیلەسوفانی دوای ئەویش ئەوەیان کەمتر بەشیاوی باس زانیبوو، بەڵام مەسەلەی چارەسەرنەکراوی تریش هەبوو، کە بۆ سپینۆزا بەهەمان رادە بایەخی هەبوو. ئەو مرۆڤێکی لە ناخەوە ئاکاری و ئایینی بوو، ئەمەش چەندین گرفت و ئاستەنگی دەربارەی زانستی نوێ بۆ دروستکرد.

ئەگەر هەموو هەقیقەت نمونەیەکە لە سیستەمێکی پێوانەیی، کە تیایدا هەر شتێک، کە هەیە، یان روودەدات، دەتوانرێت بە پێویستیەکی تەواو لۆژیکی لە پێشەکییە روون و ئاشکراکانەوە بەرهەمبێن، کەواتە ئەسڵەن چ شوێنێک بۆ هەڵبژاردنی ئاکاری، یان ئیرادەی ئازاد دەمێنێتەوە، ئەگەر هەموو شتێک بەشێوەیەکی زانستی دەستنیشان بکرێت، چۆن دەکرێت ئیرادەی ئازاد لە کاردابێت؟، هەروەها لە سیستەمێکی وادا، خودا چ شوێنێکی هەیە؟ ئەگەر هەرچی لە جیهان روودەدات، بتوانرێت بەپێی یاسا زانستییەکان و هاوکێشە ماتماتیکییەکان روونبکرێتەوە، رەنگە ئیتر پێویست بە خودا نەکات، رۆڵی تێیدا هەبێت. ئەویان بە گشتی خستۆتە لاوە، بەو پێیە لەم سیستەمەدا، نامۆ و پێویست نییە. لە سەدەی هەڤدەهەم تا سەدەی

بیسنەم، زۆر کەس بەم جۆرە پرسیارانە شڵەژاو و سەر لێشێواو بوبوون. وەڵامی نیوتن ئەمە بوو، کە خودا لە سەرەتادا گێتی ئەفراند، پاشان وازی لێهێنا، تا بە پێی ئەو یاسایانەی کە دایناوبوون، درێژە بە کاری خۆی بدات و هەر ئەو یاسایانەشە، کە ئەمڕۆ وەکو یاسا زانستییەکان دەدۆزرێنەوە، بەڵام ئەمجۆرە وەڵامە نەیتوانی سپینۆزا قەناعەت پێبکات، ئەو خودایەکی دەویست کە هەمیشە ئامادەو لە گشت گەردوندا لەبرەودابێت، بەڵام دیسانەوە ئەم پرسیارە جێی باس بوو: لە سیستەمێکی پێوانەیی و جەبری لەسەر بنەمای پێویستی هۆکار، چ شوێنێک بۆ خودایەکی لەمجۆرە هەیە؟

***رەتکردنەوەی دوالیزم:**

ڕێگەچارەکانی سپینۆزا بۆ ئەم مەسەلانە، بە بزاوتێکی بوێرانە لە نکۆڵیکردنی پێشەکی سەرەکی دەستپێکرد، و جیاوازییە بنەڕەتیەکانی نێوان زەین و مادەی رەتکردەوە. ئەو وتی بەو هۆکارانەی کە دیکارت خستونیەتەڕوو، دەزانین کە خودا بوونی هەیە و بونەوەرێکی بێ کۆتاو کامڵە، بەڵام ئەگەر خودا بێکۆتایە، کەواتە نابێت هیچ حەدو سنورێکی هەبێت، چونکە ئەگەر هەیبێت، کۆتایی دێت. کەواتە هیچ شتێک نییە کە خودا نەبێت. ناکرێت بۆ نمونە وێنابکرێت کە خوداوەند یەکبوونی سەربەخۆیە و جیهان یەکبوونی سەربەخۆی تر، لەبەرئەوەیە بوونی خودا سنوردار دەکات، کەواتە خوداوەند دەبێت لەگەڵ هەموو ئەوەی کە هەیە هاوڕیز و یەکسان بێت.

هۆکارێکی باشی دیکەی دیکارتی بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە هەیە. بە گوێرەی پێناسەی دیکارت، جەوهەر بۆ هەبوونی، پێویستی بە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نییە، بەڵام سپینۆزا ئاماژەی بەوەکرد، کە تەنیا گشت هەموو شتێکە، کە هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەوە نییە. هەموو ئەوەی کە بمانەوێت بیناسین، دەبێت لانی کەم بەشێک لەوە بە گوێرەی

شتی دیکەو لەنێو هەمان هەمەکیدا پێناسە بکرێت- رونکردنەوەکانی ئێمە هەمیشە، لانیکەم تا ڕادەیەک، بە پەیوەسنکردنی شتەکان بە شتەکانی ترەوە دەردەبڕێن. تەنیا بوونی سەربەخۆی، کە ئەم حاڵەتەی (پێناسەکردنی بەهۆی شتی ترەوە) نییە و ناکرێت هەیبێت، هەمەکی هەموو شتێکە، کە تەنیا دەبێت ببێت، لە خۆیدا و بۆخۆی، لەگەڵ شتێکی تردا پێناسە ناکرێت و پەیوەندی بەشتی ترەوە نییە، لەبەرئەوەی شتێکی تر بوونی نییە، کەواتە هەمەکی هەمووشت، تەنها جەوهەری راستەقینە و تاکە شتی جەوهەری و تاکە هۆکاری بێ بەرهۆیە، بەڵام ئەمانە خەسڵەتی خواوەندن. سەرەڕای ئەمە- دووبـارە، بەڵام بەهۆکاری جیاواز- خواوەند دەبێت هاوڕێز و هاوسەنگی هەموو شتێک بێت.

بەم شێوازە چ جیهانی بوون بە پێی چەمکە ئاینیەکان پێناسە بکەین و چ بە گوێرەی هەسارەکان و شتە مادییەکانی تر، یەک شتی تر پێناسە دەکەین. کۆمەڵێک لە گوتەزای ئەبستراکتی، یان زەینییە، کۆمەڵێکی تر، مادی، بەڵام ئەمانە تەنیا دوو شێوە جیاوازن بۆ راڤەی واقیعەتێک. یەکبوون بوونی هەیە، کە لە دوو لایەنی جیاوازەوە دەبینرێت، کەواتە خودا لە دەرەوەی جیهان نییە، بەڵام لە نێو جیهانیش نییە، ئەو خۆی جیهانە، دەتوانرێت بوترێت جیهانی مادی جەستەی ئەوە، ئەگەرچی ئەمە تەنیا یەک شێوازی روانینە بۆ بابەتەکە، ئیدراکی رۆحانی لە خواوەندیش، تەنیا رێگەیەکی ترە بۆ ناسینی هەمان بوون. ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەوەی، کە هەندێک بونەوەری کۆتایین، نەک ناکۆتایی، هەمان سروشتی دوالیزمانەمان لە خۆماندا هەیە، بوونی ئێمە هەمان جەستەی فیزیکیە، بەڵام لەگەڵیشیدا رۆحی خۆشمانین و ئەمە دوو بەشی لێک جودا نین و یەک تاکەکەسن، بە گوێرەی پەندێکی کۆنی یەهودی، دەڵێت: کە جەستە شێوەی روکەشی رۆحە.

ئەم تێڕوانینێکی سەرنجڕاکێشەو زۆربەی بیرمەندانی دوای سپینۆزا،

شەیدای ئەوەبوون. ئەم بەخوداکردنەی سروشت سەرنجێکی زۆری هەبوو بۆ بزوتنەوە رۆمانتیکیەکان، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، بیرمەندەکانیشیان، سپینۆزایان بە قەدیسی پارێزەری خۆیان زانی، بەڵام بە پێچەوانەی رۆمانتیکیەکانەوە، بە بڕوای سپینۆزا، رەفتارە کەسییەکان بە کۆمەڵێک هۆکار دیاریدەکرێت، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ویست و دەسەڵاتی ئەوە، هەڵبەتە نەک لە رێگەی جەبرێکی توند و خۆکارەوە. سپینۆزا بە روانینێکی قووڵەوە ماوەیەکی زۆر بەر لە فرۆید بەڵگەی دەهێنایەوە، کە هەستی بکەری سەربەست بوونمان، تەنیا خەیاڵ پڵاوییەکە لەسەر ئەم بنەمایەی، کە ئێمە زۆربەی کات لە هۆکاری راستەقینەکانی رەفتارمان بە ئاگانین و گەیشتن بەم ئاگاییە لە رێی بیرکردنەوە، دەتوانێت ئازادمان بکات، هەڵبەتە نەک بەوشێوەیەی، کە بەمانای راستەقینەی وشەکە، بکەرێکی ئازادبین، بەڵکو تێگەیشتن و تێڕوانینێکی دەروونیمان پێدەدات، تا بتوانین هەموو شتێک بە هەمان شێوەی، کە هەیە قبوڵبکەین. ئەو یەکەمین کەس بوو لە ئەوروپادا کە ئەم ئەندێشەیەی هێنایە بەرباس، بەڵام بە پێچەوانەی فرۆیدەوە، ئەو دەیوت، بێ مانایە ئەگەر هەموو زەینی تاکە کەسەکان گیرۆدەی کێشە کەسییەکانی خۆیان بن، چونکە ئەمانە تەنیا نیگەرانییە بچووک و هیچ و پوچەکانن. دەبێت هەوڵبدەین کە کێشەکانی خۆمان لە پێگە راستەقینەکەیانەوە، لە کاروبارە هەمەکییەکانەوە لێیانبڕوانین و ئەوکاتە تێدەگەین، کە چەند بێبایەخن و ئەمەش زۆر هاریکارمان دەبێت، کە بەرگەی کێشەو گرفتەکانمان بگرین. ئەو بە خوازەیەکی لەبیرنەکراو بۆ دەربڕینی ئەم ئەندێشەیە وتی: پێویستە بە چاوێکی هەمیشەییەوە بڕوانینە ژیانی خۆمان. دەربڕینە لاتینیەکەی (sub spectes aeternitatis) ئێستاش برەوی هەیە.

***تێڕوانینی مرۆڤانە:**

هاوسەنگی، ڕاست بینی، پشودرێژی، ئەمانە دەرەنجامی لایەنی کۆمەڵایەتی فەلسەفەی سپینۆزان و لە چوارچێوەی فەلسەفە سیاسییەکەشیدا هاتوون. یەکێک لەو کتێبانەی کە لە ژیانیدا بڵاویکردەوە، نامیلکەی لاهوتی–سیاسییە (کە ڤیگنشتاین ی فەیلەسوفی سەدەی بیستەم، لاسایی ناونیشانە لاتینیەکەی ئەم کتێبەی کردەوەو کتێبەکەی ناونا، نامیلکەی لۆژیکی–فەلسەفی)، کە ئامانجی سەرەکی ئەو بەرگریکردنە لە ئازادی ڕادەربڕین. سپینۆزا، ئەم ئازادییە، نەک تەنیا دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بۆ دەستەبەربوونیشی پێویستە. ئەم دیدگایە ئێستا وەک بەشێکی باوە لە بیرکردنەوەی لیبڕاڵانە، بەڵام سپینۆزا یەکەمین کەس بوو، کە ئەوەی بەهەندێ پێوەری نوێ هێنایە ئارا. ئەو دەڵێت: لە کۆمەڵگایەکدا، کە حکومەتێکی ئەقڵانی بەڕێوەی ببات ((هەموو کەسێک دەتوانێت بەهەر شێوەیەک بیەوێت بیربکاتەوەو بیرکردنەوەی بێتە سەر زمانی))، و لەدرێژەی ئەمەدا دەگاتە خاڵی سەرەکی: ((تێکدەرانی ڕاستەقینەی ئارامی و سەقامگیری، ئەو کەسانەن کە لە وڵاتێکی ئازاددا هەوڵدەدەن ئەو ئازادییە بیروباوەڕە سنوردار بکەن، کە ناتوانن بەزۆر بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.))

شاکارە مەزنەکەی سپینۆزا، ((ئاکار 1677))، وەکو کتێبێکی وانەیی ئەندازە ڕێکخراوە. هەر پاژەیەک بە ڕاڤەیەکی شیاو و هەندێ ڕێساو پڕەنسیپی سەرپێی دەستپێدەکات و خودی بەڵگاندنیش لە درێژەدا دێت، کە لە کۆتاییەکەیدا، پیتی (PED) نوسراوە. QED کورتکراوەی دەستەواژەی لاتینی (QUOD ERAT DEMONSTRANDUM)ە، واتە: (( ئەوەی کە دەبێت بسەلمێنرێت)) کە بۆیەکەمین جار لە کۆتایی هەر پاژەیەک لە کتێبەکە سەرچاوەی جاویدانی ئەندازە، بنچینەکانی کتێبی ئەقلیدس لە سەدەی سێیەمی پێش زاین، هاتووە) هەموو ئەمانە بە گوێرەی دیدگای

سپینۆزایە، کە لە تیۆری دیکارتەوە وەدیهاتووە، لەسەر ئەوەی، کە شێوازێکی دروست بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی جیهان، سود وەرگرتنە لە شێوازەکانی ماتماتیک بۆ دۆزینەوەی واقعیەت. زۆر کەس ئەم کتێبەیان وەک بەرزترین نمونەی هەوڵدانی فەیلەسوفێک بۆ تێگەیشتنی هەموو شتێک لە چوارچێوەی سیستەمێکی یەکگرتوو، زانیوە، بەڵام بەکارهێنانی فۆڕمی ئەقلیدسی لە شاکارێکی لەو شێوەیەدا، خوێندنەوەی کتێبەکەی قورس کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دەسکەوتە لۆژیکییەکانی، تەنیا لە حاڵەتێکدا شیاوی پەیپێبردن و تێگەیشن دەبن، کە خوێنەر ئەو گریمانانە قبوڵ بکات، کە لە کاتی سپینۆزادا باو بووە، بەڵام لە رۆژگاری ئێمەدا نییە، بۆ نمونە ئەمەی کە بوونی خودا بە بەڵگەنەویست بزانرێت. وێڕای ئەوە بە پێوەرەکانی سەدەی بیست و یەکەم، بەڵگەکانی سپینۆزا لە بنەڕەتەوە لۆژیکی نییە، بەڵام هەڤیازی (باشی) راستەقینەی ئەم کتێبە لە وردەکارییەکانی پیشاندانی بەڵگەکاندا نا، بەڵکو لە دەسکەوت و تێڕوانینە هەمەلایەنەکانی ئەودا شاراوەتەوە.

***کاریگەرییەکی دڵخواز:**

سپینۆزا گەورەترین پەیڕەوی یەکبوون ((پانتەئیزم) بوو لە نێو فەیلەسوفەکانی خۆرئاوادا. لەگەڵ ئەوەی، کە بەرهەمەکانی بۆ نزیکەی سەد ساڵ لە دوای مردنی فەرامۆشکرا، دووبارە لە بزوتنەوەی رۆمانتیکەکاندا برەوی پەیداکردەوەو بەرز راگیرا، ئیتر لەوە بەدوا، هەمیشە لایەنگر خۆی هەبوو، بەتایبەتی تێڕوانینی وردی بۆ هەمەکی ئەوەی، کە هەیە.

هەرچەندە سپینۆزا یەکەمین فەیلەسوفی مەزن بوو، کە پەیڕەوی لە دیکارت کرد، دژی دوالیزمی دیکارتی بوو. دژایەتیەک کە تا بەر لە سەدەی بیستەم باو نەبوو. ئەو یەکەمین فەیلەسوفی مەزن بوو، کە مەرجی بنەڕەتی ئـازادی دەربڕین-نەوەیەک بەر لە لۆک-خستەڕوو. ئەویش تێڕوانینی

راستگۆیانە، بەڵام قووڵ و عیرفانی ئەو دەربارەی بێبایەخبوونی مەسەلە شەخسیەکانمان لە پرۆژەی هەمەکی گەردوندا، کۆمەک و دڵدانەوەیەک بوو، بۆ زۆرێک لەو کەسانەی پێویستیانە.

ئەم پێکەوە هەڵکردن و قوڵبونەوانە، بەهەمان رادە، کاریگەری لەسەر خەیاڵی فراوانی خەڵک داناوە. لەو کۆمەڵە فەیلەسوفانەی دواتر ستایشیان کردووەو لێیەوە فێربوون، دەتوانرێت ئاماژە بە هیگڵ، شۆپنهاوەر، نیچە و بێرتراند راسڵ، بکرێت. راسڵ دەربـارەی سپینۆزا نوسیویەتی: ((ئەو لە نێو فەیلەسوفە گەورەکاندا لە هەموویان پایە بەرزترو خوێن شیرینترینیانە. لەڕووی فکرییەوە هەندێک لەو بەرزتر بوون، بەڵام لە ئاکاردا ئەو بەرزترینە.)) جگە لەو فەیلەسوفانەی، کە سەرسامی ئەو بوون، بیرمەندە زۆر گەورەکانی ئەندێشە لە بوارەکانی دیکەدا، وەکو ئەنشتاین و فرۆید، هەروەها هونەرمەندانی داهێنەری گەورەی، وەک گۆتەو جۆرج ئەلیۆتیش خۆیان بە قـەرزداری ئەو زانیوە. ئەو سیمایەکی پڕ بایەخی هەم لە فەلسەفە، هەم لە گشت کلتوری خۆرئاوادا هەیە. ئەمە نیشانەی خاڵێکی گرنگە دەربارەی فەیلەسوفە مەزنەکان. بنەمای کاری هەر یەکێک لەوان، تێڕوانینێکە بۆ راستێتی گشتی. فەیلەسوف هەوڵدەدات بە بەڵگەو بۆچوونی قەناعەت پێهێنەر ئەو تێڕوانینەی بۆ ئێمە بگوازێتەوە. ئەو رەخنە گریمانەییەکان لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵدەدات بە کۆمەڵێک بەڵگەی ترەوە، وەڵامیان بداتەوە. ئەم بەڵگاندنانە رەنگە زۆر ئاڵۆز بن. بەڵگە تایبەتییەکان دەشێ تەکنیک و تێگەیشتنیان دژوار بێت، یان لەمەش خراپتر، دوورو درێژ (راڤەکراو) و بێزارکەربن، بەڵام ئامانجی سەرەکی لە بەڵگەکاندا نییە، بەڵکو لە تێڕوانینەکاندایە. هەندێک جاریش تێگەیشتنی لە خودی ئەم تێڕوانینەش دژوار دێتە بەرچاو، بەڵام زۆربەی کات، لە بەراورد بە بەڵگەکاندا سادەیە.

**پەراوێزەکان:**

1- سفاردییەکان: میراتگرانی جولەکە ئیسپانی و پورتوگالیەکان، یان سفاردییەکان لەگەڵ میراتگرانی جولەکەکانی باکور و خۆرهەڵاتی ئەوروپا، یان ئەشکەنازییەکاندا جیاوازییان هەیە. جولەکە سفاردییەکان، کە سپینۆزایان لەنێوخۆیاندا دەرکرد، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا کاتی دەکردنیان لە ساڵی 1492 لە ئیسپانیا دەژیان. لە دوای ئەوەوە، ئیتر لە باکوری ئەفەریقا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پاشان لە ئەمستردام و شارەکانی تری ئەوروپا و کیشوەری ئەمەریکا نیشتەجێبوون.

2- زانکۆی هایدلبێرگ: لە ساڵی 1673 دا پێشنیاری پلەی مامۆستای فەلسەفە بۆ سپینۆزا کرا، بەڵام ئەو رەتیکردەوە. هایدلبێرگ، کۆنترین زانکۆی ئەڵمانیا لەلایەن روپێرتی یەکەم لە ساڵی 1386 بە مۆڵەتی پاپا ئوربانی شەشەم دامەزرا. ئەو سەردەمەی کە پێشنیاری پلەی مامۆستایەتی بۆ سپینۆزا کرا، بە یەکێک لە باشترین زانکۆکانی ئەوروپا دەژمێردرا.

3- ئۆپتیک: سپینۆزا زۆر حەزی لە بواری ئۆپتیک (لقێکە لە فیزیا کە باس لە ناسینی روناکی و ئامڕازەکانی دەکات) و ئەستێرەناسی نوێ بوو، پسپۆڕی دروستکردنی هاوێنە بوو، هەروەها بژێوی ژیانیشی لە رێگەی داتاشین و سافکردنی هاوێنەکانەوە بۆ چاویلکەو میکرۆسکۆپ و تێلیسکۆپ، دابیندەکرد.

4- ڕەخنەگرتن لە کتێبی پیرۆز: رەخنەی ئەدەبی و مێژوویی تەورات و ئینجیل، کە ناوبانگی بە ((رەخنەی باڵا))ش رۆیشتووە؟، بە هەلومەرجە مێژووییەکانی پەیدابوونی دەقە ڕەخنەییەکانەوە خەریک دەبێت. ئەم بەشە سەروکاری لەگەڵ سێ بابەتدا هەیە: پێکهاتەی ئەدەبی ئەم دەقانە، مێژووی دانانیان و نوسەرەکانیان. سپینۆزا بەهۆی لێکۆڵینەوەی بێ لایەنانەی لە کتێبی پیرۆزدا (کە مێژووی زۆر درەوشاوەی لەسەردەمی کۆندا دواکەتووتر

له مێژووی کلتوری جێگیرکرد) به یەکێک له پێشڕەوانی ڕەخنەی کتێبی پیرۆز دەناسرێت.

5- بەرهەمه سەرەکییەکان: نامیلکەی لاهوتی سیاسی له ساڵی 1670 بەبێ ناو بڵاوبوەوه، بەڵام له ساڵی 1674 بەهۆی دیدگا مشتومڕ هەڵگرەکانی دەربارەی کتێبی پیرۆز و لاهوتی مەسیحی، لەلایەن کەنیسەوه یاساخ کرا. شاکاره مەزنەکەی سپینۆزا، واته کتێبی (ئاکار)، دوالیزمی دیکارتی ڕەتکردەوەوەو یەکبوون (پانتەئیزم)ی سەلماند.

6- موسا کوڕی مەیمون: مەزنترین کەسایەتی فیکری ئایینی یەهودی بوو له سەدەکانی ناوەڕاستدا. کوڕی مەیمون (1135-1204) له قورتوبەی ئیسپانیا له دایکبووه. ئەو، فەیلەسوف، مافزان و بیرمەند بووەو نوسینه فەلسەفییەکانی له دوای وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی لاتین، فەیلەسوف و نوسەرانی (سکۆلاستیک)ی سەدەکانی ناوەڕاستی خسته ژێر کاریگەری خۆیەوه. بەناوبانگترین بەرهەمی بەناوی ڕێنوێنی سەرگەردانەکان (1176-1191)بـوو، که تیۆرەکانی ئەرستۆی خسته نێو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستەوه، پاشان سپینۆزاش بەرهەمەکانی کوڕی مەیمون ی به یەکێک له سەرچاوەکانی هەندێک له بیروڕاکانی خۆی زانی.

7- یەکبوون: باوەڕ بوون به یەکبوون، یان ((هەموو خودایی)) (پانتەئیزم) بەشێوەیەکی سەر زارەکی واته (( هەموو شتێک خودایه)). شێوازێکی فکرییه، که خوداوەند لەگەڵ گشت جیهان یان جیهانی سروشت بەیەک دەزانێت. یەکبوون جەخت لەسەر یەکتایی ((یەکێتی)) گشت واقعیەت دەکاتەوەو ئەم یەکتاییه به نیشانەی یەزدان دەزانێت. پەیڕەوانی یەکبوونی ئایینی، زۆربەیان ئەهلی عیرفان (خوداناسی) و سۆفیگەرین و بانگەشەی ئەوه دەکـەن، که خوداوەندیان له بیرکردنەوەو تێڕامانی دەروونیەوه ئەزموون کردووه. سپینۆزا فەیلەسوفێکی ئەقڵگەرا بوو، لەسەر ئەم باوەڕه

بوو، کە خودا، مرۆڤ و دنیای مادی، هەموو لە یەک گەوهەرن و بوونی هەموو شتێک، چ جەستەیی و چ رۆحی، بەشێکن لە بوونی خوداوەند. جگە لە سپینۆزا، رەنگە بتوانرێت (فیختە، شلینگ و هیگڵ)یش لە ریزی فەیلەسوفانی پانتەئیزم بزانرێت.

8- ئازادی بیرورِا دەربڕین و هەستەکان: هۆڵەندا لە سەردەمی سپینۆزادا پەناگەی لیبڕاڵەکانی هاوشێوەی (دیکارت) بوو، کە بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر سپینۆزا بەجێهێشت. خودی سپینۆزاش لە هیچ وڵاتێکی ئەوروپایی دیکە، نەیدەتوانی کاری فەلسەفی خۆی درێژە پێبدات.

9- کەسایەتیەکی مشتومڕ هەڵگر: ویستی نەگۆڕی سپینۆزا و لێبڕاوی و سوربوونی، کە هەمیشە هەمان ئەو شتە دەربارەی لاهوتی مەسیحی بڵێت، کە باوەڕی پێیەتی، ئەگەرچی بە هەراو زەنا کۆتایی بێت، کارەکەی گەیاندە ئاستێک کە زۆربەی هاوچەرخەکانی ئەویان بە بەرجەستەکەری بێباوەڕی زانی.

10- ئاکار: کتێبە سەرەکیەکەی سپینۆزا (ئاکار1677-)، لە دوای مردنی بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە نەک تەنیا لە بابەتە ئاکارییەکان، بەڵکو لە گشت بوارەکانی فەلسەفە دەکۆڵێتەوە.

سیستمی فەلسەفی سپینۆزا وەکو ئەندازەی ئۆقلیدسی داڕێژراو بوو، لەسەر ئەم بنەمایە دانرابوو، کە دەتوانێت هەموو شتێک بسەلمێنێت.

10- رەخنەگرانی ئەدەبی: ناوبانگی سپینۆزا بە هەوڵی رەخنەگرانی ئەدەبی، بەتایبەت نوسەران و رەخنەگرانی ئەڵمانی سەدەی هەژدەهەمی وەکو لیسنگ و گۆتە و کولریج- شاعیری ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەم- دووبارە بوژایەوەو ئەندێشەکەی بووە جێگەی رێزو پێزانین. لینگ لە دوای خوێندنەوەی هەڵبەستی (پرومتە)ی گۆتە، بەڕاشکاوی باوەڕی خۆی

بە فەلسەفەی یەکبونی سپینۆزا راگەیاند.

11-جۆرج ئەلیوث: جۆرج ئەلیوث رۆماننوسی ئینگلیزی، کە ناوە بنەڕەتییەکەی ماری ئێن ئیڤانز (1819-1880) بوو، شێوازی لێکدانەوەی دەرونناسیانەی پەرەپێدا، کە تایبەتمەندی چیرۆکنوسی نوێیە، کتێبەکەی (میدل مارچ1872-) بە یەکێک لە رۆمانە دیارو بەرجەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە قەڵەمدەدرێت.

**ڕێگە بدە با دادپەروەری ئەرکی خۆی بە جێ بگەیەنێت، بەڵام میهرەبانی و عەشق بە سەریدا سەربکەوێت**

**پێشەکی**

بیست و یەکی شوباتی وەبیرهێنەرەوەی مەرگی گەورەی بیرمەندو فەیلەسوفی جولەکە، بارۆخ سپینۆزایە، پیاوێک کە پوختەیەک لە ژیانیی پڕ چەرمەسەری و قانعیانەی خۆی لە چوارچێوەی ئەندێشەی نوێ، هەندێک بەرهەمی بە گشتی ناتەواو بۆ خەڵکی جیهان بە میرات بەجێهێشت، تاوەکو بە وتەی خۆی رێگەی سەختی گەیشتن بە هەقیقەت بۆ ئەوان ئاسانتر بکاتەوە. لە درێژەدا چاوێک دەخشێنین بە سەر ژیان و بیر و ئەندێشەکانیدا.

**ژیاننامە**

کاتێک کە کارەساتەکانی ئەنجامی روانگەی پاشەڕۆی کڵێسەی سەدەکانی ناوەڕاست لە چوارچێوەی لێپێچینەوەو بیروڕا، سوتاندن و کۆمەڵکوژییە کارەساتبارەکان، داوێنی جولەکەکانیشی گرتەوە، کۆنەمیراتی «ماڵ بە کۆڵەوە بوون» جارێکی تر لە بەرامبەریاندا خۆی زەقکردەوە. گروپێکیان بەرەوە ئیسپانیا و پورتوگال رۆشتن و بە تاوانی شاردنەوەی زێڕ و زیوەکانیان کۆمەڵکوژکران. کۆمەڵێکی تر بەرەو بەریتانیا و ئیتالیا بەڕێکەوتن، کە وەرنەگیران و پێدەچێت تەنیا ئەو بەشەی، کە دەرفەتی نیشتەجێ بوونێکی ئارامیان بۆ رەخسا، ئەوانە بوون کە روویانکردە هۆڵەندا. خێزانەکەی سپینۆزاش لە ناو ئەم کۆمەڵەیەدا بوون.

گرنگترین بیرەوەریی منداڵیی سپینۆزا، وێنای هەڵشاخانەوەی

بەرپرسانی کەنیسەی ئەمستردام بە پیاوێکدا، بە ناوی ئەڤۆییل ئەکۆستا بوو، کە بەڕای ئەوان خاوەن بیر و هزری ناڕاست بوو.

بارۆخی منداڵ لە باوکی بیستبوو، کە بیرکردنەوەی ئازادانەی ئایینی بەشێک لە تایبەتمەندییە نەمرەکانی بیرو فەلسەفەی جولەکەیە، ئەمانە تەنیا بەهۆی کاریگەریی چەندین سەدە ژیان لە جیرانییەتیی توندو تیژییەکانی کڵێسەی سەدەکانی ناوەڕاست، فێری ئەو چەشنە رەفتارە بوون.

بارۆخ سەردەمی گەنجی خۆی بە فێربوونی زمانی لاتین، ئەدەبیاتی ئیسپانیی، زمانی عیبری، کتێبی پیرۆز، تێلمود و بەرهەمی توێژەرانی جولەکە بردەسەر .لە سەرەتای لاوییەوە دەستیدایە دامەزراندنی بونیاتی هزریی فەلسەفەی خۆی، هەر لەم کاتەوە بوو، کە رووبەرووی دژایەتیی جدی هەندێک لە توێژەران بووەوە. دژایەتییەک کە هەموو رۆژێک شێوەیەکی فراوانتری بەخۆوە دەبینی .لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا، گەنجێکی سەرسەخت بوو، کە راشکاوانە رایگەیاند ئامادە نییە لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک، چاوپۆشی لە هیچ بەشێکی بیروڕاکانی خۆی بکات، لە ئەنجامدا ساڵی 1956 بە پێی بەیاننامەیەکی رەسمی توێژی کاربەدەستانی جولەکەی ئەوروپا، بارۆخ سپینۆزا تەکفیرکرا و لە بەنی ئیسرائیل دەرکرا. ئەو بە شایانی هەموو نەعلەت و عەزابە ئیلاهییەکان زانـرا، تاکەکان ئاگادارکرانەوە، نابێت بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو گفتوگۆ بکەن، یان تەنانەت نامە بگۆڕنەوە و لێی نزیک ببنەوە و نوسینەکانی بخوێننەوە...

پاش تەکفیر، وەڵامی نەرێنی و بنەبڕی دایـەوە، بەو پاداشت و پێشنیارانەی، کە مەسیحییەکان بۆ تەڤلی بوون بە ئایینی نوێ و ژیانێکی کۆمەڵایەتی هاوڕێ لەگەڵ ئارامش لە پاڵ هاوئایینە نوێکان، دەیانخستە بەردەمی و بە چـوونـەدەرەوە لە ئەمستردام، لە ژوورێکی بچووکدا ژیانێکی گۆشەگیر و ئارامی دەستپێکرد .پاش ماوەیەک بۆ بردنە سەری

ژیان، دەستیدایە دروستکردنی لێنزی کامێرا و شوشەی چاویلکە، ئەمە لە کاتێکدا کە کاتی دەستبەتاڵی خۆی بۆ بیرکردنەوە، نوسین و سەیرکردنی جاڵجاڵۆکەکانی بن میچی ژوورەکەی، ئەوەی کە ئەم جاڵجاڵۆکانە چەندە لە مرۆڤ دەچن، تەرخانکرد: « ئەوانەش بە لێهاتووییەکی سەرسوڕهێنەر تۆڕەکانیان دەتەننەوە و خانوو دروستدەکەن، دواتر لە لونکەی ساویلکەیی و ئەحمەقبووندا بە بێ هیچ هۆکار و هۆیەک، ئەوەی کردوویانە تێکی دەدەنەوە...»

ئەو دواتر دەنوسێت، کە هیچ رقێکی لەوانە نییە وا تەکفیریان کردووە:» کاری من ئەوە نییە، کە سەرزەنشت بکەم، یان کەسێک سزابدەم، بەڵکو ئەرکی من فامکردن و تێگەیشتنە...»

ئەو نەک هەر فامکردنی جیهانی هەستیی، بەڵکو دەرکی سەرجەم خوڵقێنراوە شاراوەکانی ناو ئەویشی کردبووە ئامانج .دوای مردنی باوکی، خوشکەکەی هەوڵیدا بیخڵەتێنێت و لە میراث بێبەشی بکات. سپینۆزا ئەم کێشەیەی بردە بـەردەم دادگـا، دوای سەرکەوتن بەسەر خوشکەکەیدا، سەرجەم ماڵ و موڵکەکەی خۆی پێ بەخشی و حوکمەکەی دادگای دڕاندو وتی: « ڕێگە بدە با دادپـەروەری ئەرکی خۆی بەجێبگەیەنێت، بەڵام میهرەبانی و عەشق بە سەریدا سەربکەوێت...»

گەورەیی رۆح و بەرزیی ئەخلاقی سپینۆزا تەنانەت دوژمنەکانیشی وا لێدەکرد، کە رێزی بگرن:» گەورەترین سەرکەوتن بە هێزی توندوتیژی بەدینایەت، بەڵکو بە لە خۆبردوویی، گەورەیی و پاکیی رۆح بەرهەمدێت...» بەو جۆرەی هاوڕێکانی باسیدەکەن؛ ئەو هەرگیز بە شوێن ئەوەوە نەبوو، کە رای خۆی بە سەر کەسانی تردا بسەپێنێت، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی دەدایە داوەری خۆی بۆ بونیاتنانی ئەندێشەی تایبەتیی خۆی، ئەو دەیخواست کتێبی «ئەخلاق» پاش مردنیی و بە بێ ناوی خۆی بڵاوبکرێتەوە، چونکە رای

وابوو:» حەقیقەت گرێدراوی کەسێکی تایبەت نییە و ئەوە گرنگ نییە، کە رستەکانی دەربڕێت، حەقیقەت یەکەمجار لە لایەن چ کەسێکەوە نوسراوە یان وتراوە، ئەو شوێنەی کە تێیدا حەقیقەت بە جدی وەردەگیرێت، تەنانەت مولکداریی تێدا نییە...»

لەوکاتەدا کە زۆر ناوداربوو، پێشنیاری یەکێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەڵمان بۆ دەستبەکاربوون لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی هایدێلبێرگ، بە مەرجی رەخنە نەگرتن لە ئایین و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی حکومەت لەو وڵاتە، هەروەها پێشنیاری لویسی چواردەهەم بۆ ناونانی یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی ئەو، زۆر بەڕێز و حورمەتەوە رەتکردەوە.

...لە سەردەمی شەڕی ئازادیخوازیی خەڵکی هۆڵەندا، لە دژی فلیپی دووەمی پاشای ئیسپانیا، بە لایەنگریی لە رزگاریخوازان هاتە مەیدان و بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی «خوداناسی و سیاسەت» لە 1970 بە فەرمی دەستیدایە پشتیوانیکردن لە سیاسەتەکانی ئەوان و هاوڕێ کوژراوەکەی واتا «یان دۆڤیت».

**بەرهەمەکان**

سپینۆزا لە درێژەی هزرە سیاسییەکانیدا، دەستیدایە شیکردنەوەی جۆری ئارمانیی حکومەتی پاشایەتی و ئاریستۆکراتی، بەڵام کاتێک دەستیکرد بە شیکردنەوەی «حکومەتی دیموکراسی» زانی کە تووشی نەخۆشیەکی سەخت بووە، لەوانەیە مەرگ مۆڵەتی نەدات، بۆیە بە پێویستی زانی بەرهەمەکانی دیکەی تەواوبکات. لە گرنگترین بەرهەمەکانی، دەکرێت ئاماژە بدرێتە «بنەماکانی فەلسەفەی دیکارت» کە تێیدا دەستدەداتە شیکردنەوەی بیرکاریی بنەماکانی فەلسەفەی دیکارت. لە دوو کتێبی «خواناسی و سیاسەت» و «سیاسەت» دا بنەماکانی سیاسەت شیدەکاتەوە . هەڵبەت « سیاسەت» لەگەڵ کتێبەکانی «ئەخلاق، چاکسازی نامە، نامەکان و رێزمانی عیبری» هەر

هەموویان پاش مردنی ئەو بڵاوکرانەوە، ئەو مەرگە لە ناکاوەی، کە بووە هۆی بەناتەواوی مانەوەی زۆربەی ئەم بەرهەمانە. پێدەچێت ئەو لەم رستە بەناوبانگەیدا :»ئەم نوسراوانە تەنیا بەشێک لە هەقیقەت لە خۆدەگرن» ناتەواو مانەوەی ئەم بەرهەمانەی پێشبینی کردبێت.

یەکێکی دیکەی بەرهەمەکانی» نامیلکەی کۆڵکەزێڕینە، کورتەیەک سەبارەت بە خەسڵەتەکانی خواوەند، باشبوون و ...تا دەخاتەڕوو.

**بنەما هزرییەکان**

یەکگرتوویی بوون (وحدث وجود) گرنگترین بیرۆکەی سپینۆزا، یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی هەوڵی هزری ئەوە بۆ پێشکەشکردنی شیکارییەکی رۆشنگەرانە لە جیهانی هەستی .لە سەرەتای ئەم تیۆرییەدا، کە لە کتێبی ئەخلاق دا خراوەتە بەرباس، سپینۆزا لە وەڵامی پرسیاری بەناوبانگی «چی هەیە؟» دەڵێت:»جەوهەر، خەسڵەت و حاڵەتی جەوهەر.»

«جەوهەر سەرەتا» هەمان هۆکاری هۆکارەکان، یان شتێکە، کە هەستیی خۆی بە گرێدراوی هەستییەکی دی نازانێت، بۆیەش چەمکی جەوهەر، چەمکێکی جگە لە خۆی پێویست ناکات، تەنیا بە هۆی خۆیەوە دێتە فامکردن.

«بوون»ی هەر بوونەوەرێک، نەبوونێکیش دێنێتە مێشک جگە لە جەوهەر، کە بە بێ بەپێویست زانینی بوونەکەی، نایەتە وێناکردن و بە وتەی سپینۆزا:» سروشتی جەوهەر تەنیا وەک «بوون» دێتە فامکردن...›› لەم پێناسەیەدا سپینۆزا گریمانی بەرجەستەنەبوونی جەوهەر لەگەڵ گریمانی بەرجەستەنەبوونی هەستی بە یەکسان دادەنێت، لە بنەمادا پەژراندنی حوکمی «هەستی هەیە» وەک حەقیقەتێک، حوکمی «جەوهەر هەیە» وەک واقیعێک دەستنیشاندەکات و لە درێژەدا تاقانەیی هەستی ئەنجامی تاقانەیی جەوهەری لێدەکەوێتەوە.

سپینۆزا مەبەستی، خۆی لە «خەسڵەت» بەمشێوەیە دەردەبڕێت:» جەوهەر بێکۆتا خەسڵەتی هەیە، کە دەربڕی شوناسی زاتیی جەوهەرن و ئێمە هەموو ئەوانە ناناسین. ئەم خەسڵەتانە دەبێت لە ڕێگەی بیرکردنەوە فامی دەروونی و دەرکی ڕەهەند فامی دەرەکی) بەرهەمبێن، و لە کۆتاییدا «حاڵەت» ڕەهەندێکی خەسڵەتە کە وەک خودی ئەو، یان جەوهەر بێکۆتا و بێ دوایی نییە، بەڵکو خاوەن کۆتاییە و گرێدراوی زەمەن و کاتە.

سپینۆزا دەڵێت:» دانە دانەی بوونەوەرەکان شتێک نین، جگە لە بەرجەستەبوونی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی خواوەند، یان حاڵەتگەلێک، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە، خەسڵەتەکانی خواوەند بە شێوەیەکی تایبەت رادەگەیەندرێت، کەواتە هەرچی هەیە لە خواوەندایە...»

لە درێژەدا سپینۆزا بە پشتبەستن بە چەمکگەلی جەوهەر و خەسڵەت دەستدەداتە شیکردنەوەو بەڵگاندن سەبارەت بە هەندێک خەسڵەتی خواوەندی وەک بوون، بێکۆتابوون، ئەزموون هەڵنەگریی، تاقانەیی، دیاریکەر نەبوون، نا-جەستەیی و وێنا هەڵنەگریی... بۆ شیکردنەوەی تاقانەیی دەڵێت:» ناکرێت هیچ شتێک بە تاقانە ناوزەدبکرێت، مەگەر دوای ناسینی شتێکی دیکە، کە لەگەڵ ئەوەدا یەکسان و بەرامبەر بێت، بەڵام بوون و شوناسی خواوەند تاقانەیە.»

تاقانەیی جەوهەر لە هزری سپینۆزا دا دەگاتە ئەم ڕوانگەیە، کە سیستەم و پەیوەندیی ئایدیاکان لە جیهاندا ڕاست وەک سیستەم و پەیوەندی شتەکان وایە، چونکە سەرجەم خەسڵەتەکان، گرێدراوی جەوهەری تاقانەیە، هەربۆیە هەر بەشێک لە سروشت لەگەڵ گشتەکەی خۆیدا سازگارە و گرێدراوی سەرجەم سروشتە.

تیۆری ناسین، کە دەربڕی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سپینۆزایە سەبارەت بە «زانـیـن»ی قۆناغەکانی ئەو و شێوازە جۆراوجۆرەکانی

دەستڕاگەیشتنە پێی، بابەتی سەرەکی کتێبی «چاکسازی فامکردن» پێکدێنێت. لە روانگەی سپینۆزاوە سێ قۆناغی ناسین بریتین لەمانە: یەکەم بیر لە بەرهەمی گومان، کە لەلایەن ئامۆژەکان و ئەزموونەکانەوە دانی پێدادەنرێت. دووهەم بڕوا و سێهەم ناسینی رووناک و جیاواز.

بۆ نموونە پرسێکی بیرکاری وەک ؟*4=3+5 پێدەچێت، بە یەکێک لەم سێ شێوە وەڵام بدرێتەوە:

یەکەم میتۆدی بیرکاری بۆ وەڵامی هاوکێشەکان بەم واتایە، کە کۆی دوو ژمارەی سەرەتا و دابەشکردنی ئەنجامەکەی بە سەر ژمارەی زەرب کراو، نادیارەکە دەردەخات. کارێک کە بە گشتی بە شێوەی ماشینی و بەرنامەڕێژ کراو ئەنجامدەدرێت، تەنانەت پێدەچێت وەڵام دەرەوەی پرسەکە بە ڕوونی نەزانێت، کە پرسەکە و کردە ئەنجامدراوەکان بۆ گەیشتن بە وەڵام، واتایان چییە.

قۆناغێکی دیکە ئەوەیە، کە بە تێگەیشتنی پرسەکە ئەمەی، کە دوو لایەنی وەک یەک دەبێ دوو ژمارەی بەرامبەر بن) ژمارەیەک هەڵبژێرین، کە زەرووڕەتی بوون بە دەستەوە بدات و لە کۆتاییشدا قۆناغی سێهەمە، کە ناسینی پرسەکە، تا ئەو شوێنە بێت، کە بە چاوخشاندنێک ژمارەی چوارەم ببینین (شهودی دەروونی

لە بەشی یەکەم دا پرسی بیرکاری بۆ ئێمە حەقیقەت نییە، بەڵکو تەنیا بیرێکە. لە بەشی دووهەم دا دەگەینە حەقیقەت وەک دەرەنجامێکی هەڵهێنجراو، لە بەشی سێهەم دا حەقیقەت لە پێش چاوماندا دەبێت و دەیبینین.

سپینۆزا دەڵێت:»... ناسینی رووناک بەو ناسینە دەڵێن، کە نەک لە رێگەی قەناعەت پێکردنی پشت بەستوو بە عەقڵ، بەڵکو لە ژێر تیشکی هەستیی خودی شتەکان و شهودی دەروونی ئەوانەوە ڕوو دەنوێنێت. ئەم

ناسینە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی ناسین باڵاترە هەر لەم جۆرەشدایە، کە ناسین تا قۆناغی تەواوی زات و شوناسی شتەکان دەچێتە پێش...»

بابەتی ئایدیاکان یەکێکی دیکە لە بەشە گرنگەکانی پێکهێنەری هزری سپینۆزایە. لە روانگەی ئەوەوە ئایدیا چەمکێکە، کە رۆح لەبەرئەوەی ئەندێشەیە دروستیدەکات... ئایدیان بەشێک لە زاتە عەینی و وردەکانی جەوهەرن، ئایدیاکان، یان تەواون، یان ناتەواو... ئایدیا تەواوەکان چالاک و کاریگەرن، ئایدیا ناتەواوەکان پاسیڤ و کاریگەری وەرگر...

سپینۆزا لە بەشێکی دیکەی گرنگی بەرهەکانیدا دەستدەداتە بەراوردکردنی بنەما گەلاڵە کراوەکانی وەک حاڵەتەکان، خەسڵەتەکان، ئیرادە، ناسین و ... لەگەڵ مژاری مرۆڤ و لە ئەنجامدا مرۆڤ وەک بوونێکی پێکهاتوو لە جەستە و رۆح پێناسە دەکات، کە دەبێت بە وردی لە بابەتی ژیانی عاقڵانە و لە بەرچاوگرتنی مژاری هەستیار و گرنگی ئەخلاق و سۆزی مرۆیی بگاتە پلەی ئازادی رۆح (ئازادی دەروونی) و ئەوەش قۆناغێکە، کە عەشقی خواوەندی بە ئەمانەت دانراو لە دەروونی مرۆڤ دا سەر لە نوێ لە حاڵەتی وردەوە بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی گشت؛ واتە لە حاڵەتی سنووردار بوون لە دەروونی مرۆڤەوە بگاتە پلەی «عەشقی بێ کۆتایی».

لەوانەیە بتوانین یەکەمین بەرهەمی سیاسی سپینۆزا بە نوسراوێک دابنێین، کە بۆ دەنگ هەڵبڕین لە بەرانبەر سزای تەکفیری خۆی، بڵاویکردەوە. دوای ئەوە لە کتێبی «خواناسی و سیاسەت»، هەروەها لە دوایین بەرهەمی ناتەواوی خۆیدا واتا «سیاسەت» دەستی دایە شیکردنەوەی بنەما هزرییەکانی خۆی لەمەڕ سیاسەت. بە تایبەت ئەوەی، کە مرۆڤ رووبەرووی دوو جۆر یاسادەبێتەوە، یەکیان یاسای سەرچاوەگرتوو لە پەیوەندی لەگەڵ خواوەند، ئەوی دیکە یاسای هەڵقوڵاو لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا، ئەگەر مرۆڤ خۆی لە مرۆڤەکانی دیکە دوور بخاتەوە، پێویستیی بە یاسای جۆری

دووهەم نابێت، بەڵام بۆ مرۆڤ هیچ شتێک سوودمەنتر لە مرۆڤ نییە... فامی ئێمە ناتوانێت بگاتە پلەی کەماڵ، ئەگەر رۆحی ئێمە جگە لە خۆی هیچ نەناسێت. لە نێوان مرۆڤەکاندا سەرەڕای بوونی گەلێک لێکچوون و وەک هەڤی، جیاوازییەکی زۆریش بەرچاو دەکەوێت تا ئەو شوێنەی، کە دەتوانین بڵێین: بە ژمارەی تاکەکانی مرۆڤ، ئەندێشەی تاقانە، بوونی هەیە. لەمڕووەوە بوونی سیستەمێک، کە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە ژێر رێسای ئاقڵانەدا رێکبخات، پێویستییەکە و ئەم سیستەمەش هەمان سیاسەتە.

«کۆمەڵگە، دەوڵەتی باڵادەستی کۆمەڵگە، شێوازی حکومەت، یان بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بنەما پێویستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، مافە سروشتییەکان، نمونەکانی دەوڵەت، ئازادی کۆمەڵایەتی و شاد، وەک باسە گشتییەکانی سپینۆزا لە بواری سیاسەتدا دێنە ئەژمار.

باروخ سپینۆزا دوانیوەڕۆی بیست و یەکی شوباتی 1677 لە تەمەنی چل و پێنجساڵیدا بە هۆی نەخۆشینی سیلەوە گیانی لەدەستدا. هەیکەلە بەردینەکەی لە بەر دەرگای خانووەکەی لە ئەمستردام، لە بیرێکی ئارام دا سەیری دوورە دەستێکی نادیار دەکات، هەروەها دەستەکانی لە حاڵی نوسیندایە... لەوانەشە لە حاڵی نوسینی بەرهەمێکی ناتەواو دا...

باروخ سپینۆزا:» شتەکان هەر هەموو لە خواوەنددا هەن و بە هۆی خواوەندەوە وێنادەکرێن»

**زوهرە رۆحی**

سپینۆزای فەیلەسوفی هۆڵەندیی سەدەی حەڤدە دەڵێت: «بەختەوەریی پاداشی فەزیلەت نییە، بەڵکو خودی فەزیلەتە...». ئەم رستەیە لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبی ئەخلاقدا هاتووە. ئەو کتێبەی کە لەگەڵ بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی دیکەی دوای مەرگی، لە سەر دەستی

یەکێک لە بەئەمەکترین دۆستانی چاپکرا، چونکە سپینۆزا لە سەردەمی ژیانی خۆیدا رووبەرووی هەمان کارەساتێ هاتەوە، کە هەمیشە یەخەی سەرجەم بیرمەندانی جیهانی گرتووە. بەم پێیەش خاوەن ژیانێکی ئارام و دوور لە کەڵکەڵە نەبوو. لە قۆناغی لاویدا بە گومانی بیدعەت لە کۆمەڵگای جولەکەی ئەمستردام دەرکرا و هەڕەشەی لێکرا. بە پێی بەڵگە مێژووییەکان لە ژیانی سپینۆزادا دوو گرووپی ئایینی لەگەڵ ئەو دوژمنایەتییان هەبوو. گرووپی یەکەم کۆمەڵگەی فەرمی جولەکەکانی ئەمستردام، کە لەگەڵ نکۆڵیکردن لە سپینۆزا داوایان لە کاربەدەستانی ئەو کاتە کرد، کە لە شار دەریبکەن، گرووپی دووهەم ئەنجومەنی کالڤۆنی لاهای لە شاری ئەمستردام، کە بیروڕای ئازادیخواخازانەی ئەویان بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی خۆیان دەبینی، بەڵام بەر لەوەی کە بپەرژینە سەر روانگەی ئازادیخوازانەی سپینۆزا لە کتێبی ئەخلاقدا، پێشنیاردەکەم پێکەوە چاوێک بخشێنین بە روانگەکانی ئەو سەبارەت بە «ئەخلاقی سیاسی». ئەو بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی مێژوویی- کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی دەڵێت : «سەبارەت بە ئایین دۆخەکە بە شیوازێکی دیکەیە، چونکە زۆر بە سادەیی و لە راستیدا ئەخلاق لە دەرەوەی پانتایی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەتە. سادەیی، راستی و حەقیقەتی ئەخلاق بە کۆتی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەت درووست نابێت؛ لەم جیهانەدا ناتوانین هیچ کەسێک بە زۆر و گوشاری یاسا بگەیەنینە بەختەوەری و بەختیاری. ئامۆژگاریی راستگۆیانە و برایانە، خوێندنی تەندرووست و لەمانەش گرنگتر کەڵک وەرگرتنی ئازادانە لە داوەریی تاکەکەسی، کەرەستەی پێویستی ئەم تێگەیشتنەن... هەموو تاکێک دەتوانێت ببێتە خاوەن باڵاترین ماف و ئیختیاری داوەریکردنی ئازادانە... و خوێندنەوەی خۆی بۆ ئایین هەبێت...

ڕەمز و ڕازی مەزن و بنەڕەتی لە سیاسەتە ئۆتۆریتەرەکاندا ئەوەیە، کە خەڵک فریوبدەن و جلی ئایین، کە بەرحەق دەنوێنێت، بکەنە بەر ترس بۆ بێدەنگکردنیان، بە شێوەیەک کە خەڵک زۆر ئازایانە بۆ بەندەیی و ئاسایش شەڕبکەن، نەک هەر لە خوێنڕشتن بۆ لوتبەرزیی تاکێکی ئۆتۆریتەر بێزارنابن، بەڵکو پێیان شانازییە، بەڵام لە دەوڵەتیکی ئازاددا سیاسەتی زیانمەند و خوێڕییانە دانارێژرێت و ئیجراناکرێت. ئەگەر بە تەنیا کردەوەکان هۆکاری تاوان و جینایەت بێت، ڕادەربڕین هەمیشە ئازا بێت لەم حاڵەتەدا هیچ بیانوویەک بۆ شەڕەنگێزی و فیتنەیی نامێنێت، سنورەکانی لە ڕێگای سنورێکی قایم و پتەوەوە لە گفتوگۆ و مشتومڕ جودا دەکرێتەوە.

لە لایەکیش ئەو بڕوای وابوو، کە خەڵک تووشی تێگەیشتنی هەڵە هاتوون، کە لەشێوەی بیرکردنەوەی هەڵەو نادروستەوە سەرچاوەی گرتووە، لە نائاگایی و نەزانینەوە ئەمەیان هەڵبژاردووە. لە کتێبی ئەخلاقدا هەوڵیداوە بپەرژێتە سەر ئەم بیرکردنەوە بەوتەی خۆی نادروست و هەڵەیە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەم کتێبە بەر لە هەموو شت میتۆدۆلۆژیای بیرکردنەوەی بەنا دروستە، کە سپینۆزا دەخوازێت بیکاتە جێگرەوەی شێوە تێڕوانینە هەڵەکان.

هەروەک دەزانین لە سەدەی حەڤدە گەشەسەندنی ڕوانگەی پشتبەستوو بە زانست سەرانسەری ئەورووپای گرتبووەوە، ببووە یەکێک لە گرنگترین کەرەستە هزرییەکان؛ لەم ڕووەوە زۆربەی فەیلەسوفانی بەناو نوێخواز لە هەوڵدابوون، تاوەکو بە ئیلهام وەرگرتن لە کەشف و دۆزینەوەی یاسا زانستییەکان، شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە بونیادبنێن. بارۆخ سپینۆزاش لە دەوری ئەم بڕوا باوەی سەردەمی خۆی نەبوو لەم ڕووەوە هەوڵیدا، کە دەزگایەکی هزری بە پێی مۆدێلی هەندەسی بخوڵقێنێت. هەر بۆیەش بە پێویستی زانی، کە هەموو ئەو شتانەی بە پێی هزری ئایینی بە ئامانجدار

لە قەڵەمدەدرا، پوچەڵ بکاتەوە. هەروەک چۆن دەڵێت: «بە گشتی وا گریمانە دەکرێت، کە سەرجەم مادە سروشتییەکان وەک مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کاردەکەن و بێگومان ئەمە هەژێنراوە، کە خواوەندیش هەموو شتەکان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو هاندەدات، چونکە دەوترێت کە خواوەند هەموو شتێکی بۆ مرۆڤ خولقاندووە و مرۆڤیشی خولقاندووە، کە عیبادەتی ئەو بکات... بۆیەش بڕوای وایە، کە هەموو شتە سروشتییەکان بۆ ئەوە دروستبوون کە سوود بە مرۆڤ بگەیەنن لە بەرئەوەی، کە مرۆڤ خۆی ئەم شتانەی دروست نەکردووە تەنیا ئەوانەی کەشفکردووە لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە ئەم شتانەی وەک کەرەستە بۆ کەڵک وەرگرتنی ئەم پێکهێناوە... و بەمجۆرەش دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە جیهان فەرمانڕەوا یان فەرمانڕەواگەلێکی هەیە خاوەن هەمان دەسەڵاتی مرۆییە، بەڵام ئەوەی کە سپینۆزا دەیکاتە جێگرەوەی ئەم جیهانبینییە ئامانجدارە بە پێچەوانەی گومانی هەندێک کەس، هەرگیز روانگەیەکی ماددی یان بە ناو ماددیگەرا نییە، بەڵکو روانگەیەکی قووڵی ئایینی- ئەخلاقییە، کە بە رواڵەت بە پێی پێویستیی سەردەمێک، کە چووەتە نێو قۆناغی کەشفی یاسای زانستیی نوێوە، مەراقی بەشداریکردن لەم دەستکەوتە زانستییەی هەیە. بەو هۆیەی کە زۆربەی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست بە پەیڕەوی لە ئەفلاتوون، ئەرەستۆ و تەنانەت پەیڕەوەکانی ئەوان لە سەدەکانی دواتردا لە دەروون، وەک کەرستەی جیاوازبوونی مـروڤ لە «بوونەکانی» دیکە کەڵکیان وەردەگرت، سپینۆزاش بە پێی هەمان جیاوازیی پشتبەستوو بە دەروون هەوڵی شکاندنی ئەو بونیادانە دەدات، کە بونیادی فەلسەفە پێکدێنن. هەروەک دەڵێت: «مرۆڤ تێکەڵاوێکە لە جەستە و دەروون و جەستەی مرۆڤ بەو جۆرەی دەرکی پێدەکەین هەیە». لەم رووەوە ئەو تەنانەت بە پێچەوانەی روانگەی دیکارت، بۆ ئەوەی بتوانێت دەروون وەک دەروونێک،

کە خاوەن هێزی بەکردە کردنە (توانای ئەنجام کارکردەکانی هەیە) پێناسە بکاتن، دەیخاتە دۆخێکی موحتاجی جەستەوە.

وەک دەڵێت: «دەروون نە دەتوانێت شتێک وێنابکات، نە دەتوانێت ماددەکانی رابرووود بە بیر بێنێتەوە، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە لە جەستەدا بێت»، بەڵام خاڵی جێ سەرنج لێرەدایە، کە هەرچەند لە یەکەم نیگادا وا دەردەکەوێت، روانگەکانی سپینۆزا بە نیسبەت ئەفلاتوون گەراکانەوە هەڵوێستی هەیە، بەڵام زۆری پێناچێت، کە تێدەگەین ئەو بە نیسبەت روانگەی ئەرستۆشەوە بێ هەڵوێست نییە، چونکە مرۆڤ بە شتێک زیاتر لە یەکگرتوویی دەروون و جەستە دادەنێت. لە راستیدا دەبێت بڵێین ئەو مرۆڤەی سپینۆزا باسیدەکات، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی جەستەوە، یان بە وتەی خۆی ‹رەهەندمەند بوونی» دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بیرۆکەکانی ئەفلاتوون، بەڵام بەو هۆیەی، کە ئەو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە «ئەقڵی بێکۆتایی خواوەند» لە قەڵەمدەدات، ناتوانێت نیشتەجێی هزری ئەرستۆش بێت، چونکە لە سەر ئەم بڕوایەیە کە؛ «دەروونـی مرۆڤ بەشێک لە ئەقڵی بێکۆتایی خواوەندە. بەم پێیەش کاتێک دەڵێین، کە دەروونی مرۆڤ دەرک بەم شتە، یان ئەو شتەی دیکە دەکات شتێکی جیاوازتر لەمە ناڵێین، کە خواوەند ئەم تێگەیشتنەیە، یان تێگەیشتنێکی دیکەیە، بەڵام نەک لەو بوارەوە، کە بێکۆتاییە بەڵکو لەو بوارەوە کە لە سروشتی دەروونی مرۆڤدا دەرکەوتووە».

بێگومان بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، کە تا بەر لە سپینۆزا لەگەڵ هەندێک بیرۆکە رووبەرووین، کە لۆژیکی فەلسەفییان بە جۆرێک یان پەیڕەوی ئەفلاتون بووە، یان ئەرستۆ، ئەم گریمانەیە هەیە، کە دەرکی روانگەی سپینۆزا دژوار بێت؛ بەڵام ئەگەر بزانین، کە ئەو خواوەندەی ئەو باسیدەکات و مرۆڤ بە بەشێک لەو دەزانێت، بە جۆرێک سروشت

یان باشتره بڵێین «زاتێکی تاقانەی لەگەڵ سروشت و سەرجەم هەستی» هەیە، سادەتر لە وتەکانی ئەو تێدەگەین، چونکە ئەگەر «دەروون» و «جەسته» هەردووکیان لە جیهاندا لە جێی خۆیاندا خاوەن هەستبن - یەکیان وەک مادده خاوەن رەهەند بێت، ئەوی دیکەیان وەک ماددەی بیرمەند - هەر ئەمە بەسە تاوەکو لە روانگەی سپینۆزاوە دان پێدانانێک بێت بۆئەوە، کە «هەردووکیان بە هۆی بوونیان، لە خواوەنددا هەن و لەوەوە سەرچاوەدەگرن و بۆ ئەو دەگەڕێنەوە» بەڵام دەبێ بزانین، کە ئەمە سەبارەت بە سەرجەم دۆخی ماددەکانی جیهان بە هەمان شێوە راستە، تەنیا تایبەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەند نییە. بەم پێیەش بە رای سپینۆزا لە چکە چکەی هەرچی لە جیهاندا هەیە، ئەم هەستییە بەڵگەیەکە بۆ دەرکەوتنی خواوەندی. هەر وەک دیارە لێرەدا هەوڵدەدرێت خۆ لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە، کە بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی سپینۆزا، تا ئاستی دۆخێکی عەوامانە دادەبەزێنێت، بە دووربگرین، چونکە بینراوە کە هەندێک جار، دواهاتەکانی فامێکی خراپ لە فەلسەفەکەی ئەو، روانگەکانی بە شێوەیەکی قەرەبوو هەڵنەگر تا ئاستی بیرکردنەوەی ساکار و ساویلکانە دابەزاندووە.

لە هەموو ماڵەکاندا بە گشتی بەمجۆرە بیرکردنەوەیە دەڵێن «یەکگرتوویی بوون» یان «پانتێیزم» (هەموو خودایی)، کە ئەگەر بەو هۆیەی لە سەرەوە باسکرا، ئەم دەستەواژانە بە پارێزەوە بەکاربهێنرێن، تەنیا بە هۆی بوونی خودی ئەم چەمکانە، لە شوێنی دیکەدا یارمەتی ئێمە دەدات، کە خۆ بە دوور بگرین لەو خوێندنەوانەی، کە بە هەڵە مەیلی مادی گەرا دەدەنە پاڵ فەلسەفەی سپینۆزا. بە دەربڕینێکی دی؛ دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە فەلسەفەی سپینۆزا فەلسەفەیەکی یەکجار سست و لاوازە و لە هەمانکاتدا چەند پانتاییە، کە سەرجەم پانتاییەکانی

لە چوارچێوەی میتافیزیک و بە یەک بابەت واتا «خواوەند» کۆتایی دێت، یان لەوێوە دەستپێدەکات. هەربۆیەش دەبێت زۆر بە پارێز بین، نەوەک ئەم تێگەیشتنە دروستببێت، کە سپینۆزا خواوەند بۆ نموونە بە زەین یاخود ماددە، یان هەموو شتێک، کە تێگەیشتنێکی تاک رەهەندیمان لێی هەیە، دادەبەزێنێت، چونکە هەموو ئەم شوبهاندنە دەگەڕێنەوە بۆ هێز و توانای زەینی ئێمە. دەقاودەق بەم واتایە، کە هیچ کێشەیەک نییە، ئەگەر بۆ نموونە بڵێین؛ سپینۆزا بوونی خواوەند لە زەین، یاخود لە ماددەدا دەبینێت، بەڵام بەم مەرجەی کە تێگەیشتنی خودی ئێمە لە زەین، یاخود لە ماددە، تاک رەهەندی نەبێت.

لە هەرحاڵدا ئەو سروشت لە دوو دۆخدا دەبینێت: ئافرێنەر، ئافرێنراو. خۆی لەم بارەوە ئاوا دەڵێت:

«مەبەستی من لە سروشتی ئافرێنەر شتێکە، کە لە خۆیدایە و بەهۆی خۆیەوە دێتە وێناکردن، یان ئەو خەسڵەتانەیە، کە سەرچاوەی زاتی بێکۆتایی و بێدوایی واتا خواوەندە. لەو رووەوە ئەو هۆکاری ئازادی ئیعتبار کراوە، بەڵام مەبەستم لە سروشتی ئافرێنراو سەرجەم ئەو شتانەیە، کە لە زەروورەتی سروشتی خواوەند، یان خەسڵەت و خەسڵەتگەلێک، کە لەوەوە سەرچاوەدەگرن... و مومکین نییە بە بێ خواوەند بێنە بوون، یان وێنابکرێن...»

بە رواڵەت وادیـارە، کە ئەم قسانەی سپینۆزا بە بیرهێنەرەوەی فەلسەفەی ئیکۆلاستیکە. (ئەگەر بێنینەوەیاد، کە سەرجەم بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست بە ئیسلامی و مەسیحییەوە، هاوڕابوون، کە خواوەند واجب الوجود و مرۆڤ ممکن الوجودە) کە هەڵبەت ئەمجارەیان لە بری وشەی واجب الوجود وشەی سروشتی ئافرێنەر بە کارهێنراوە! لە هەرحاڵدا پێدەچێت وەک شتی لەم شێوە لە فەلسەفەی سپینۆزادا بدۆزینەوە، کە

نیشاندەری مەیلی ئاینی ئەو بێت. هەرچەندە کە هەوڵێکی زۆر دەدات، تاوەکو شێوەی بیرکردنەوەی خۆی لە سنوری نێوان ئەم دووانـە واتا فەلسەفەو ئایین، جێگیربکات. بە چەشنێک، کە بە وتنی ئەم ڕستەیە بۆ نمونە؛ «خواوەند تەنیا بە پێی یاساکانی خۆی کاردەکات» دەتوانێت سۆزی ئاینی ئیمانداران رووبەرووی شۆکێکی چاوەڕواننەکراو بکات، چونکە سەبارەت بە خواوەند بە جۆرێک قسەدەکات، کە دەڵێت: سەبارەت بە یاسای وزەی راکێشانی زەوی قسەدەکات، یان یاسایەک، کە بێ یەک و دوو، لە کۆی گۆشەکانی سێگۆشەی راستدا بەدیدەکرێت، بە هەڵکەوت ئەم چەشنە قسەکردنە هەمان ئەو شتەیە، کە ئەو لە مێتۆدناسی خۆیدا بە دوایدا دەگەڕێت. لەم رووەوە بە چاوپۆشی لە بەکارهێنانی ئەو ئەدەبیاتەی، کە بۆ ئیماندارانی کڵێسەکان، پێدەچێت «وشک» بنوێنێت، دەتوانێت بێ ئەوەی، کە چکێک کێشە لە بڕواکانی ئایینە تاک خوداییەکان دروستبکات، بڵێت:»ئەو هێزە کە لە رێی ئەوەوە هەمووشت بوونی خۆی دەپارێزێت، لەهەمان پێویستی بێکۆتایی خواوەندەوە سەرچاوە دەگرێت». ئایا ئەم دەربڕی،ئەگەر وەڵام ئەرێنی بێت، دەبێت بزانین، کە ئەم شێوە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئەمجۆرە ئەدەبیاتەیە، کە سپینۆزا بە توندی لە دژیەتی، چونکە رایوایە کە بەمشێوەیە بە هۆی نائاگایی و خافڵبوونەوە، روخسارێکی مرۆیمان لە خواوەند نیشانداوە، کە بۆ نموونە جیهان فەرمانڕەوا، یان فەرمانڕەواگەلێکی هەیە کە هەمان دەسەڵاتی مرۆیی هەیە و هەموو شتەکانی لە پێناو مرۆڤ و سودگەیاندن بە مرۆڤ دابینکردووە...

راستر ئەمەیە کە بەر لە سپینۆزاش هەندێک فەیلەسوف، لە پێناو پاککردنەوەی ئەندێشەی ئایینی لە مێتۆدە دیهاوێژە مرۆڤ تەوەرەکان، هەوڵێکی زۆریان داوە. بۆ نموونە فارابی یەکێک لەوانە بوو، کە لەپێناو ئەم خاوێنکردنەوەیەدا برەوی بەم بانگەشەیەدا کە «خواوەند بیر لەو کار

و بارانە ناکاتەوە، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە»، بەڵام سەبارەت بە سپینۆزا دەبینین، کە ئەو بە تەواوەتی بە پێچەوانەی فارابییەوەیە، چونکە بە رواڵەت وای پێ باشە لە بری بەتاڵکردنی سنوری ئیلاهی لە کاروباری زەمینی- مرۆیی، لە پێناو ئاساییکردنەوەی دا هەوڵبدات. بە دەربڕینێکی دی؛ سپینۆزا مودەعییە، کە لەگەڵ گەڕاندنەوەی سۆزداری بۆ سنوری ئاسایی خۆی، دەتوانین رەوتی بیرکردنەوە لە خەیاڵ و روانگەی هەڵەوە بەرەوە رێبازی خۆی راستبکەینەوە. ئەویش بەمشێوەیە، کە ئەگەر بە راستی دەست لە ئامانج ئەندێشی هەڵبگرین و پێگەی «خود» نەکەینە تەوەری شیکردنەوەکان، دەتوانین رەوتی راست بدۆزینەوە. بە هەمان شێوە، کە دەتوانین تێبگەین «سیستەم لە سروشت دا شتێک لە دەرەوەی خەیاڵی ئێمە نییە»، هەر بۆیەش بە بڕوای سپینۆزا، میتۆدی دیکارت، کە هەوڵدەدا زەین لە سۆزی مرۆڤ جودا بکاتەوە ناتوانێت میتۆدێکی دروستبێت. هەر چۆن دەڵێت:

«من لە بیرم،ە کە دیکارتی ناودار لەگەڵ ئەوەی، کە رای وابوو دەروون بە نیسبەت کردەوەکانی خۆی دەسەڵاتی رەهای هەیە، هەوڵیدەدا کە سۆزەکانی مرۆڤ لە رێگەی هۆکارە سەرەتاییەکانەوە دەستنیشانبکات و لە هەمانکاتدا نیشانبدات، کە دەروون چۆن دەتوانێت بە سەر ئەوانە دا بە رەهایی زاڵبێت، بەڵام بە رای من ... ئەو تەنیا گەورەیی و پێگەیشتووی عەقڵی خۆی پیشاندەدات. لێرەدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر ئەو کەسانەی، لە بری ئەوەی هەست و سۆز و کردەوەکانی مرۆڤ بناسن، پێیان خۆشە رقیان لێی بێت و پێی رابوێرن، بێگومان بە رای ئەمانە زۆر سەیرە، کە من دەخـوازم سەبارەت بە خەوش و هەڵەکانی مرۆڤ بە میتۆدی هیندۆسی قسەبکەم، ئەو شتانەی ئەوان بە پێچەوانەی عەقڵی دەزانن و پێیان بێهوودە و بێزاوییە، بە بەڵگەی پتەو، ئاشکرابکەم. بەڵگەی

من ئەمەیە، کە لە سروشت دا شتێک ڕوونـاداث، بکرێث پەیوەندی بە کەموکورتی سروشتەوە هەبێث، چونکە سروشت هەمیشە یەک دەست و یەک ئاستە، واتا یاسا و ڕێساکانی سروشت، کە سەرجەم شتەکان بە پێی ئەوانە دروستدەبن و لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دی دەگۆڕدرێن، هەمیشە و لە هەموو شوێن یەکسانە، بۆیە بۆ فامی هەموو شتەکان هەرچی بن، میتۆدێکی تاقانە و یەکسان پێویستە.»

یەکەم هەنگاوی میتۆدی هەندەسی سپینۆزا بۆ ناسینی هەست و سۆزەکان ئەوەیە، کە بزانین «هەموو کەس بە پێی یاساکانی سروشتی خۆی بە پێویست ئەو شتەی دەوێث، کە ناوی دەنێث خێر و لەو شتە دوور دەکەوێتەوە، کە ناوی دەنێث شەڕ، چونکە ناسینی خێر و شەڕ هەمان سۆزی چێژ یان ئازارە». بە دەربڕینێکی دی؛ دوورکەوتنەوە لە ئازار دوورکەوتنەوەیە لە شەڕ، نزیکبوونەوە لە چێژ نزیکبوونەوەیە لە خێر... لە لایەکی دیکەشەوە سپینۆزا پەیوەندی مرۆڤ و دۆخی خێر، یان شەڕ لە پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرانی دیکەدا بەمشێوەیە شیدەکاتەوە، کە بەڕای جەماوەر « هەر شتێک کە هاوسەنگی نێوان ئەو جووڵە و ڕاوەستانەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بە نیسبەث یەکدییەوە هەیانە، بپارێزێث؛ خێرە و بە پێچەوانەوە ئەگەر شتێک ببێتە هۆی گۆڕان و تێکدانی ئەم هاوسەنگییە؛ شەڕە» و دەرەنجام ئەوەی، کە لە ئەخلاقی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا ڕای وایە، کە « هەر شتێک کە خەڵک بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هانبداث، واتە ببێتە هۆی ئەوەی، کە خەڵک پێکەوە بە هاوڕایی بژین، سودمەندە و بە پێچەوانەوە هەر شتێک کە هۆی دژایەتی و ململانێ بێث، شەڕە››. لە سەر ئەم بنەمایە تێدەگەین، کە سپینۆزا نەک تەنیا سەبارەث بە «لێکردن» «دژایەتی» ڕوانگەی هەیە، بەڵکو گرنگی ئەوانەش لە پانتایی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەخاتە بەرباس. بەم پێیەش ئەگەر «دژایەتی» بە واتای شەڕ لە

قەڵەمبدرێت، ئەویش شەڕێک، کە دەرگای پەیوەندییەکان بەڕووی دیکەی ئەندامانی کۆمەڵگەدا دادەخات، ناسینی ئەم شەڕە لە روانگەی سپینۆزاوە لە راستیدا ناسینی پێگەی پاسیڤە، چونکە دەرەنجام گەشە و زاینیی لێناکەوێتەوە، لەم رووەوە «نا-تەواوە». بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیوەندییەک لە ژێر رێنوێنیی عەقڵدا بێت دەتوانێت بەرەو پێگەیەکی سەرتر بڕوات...

هـەروەک دەبینین سپینۆزا دوای رەنکردنەوەی ئەخلاقی باو، دەستدەکات بە سازکردنی چوارچێوەیەکی نوێی ئەخلاقی، کە وا دیارە لە ئامانج تەوەری، کەڵک بڕوایی، مرۆڤ تەوەری و ئەرباب- رەعییەت پەروەری دوور کەوتووەتەوە. لەمڕووەوە لە سەر بنەمای ئەم دوور کەوتنەوەیە لە لایەک، هەروەها پێویست بە بوونی مودێلی ئەخلاقی- پەیوەندی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، لە لایەکی دیکە، ئەو دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، کە لەسەر بنەمای پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی، عەقڵ بکاتە رینوێنی ئەخلاق، یان هەموو ئەو شتانەی، کە دەکرێت لە ژێر ناوی فەزیلەت و بەختیاری بگونجێنرێت. ئەمەش بەو واتایە، کە ئێستا دەزانین بە بڕوای ئەو: «لە ژێر رێنوێنی عەقڵ لە نێوان دوو خێردا بە شوێن خێری زیاتر دا دەچین، لە نێوان دوو شەڕدا بەرەو شەڕی کەمتر... و خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە بە پێی عەقڵ دەزانین ئەو خێرەی دەبێتە بەربەستی گەیشتن بە خێری زیاتر لە راستیدا شەڕە.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر بێنینەوە یاد، ئەوەی فەلسەفەی چەند رەهەندیی سپینۆزای دەگەیاندە یەکگرتوویی، بە تەوەرگرتنی «هەموو شت لە خواوەند دا» (پانتێئیزم)ە. لەم رووەوە هەر ئەم بابەتە، کە بە بڕوای ئەو «هەموو شت لە خواوەند دایە و بە هۆی ئەوەوە وێنادەکرێت» لە خۆیدا دەرفەتی ناسینی شهودی بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت. راستییەکەی ئەمەیە، کە لە روانگەی سپینۆزاوە، ئەم میتۆدی ناسینە بە شێوەیەکە، کە بە نیسبەت

خواوەندەوە ئاوێنەی «عەشقی ئەقڵانی» بووە و لەم رووەوە بێکۆتاییە.
بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە پێدەچێت بتوانین بڵێین، کە بۆ نموونە ئەگەر ناسینی ئێمە بۆ جیهان و شتەکان بە هۆی ئەوەوە بێت، کە هەستیی ئێمە لە خواوەندەوەیە، ئاساییە، کە لەگەڵ ئاگاییەکی راست لەمە، عەقڵ بە شێوەی دەرکی چالاک خۆدەردەخات (کە پێچەوانەی دەرکی پاسیڤ و ناتەواوە و بە داخستنی «دەرگای پەیوەندی»، کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات و لە ئەنجامدا تووڕەیی، کین و نەفرەت... بەرهەمدێنێت،) خۆی پێبەندی شێوە ژیانێک لە سەر بنەمای پێگەیشتن، عەشق، ئاشتی و خێرخوازی دەبینێت، بەمجۆرەش جۆری ناسینی شهودی بە نیسبەت شتەکانەوە لەگەڵ ئەشق و چێژدا هاوڕێ دەبێت. بەڕای سپینۆزا «لەم جۆرە ناسینەدا، واڵاترین ئارامشی پێویست بۆ دەروون بەرهەمدێت». واتا واڵاترین چێژ کە ... هاوڕێ لەگەڵ وێناکردنی خواوەندە و وەک هۆکاری ئەوە، یانی عەشق بۆ خواوەند نەک لەم بوارەوە، کە بە شێوەی ئامادە خەیاڵدەکات، بەڵکو لەو بوارەوە، کە ئەو وەک بێکۆتایی ئێدەگەین ئەمە هەمان شتە، کە ناوی دەنێین ئەشقی ئەقڵانی بۆ خواوەند.

بەڵام لەوانەیە سەرنج راکێشبێت، کە بزانین سپینۆزا لەم شێوە بەڵگاندنەوە دەگاتە بیرۆکەیەکی باڵکێش:»ئەشقی عەقڵانیی دەروون بۆ خواوەند هەمان عەشقی خواوەندە، کە ئەو لە رێگەیەوە عاشقی خۆی دەبێت. نەک لەو رووەوە، کە ئەو بێکۆتایە، بەڵکو لەو رووەوە، کە ئەو دەتوانێت بە هۆی زاتی دەروونی مرۆیی، کە لە ژێر شێوازی بێکۆتاییدا ئیعتباری وەرگرتووە، دەربکەوێت. واتە عەشقی ئەقڵانیی دەروون بۆ خواوەند بەشێک لە عەشقی بێکۆتاییە، کە ئەو لەو رێگەوە عەشق بۆ خۆی دەنوێنێت.

لە سەر ئەم بنەمایە پێدەچێت بتوانین بڵێین لە روانگەی سپینۆزاوە بەختیاریی راستەقینەی مرۆڤ گرێدراوی هەوڵی ئەو لەپێناو «ناسینی عەقڵانی- شهودی» شتەکانی، چونکە ئەم عەشقە بە قووڵی ئاوێتەی ژیان بووە، واتە بەپێچەوانەی گەلێک لە روانگە ئامانج گەرا ئایینییەکان، کە بەختیاری راستەقینە لە رەتکردنەوەی ماددە و جەستە لەم جیهانە و بە هیوای ئازادبوونی بە تەواوەتیی رۆح لە باری جەستە لە دونیای دیکەدان، سپینۆزا رووکردێکی تەواو بنچینەیی بۆ هەستی هەیە. هەروەک مرۆڤی ئازاد بە کەسێک دەزانێت کە «کەمتر لە هەمووشت بیر لە مەرگ دەکاتەوە، فەلسەفەی ئەو بیرکردنەوە سەبارەت بە مەرگ نییە، بڵکو هزرینە سەبارەت بە ژیان. مرۆڤی ئازاد، واتە ئەو کەسەی کە تەنیا بە پێی یاساکانی عەقڵ دەژییەت، لە ژێر کاریگەریی ترس لە مەرگ دا نییە، بەڵکو ئەو شتە دەخوازێت، کە راستەوخۆ خێرە یانی خوازیاری کارکردن، ژیان و ....یە.

دەبێت بزانین، کە کاتێک سپینۆزا، لەو وتەی سەرەوەدا باسی «کردە، ژیان و خواست» دەکات لە ڕاستیدا ژیان و شتە خوازراوەکانی ژیان بەو جۆرەی خۆی تێیدەگات، دەردەبڕێت، واتە لە نێوان «خواستنی» شتێک و «شێوەی ژیان» لە پێناو ئەو شتەدا قایل بە مەودایەک نابێت. هەر وەک دەڵێت:»کەس ناتوانێت خواستی بەختەوەری، کاری باش و ژیانی باشی هەبێت، مەگەر ئەوەی لە هەمانکاتدا خواستی بوون، کارکردن و ژیانکردن بەڕاستی بوونی هەبێت.»

لەمڕووەوە ئەو رێبازەی مرۆڤی ئازاد لە ژیاندا دەیگرێتە بەر ناتوانێت شتێکی جودا لە ئازادییەکەی بێت. بە دەربڕینێکی دی؛ لە روانگەی سپینۆزاوە ئەو رێبازە پێویستیی حاشاهەڵنەگری ئازادیی مرۆڤی ئازادە. پێویستییەک، کە بە واتای سروشتی ئەودێت.

لە کۆتاییدا وا باشترە چاوێک بخشێنین بەسەر ئەو کتێبەی کارل یاسپێرسی فەیلەسوفی ئێگزیستانسیالیستیی ئەڵمانی، سەبارەت بە سپینۆزا نوسیویەتی، بە قسەکانی ئەو سەبارەت بە ئازایەتی و ئازادیی سپینۆزا، ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنین. ئەو دەنوسێت:

«ناکرێت بە ئاسانی لە سەربەخۆیی خوازیی سپینۆزا تێبگەین. ئەو جگە لەمەی، کە بە پێی حەقیقەت بیربکاتەوە و ژیانبکات، شتێکی دیکە ناخوازێت. ئەمە بۆ ئەو بە واتای «لە خواوەنددا بوون» دێت. ئەم سەربەخۆییە و ئەم متمانە بە داوەرییەی خۆ، تایبەتمەندییەکی نا- کەسیی هەیە، چونکە ئەم شێوازی «بە خود بوونە» لە کەسیی خۆبووندا نییە، وا دەردەکەوێت، کە لە ئەودا نە بیرکردنەوە سەبارەت بە خود هەیە، نە مەیلێک بۆ ئەمەی، کە بڕواکانی خود بە زۆر بسەپێنێت... سپینۆزا دەیخواست لەپاش مردنی و بەبێ ناوی خۆی بەرهەمەکانی بڵاوبکرێتەوە، چونکە بە رای ئەو حەقیقەت گرێدراو، وابەستەی کەسێکی تایبەت نییە و گرنگ ئەوە نییە، کە ئەو دێڕ و رستانەی دەربڕی حەقیقەتن لە لایەن چ کەسێکەوە بۆ یەکەمجار وتراوە، یان نووسراوە...»

## بارۆخ سپینۆزا

**عبدالعلی عنایتی**

سپینۆزا 24ی نۆڤەمبەری 1632 لە ئەمستردام لە خێزانێکی دەوڵەمەندی جولەکەدا لەدایکبوو. بە رەچەڵەک لە جولەکەکانی ئیسپانیا بوون، کە سەرەتا بۆ پورتوگال، دواتر بۆ هۆڵەندا کۆچیان کرد. تەمەنی شەش ساڵان بوو دایکی کۆچی دواییکرد، گەیشتە بیست و دوو ساڵانیش باوکی مرد.

وەک هەموو جولەکەیەک، پـەروەردەو خوێندنی بە تێلموود و عەهدی عەتیق دەستپێکرد، دواتر زمانی لاتین و یۆنانی فێربوو، لەگەڵ بیروڕای ئایینزای قەباڵ، بە فەیلەسووفە جولەکەکانی وەک موسی بن مەیمون ئاشنا بوو. بە مامۆستایەتی «وانـدەن ئێندەن»، بیرکاری و فەلسەفەی دیکارت فێربوو. 1656 و لە تەمەنی 24 ساڵیدا لە لایەن کۆمەڵگەی جوولەکەوە بە فەرمی دەرکرا و دوای ئەوە بە کاری شووشە تاشین بۆ چاویلکە و کامێرا و زەڕەبین، ژیانی خۆی دەبردە سەر. سەرەتا لە «لیدەن» نیشتەجێ بوو، دواتر چووە «لاها». 1673 پلەی مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی هایدێلبێرگی پێ پێشنیار کرا، بەڵام لەبەرئەوەی دەرفەتی خوێندنەوە و ئازادییەکەی خۆی لە دەستنەدات، رەتیکردەوە. لە کۆتاییدا ساڵی 1677 بە هۆی نەخۆشینی سیلەوە گیانی لەدەستدا. لە ماوەی ژیانی دا تەنیا دوو نامیلکەی بڵاوکردەوە، بەڵام هاوڕێکانی پاش مردنی بەرهەمەکانی دیکەیان چاپ و بڵاوکردەوە. کۆمەڵێک بەرهەمی باشی لەدوا بەجێماوە، کە دەکرێت ئاماژە بەمانە بدەین: ئەخلاق، نامیلکەی خوداناسی و سیاسەت، نامیلکەی چاکسازیی فامکردن، شیکردنەوەی بنەماکانی فەلسەفەی دیکارت، ئەندێشەی میتافیزیک و نامیلکەیەکی کورت دەربارەت خواوەند، مرۆڤ و بەختەوەری.

سپینۆزا بە فەیلەسوفێکی دیکارتی دێنە ئەژمار. لایبنتز، رای وایە کە فەلسەفەی سپینۆزا هەمان فەلسەفەی دیکارتە، کە ئاستی مامناوەندی بەزاندووە، بەڵام راستتر ئەوەیە، کە سپینۆزا لە شێوازدا دیکارتییە، واتە لە میتۆدی بیرکاری کەڵکی وەرگرتووە و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەو «وەحدەتی وجوودە»ی لە فەلسەفەی دیکارتدا تۆوەکەی چێنرا، سپینۆزا گەشەی پێدا. بە گشتی کاتێک دەوترێت کە «ماڵبرانش» یان سپینۆزا یان ... دیکارتین، نابێ وا گومانبکرێت، کە ئەم فەیلەسوفانە خۆیان شتێکیان

بۆ وتن نییە، پێدەچێت لە زۆر بواریشدا لە دژی دیکارت بووبێتن.

1- سپینۆزا ئەو سێ جەوهەرەی دیکارت باسی لێوەدەکات، بە یەک جەوهەر دەزانێت.

2- سپینۆزا بە پێچەوانەی دیکارتەوە، کە زۆر زوو باسی میتافیزیکی کۆتایی پێهێنا (هەر ئەوەندە بیری لەو فەلسەفەیە کردەوە، کە بنەماکانی زانستی پێ پتەوتر بکات، دواتر خەریکی زانستەکانی دیکە بوو) تا کۆتایی سەرقاڵی باسی میتافیزیک بوو.

3- ئەو دەرەنجامانەی سپینۆزا لە پێشەکییەکانی خۆی دەریخست، لە دەرەنجامەکانی دیکارت گونجاوتر و سازگارتر بوو.

4- سپینۆزا بە تەنیا لە ژێر کاریگەریی دیکارتدا نەبووە، بەڵکو کاریگەری لە ئایینی جولەکە و بە تایبەت لە عیرفانی جولەکە و فەیلەسوفەکانی وەک «جۆردان» و «برۆنۆ» وەرگرتووە.

5- سپینۆزا زیاتر گرنگی دەدایـە فەلسەفەی کردەوەیی، واتا بە شوێن بەختەوەری خۆی و دیترانەوە بوو، هەر بۆیەش گرنگترین بەرهەمەکەی ئەخلاقە.

سپینۆزا دەڵێت:» من بە شوێن خێری راستەقینە و خۆشی هەمیشەییەوە بووم و تێگەیشتم ئەوەی خەڵک بە دوایەوەن ناسەقامگیرە، خەڵک بە شوێن چێژ و لەزەتی هەست و ماڵ و پێگەوەن، ئەمانە هەرکامیان عەیبی تایبەتی خۆیان هەیە، لەئەنجامدا دەبنە هۆی خەم و پـەژارە. هەرچی گـەڕام زانیم، کە خێر و شەڕ رێژەیین و شەڕی رەها لە جیهاندا بوونی نییە، هەموو شت لە شوێنی خۆیدا چاکە، بۆیە کەس ناتوانێت سیستەمی راستەقینەی جیهان دەرکپێبکات. زانیم هەموو کەس هەستدەکات و رایوایە: کە لە سروشتی مرۆڤدا پلەیەکی کەماڵ و پێگەیشتن هەیە، کە باڵاترە لەو پلەی خودی مرۆڤ هەیەتی، گەیشتن بەو

کەماڵە بەربەستێکی نییە، کەواتە خێری راستەقینە گەیشتنە بەو کەماڵە.
بۆ گەیشتن بەوەش ئەم ریسایانەم پەسەند کرد، لە کردەوەشدا گرتمەبەر.

1- بە پێی تێگەیشتنی خەڵک قسەبکەم، هەموو ئەو شێوازانەی بەربەستی گەیشتن بە ئامانجن، رەتبکەمەوە.

2- لە چێژەکان تا ئەو جێگە بەهرەمەندبم، کە بۆ پاراستنی سەلامەتی پێویستن.

3- تەنیا تا ئەو جێگە بە شوێن پارە و ماڵی دیکەوەبم، کە بتوانم بەوانە ژیان و سەلامەتی خۆم بپارێزم.

سپینۆزا لە نامیلکەی چاکسازیی فامکردن دا چوار پلە بۆ دەرک و هەست لەبەرچاو دەگرێت. پلەی یەکەم: لە رێگەی ئەو شتانەی، کە دەیبیستین بۆ نموونە: ئەوەی کە فلان رۆژ لەدایکبووم. پلەی دووهەم: ئەو مەعریفەیە، کە لە رێگەی ئەزموونێکی نادیارەوە بە دەستی دێنین، وەک؛ من رۆژێک دەمرم یان وەک؛ ئاو دەتوانێت ئاگر بکوژێنێتەوە. پلەی سێهەم: دەرکێک کە تێیدا شتێک لە شتێکی دیکەوە هەڵدەهێنجرێت، بەڵام نەک بە شێوەی پێویست، وەک؛ هەموو رووداوێک هۆکاری هەیە. پلەی چوارەم: هەموو شت تەنیا لەگەڵ زاتی خۆی، یان لەگەڵ ناسینی هۆکاری نزیک لە خۆی دەرکی پێدەکرێت. وەک زانستی بیرکاری، بەڵام لە ئەخلاقدا سێ پلەی مەعریفی لەبەرچاو دەگرێت. پلەی یەکەم وێناکردنی خەیاڵە، بۆ نموونە؛ ئەوەی کە جەستەی مرۆڤ کاریگەری لە جەستەکانی دیکە وەردەگرێت. ئەمە وێناکردنی نادیار، یان ئەزموونێکی نادیارە، کە هێمای هیچ جۆرە مەعریفەیەکی زانستیی رێکوپێک نییە. مەعریفەیەک، کە تەنیا لە سەر بنەمای دەرککردن لە رێگەی هەستەوە بێت، بە ناتەواو و نادیار دێنێتە ئەژمار.

دووهەم مەعریفە هەڵگری تێگەیشتنی تەواوە و مەعریفەی زانستییە. سپینۆزا ئەم پلەیە ناو دەنێت پلەی عەقڵ، بەمجۆرەش لە پلەی خەیاڵ جودای دەکاتەوە. ئەگەر تایبەتمەندییەک لە نێوان ئەمانەدا هاوبەش بێت و زەین بە زەروورەت دەرکی پێبکات، ئەو تێگەیشتنەی لێی هەیەتی تێگەیشتنێکی تەواوە. ئەم چەمکە هاوبەشانە بنچینەی بنەماکانی زانستی بیرکاری و زانستی سروشتە. مەعریفەی جۆری دووهەم بە وتەی سپینۆزا بە زەروورەت دروستە، چونکە پشت بە تێگەیشتنی تەواو دەبەستێت.

پلەی سێهەمی مەعریفە، مەعریفەی شهودە و دەرەنجامی جۆری دووهەمی مەعریفەیە. سپینۆزا بڕوای بە گشتەکان (کلیات) نییە، هەروەها بڕوای بە وردەکارییەکانیش نییە، چونکە ناتوانێت ببێتە موڵکی زانست، بۆیە هەر وەک ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بڕوای بە راستییە نەگۆڕەکانی عەقڵە، کە دەکرێت لە رێگەی پێناسەوە پێیبگەین.پێناسەی راستی هەموو شت، راستیی ئەو شتەیە و لە زەین و لە دەرەوەی زەیندا یەکسانە. کەواتە دەبێت بگەینە پێناسەی راستەقینە. میتۆد بۆ دەستڕاگەیشتن بە پێناسەی راستەقینە و هەڵهێنجانی دەرەنجام لە پێشەکییەکانی، میتۆدی ئۆقلیدۆسی ئەندازەییە، کەواتە رێگەی دروست ئەوەیە، کە راستیی میتۆدی جیاواز دیاریبکەین، چەندە ئەم راستییە فراوانتر و تەواوتر بێت، بنەمای زانست پتەوتردەبێت، بۆیە باشترین کار ئەوەیە، کە خواوەند لە رووی بوون و تێگەیشتنەوە لە پێشتربێت. ئێمە وەک فەیلەسوفە پێشووەکان بە هەستەکانەوە دەستپێناکەین، یان وەک دیکارت لە هزر، یان دەروونەوە دەستپێناکەین، بۆ ئەوەی بگەین بە خواوەند، بەڵکو دەبێت لە خواوەندەوە دەستپێبکەین. لەم حاڵەتەدا سپینۆزا ناچارە سەرەتا لە بورهانی بوونەوە دەستپێبکات، دواتریش ئەگەر بۆ پێویستیی لۆژیکیی بە تەنیا بەو پلەبەندیی هۆکار و هۆکردە قایل بین، ئەوا لەم حاڵەتەدا نە خواوەند موختارە و جیهان مومکینە و نە مرۆڤیش ئیختیاری

هەیە. هەڵبەت سەبارەت بە ئیختیاری خواوەند سپینۆزا دەڵێت:»خواوەند موختارە» بەو واتایە، کە خواوەند لە بووندا بە کردەکانی خۆی بەدیهێنەری هیچ هۆکارێکی دەرەکی نییە، بەڵام شتە بێکۆتاییەکان وەک حاڵەتەکانی خواوەندن و لە بواری بوون و شوناس، کردەوەکانی خۆیاندا خوڵقێنراوی خواوەندن.

سپینۆزا بۆ تاکە هۆکارێک بۆ هەستی دەگەڕێت. ئەم هەستییە خـواوەنـدە، کە هەمان سروشتە. سپینۆزا لایەنگری وەحدەتی وجوود یان یەکگرتوویی بوونە، بە لەبەرچاو گرتنی ئـەوەی، کە بە پێچەوانەی عارفەکانەوە، کە لە رێگەی شهود و عەشقەوە دەگەنە یەکگرتوویی بوون، ئەو لە رێگەی بەڵگاندنەوە گەیشتووەتە یەکگرتوویی بوون. بە وتەی یەکێک لە لێکۆڵەران «سپینۆزا مەستی خواوەندە»، چونکە سپینۆزا بڕوای وایە، کە باشترین لایەن بۆ دیاریکردنی حەقیقەت، تێگەیشتن لە پێناسەکەیەتی، بۆیە زاتی خواوەند وەک رووناکترین حەقیقەت دێنێتە ئەژمار و لە پێناسەی ئەوەوە دەستپێدەکات. دەربـارەی خواوەند دەڵێت»: مەبەستی من لە خواوەند، بێکۆتایی رەهایە، واتا جەوهەر، کە پێکهاتوو لە خەسڵەتی بێکۆتاییە، کە هەر کام لەوانە دەربڕی زاتی بێکۆتایی و بێ دواییە.» بۆ پێناسەی جەوهەر دەڵێت: «مەبەستی من لە جەوهەر شتێکە، کە لە خۆیدایە و بە هۆی دەروونی خۆیەوە دێتە وێناکردن و تێگەیشتن، تێگەیشتنەکەی نەبەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی شتێکی دیکەوە، کە لەوە دروستکرابێت.» لە سەر ئەم بنەمایە جەوهەر هەمان پشت بەستو بە خۆیە (قائم بە زات) و پشت بەستوو بە خۆش هەمان جەوهەرە. لە پێناسەی خەسڵەت دا دەڵێت: «مەبەستی من لە خەسڵەت شتێکە، کە عەقڵ ئەوە وەک «پشت بەستویی زاتی جەوهەر» دەرک دەکات». ئەوە عەقڵ تێیدەگات، کە ئەو شوناسی زاتی جەوهەرە. جەوهەر زیاتر لە یەک نییە، چونکە دوو جەوهەر دەبێت خاوەن دوو حەقیقەتی

جیاواز بن، هیچ چەشنە هاوبەشییەکیان پێکەوە نەبێت. دوو جەوهەر ناتوانن هۆکار و هۆکردی یەکتری بن، چونکە ئەگەر جەوهەر بن، کەواتە عەقڵانی بوونی هیچیان پێویستیی بە عەقڵانی بوونی ئەوی دی نابێت. بۆ پێناسەی سنوردار دەڵێت: «شتی لە چەشنی خۆیدا کۆتایی دارە، کە مومکین دەبێت بە شتێکی هاوچەشنی خۆی سنووردار بێت». لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت، کە جەوهەر سنوردار نییە، ئەگەر سنوردار بێت، پێویستە جەوهەرێکی دیکە بوونی هەبێت، کە ئەمە بەتاڵە، چونکە ئەوکات پێویستە دوو زات خاوەن حەقیقەتێک بن. زاتێک یان جەوهەرێک دەتوانێت، چەندین خەسڵەتی هەبێت. لەم پێشەکییانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە خواوەند بە بوونێک دەڵێین، کە بێ سنوری رەها بێت، واتا زاتێک کە خەسڵەتەکانی بێ شومار و لە خەسڵەتدا راستەقینە، بمێن و بێ سنووربێت و بوونی زاتێکی بەمشێوەیە، پێویستە. ئەو خواوەندەی لە سەرەوە پێناسە کرا زیاتر لە یەک نییە، چونکە ناکرێت خەسڵەتێک بدۆزینەوە، کە لەودا نەبێت و ئەگەر هاوبەشبێت، بەتاڵ و پووچەڵە. بۆ پێناسی حاڵەت دەڵێت: «مەبەستی من لە حاڵەت، بار و دۆخی جەوهەر، یان شتێکە، کە لە شتێکی دیکە دایە و بە هۆی ئەوەوە دێتە وێناکردن.» بەو هۆیەی لە جیهانی دەرەوەدا لەیەک جەوهەر زیاتر نییە و حاڵەتەکان لە جەوهەردان، بۆیە هەر چی، کە هەیە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی «واجب الوجود». لەم رووەوە جەستە و شتیش حاڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی خواوەند، چونکە شت یان مادده جەوهەرێک نییە، کە زاتێکی سەربەخۆی لە واجب الوجود هەبێت و خوڵقێنراویش نییە بەم واتایە، کە ئافرێنەرێک ئەوی لە نەبوونەوە هێنابێتە بوون، چونکە جەوهەر جەوهەرێکی دیکە دروستناکات، کەواتە لە بەر ئەوەی ناتوانین مادە، یان رەهەند نە وەک جەوهەر و زاتی سەربەخۆ بێنیە ئەژمار و نە خوڵقێنراویش، بە ناچار وەک خەسڵەتێک، یان حاڵەتێکی واجب الوجود لە قەڵەمیدەدەین. رەهەند،

کە حەقیقەتی مادەیە بێ سنوور و بێ شوێن نییە، کە لە خەسڵەت، یان حاڵەتەکانی واجب الوجود بێت. ئەو دوو خەسڵەت بۆ خواوەند گەڵاڵە دەکات یەکێکیان رەهەند و ئەوی دی زانست. رەهەندی رەهای بێ سنور یەکێک لەو دوو خەسڵەتەی خواوەندە، یەکەمین حاڵەتێک کە هەڵدەبژێردرێت؛ جووڵەیە. و زانستی رەهـای بێ سنور خەسڵەتێکی دیکەی جەوهەرە و یەکەمین حاڵەتێک، کە هەڵیدەبژێرێت دەرک کردن و ئیرادەیە. ئەم دوو خەسڵەتە بێ سنورن، هەر کە سنوردار و دیاریکران؛ یەکەمیان ماددە هەست پێکراوەکان و دووهەمیان وێنەکان، یان تێگەیشتنەکان، دەردەخەن. ئەم دوو حاڵەتە بێ سنورە نادیارن، نێوەندی نێوان خواوەندی واجب و حاڵەتە مومکینەکانن. بە دەربڕینێکی دی؛ خواوەند هۆکاری نزیکیی ئەم دوو خەسڵەتە بێ سنوورەیە، بۆ بوونەوەرەکانی دیکە هۆکاری دوورە. هەروەک چۆن رەهەند و زانست هەمیشە پێکەوەدێن، خەسڵەتی جودایی هەڵنەگری جەوهەری رەسەنن، بۆ بوونەوەرەکانی جیهانی خەلیقەتیش، جەستە و رۆح پێکەوەن و بوونەوەرێک پێکدێنن، کە خاوەن دوو لایەنە. رۆح حاڵەتەکانی جەستە دەرکدەکات و حاڵەتەکانی جەستەش بە هۆی کاریگەریی دەرەکییەوەن، کەواتە رۆح شتە دەرەکییەکانیش دەرکدەکات، چونکە رۆح پەیوەستە بە سەرچاوەی خۆیەوە. دەتوانین بڵێین ئاگایی رۆح لە جەستەی خۆی و هەروەها لە شتە دەرەکییەکان هەمان ئاگایی خواوەندە. بە واتایەکی دی؛ سپینۆزا خەسڵەتی ئەندێشە وەک «فامکردنی بە رەهایی بێکۆتایی» پێناسە دەکات. واتە فامکردن، دەرککردنی حاڵەتی زاتی ئەندێشەیە. لەبەرئەوەی یەک سیستەمی سروشت هەیە، بوونی مرۆڤ بوونێکی تاقانەیە. راستە کە دەوترێت مرۆڤ خاوەن دەروون و جەستەیە، بەڵام جەستەی مرۆڤ هەمان مرۆڤە، کە وەک حاڵەتێک لە خەسڵەت ئیعتباری پێ بەخشراوە و دەروونی مرۆڤ هەمان مرۆڤە، کە وەک حاڵەتێک لە خەسڵەتی ئەندێشە هێنراوەتە ئەژمار، کەواتە ئەوانە دوو لایەنی

ئاکە شتێکن، بۆیە بابەتی هاوکاریت دەروون و جەستە بەو جۆرەی دیکارت باسیدەکرد، لێرەدا باس ناکرێت.

**هۆکاری هەڵەکانی مرۆڤ**

1- لەبەرئەوەی رۆح سنورداری دیاریکراوە، ئەوەی دەرکی دەکات درێژ کراو و نادیارە.

2- رۆح لەو زانیارییانەدا هەڵە دەکات، کە لە رێگەی هەستەوە وەریدەگرێت.

3- رۆح لە شوێنی خەیاڵ سازکردندا، شێوەیەکی نادیار لە شتەکان دروستدەکات، کە بە هۆی گشتییەکانەوە ساز دەبێت و گشت شتێکی نادیارە، کە مانا شاراوە و تاریک و راستەقینەکان لە خۆوە ناگرێت.

4- مرۆڤ هەندێک شت دەبینێت و پەی بە هۆکارەکەیان نابات. لە بری شیکردنەوەی پێویستیی هۆکار و هۆکرد، سەبارەت بە شتەکان بە هەڵکەوت شیکردنەوە دەکات، کە خۆی هەڵەیە.

کردەوەکانی مرۆڤ دوو بەشن؛ هەندێک بە پێی مەیل، کە پێیدەوترێت کردە و هەندێک بە پێی مەیل نین، واتە لە ژێر کاریگەری دەرەوەدایە، کە پێیدەڵێن دژکردە.

1- لە بوونەوەران دا مەیل بە مانەوە، لە سروشتی خۆیاندایە، ئەگەر حەزکردن لە بوون تەنیا بە هۆی دەروونەوە بێت، ئەوا ئیرادەیە، ئەگەر جەستەش تێیدا بەشداربێت، ئەوا شەهوەتە و هەر کاتێک ئاگایی بە نیسبەت ئەم شەهوەتەوە هەبێت، ئەوا ئارەزووە.

2- هەرچی ببێتە هۆی بەردەوامی دەروون، دەروون ئەوە بە باش دەزانێت، هەرچی پێچەوانەی مانەوە بێت، پێی خراپە. بۆیە باش و خراپ شتی رێژەیین.

3– ئەو حاڵەتەی کە دەروونــی تێدەکەوێت، ئەگەر ببێتە هۆی نزیکبوونەوەی دەروون لە تەواو هێزی خۆی، دەبێتە هۆی شادبوونی دەروون، ئەگەر ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە کەماڵ، دەبێتە هۆی خەمگینیی دەروون. ئەگەر شادی و خەم گرێدراوی دەروون بێت؛ چێژ و خۆشی و ئازار و ناخۆشی بوونی دەبێت.

4– ئەگەر ئێمە وەک سپینۆزا دانراوەکان یەک بە دوای یەک بە مینۆدی هەندەسی لە یەکدییەوە هەڵبهێنجێنین و بیسەلمێنین، ئەوا ئیتر شوێنێک بۆ ئازادی، یان ئیختیار بە مانا باوەکەی نامێنێتەوە، بەڵام سپینۆزا دەڵێت کە مرۆڤ خاوەن ئازادییەکی ڕێژەییە، کە هەندێک لە هۆکارەکانی وەک کینە، تووڕەیی و ترس هەن، ئەو ناویان دەنێت سۆزداریی دژکردەیی، کارکردن بۆ ئەم هۆکارانە بەندەییە، بەڵام هۆکاری دیکە هەن، کە ناویان دەنێت سۆزداری کردەیی، فامی ئێمە لە هەل و مەرجمان لە دونیادا بە پەیبردن بە راستی ڕووداوەکان مەیسەر دەبێت، ئەگەر ئێمە کەمتر لە ژێر کاریگەریی سۆزی دژ کردەیی و زیاتر لە ژێر کاریگەریی سۆزی کردەیی دا بین، ئەوا خاوەن ئازادییەکی زیاترین.

نیچە، ئەو شتە تێگەیشت و ژیا، کە پێکهێنەری راز و نهێنی ژیانی فەیلەسوفێکن. فەیلەسوف فەزیلەتی زاهدانەی وەک دڵنزمی، هەژاری و پیاوچاکی دەکاتە موڵکی خۆی و ئەوانە دەخاتە خزمەت ئەو ئامانجانەوە، کە بە تەواوەتی موڵکی خۆیەتی. هەندێک ئامانجی بەدەر لە توانا، کە لە راستیدا زۆریش زاهدانە نایەنە ئەژمار. فەیلەسوف ئەم فەزیلەتانە، دەکاتە دەربڕینیی تەکنیکیی خۆی. ئەم شتانە لەلای فەیلەسوف ئامانجی ئەخلاقیات، یان کەرەستەی ئایینی بۆ ژیانێکی دیکە نین، بەڵکو کاریگەرییەکانی خودی فەلسەفەن، چونکە بۆ فەیلەسوف بە رەهایی هیچ ژیانێکی دیکە بوونی نییە. هەژاری و پیاوچاکی دەبنە بەرهەمەکانی ژیانێکی بە تایبەت دەوڵەمەند و

پڕ لە فراوانی، ژیانێکی ئەوەندە بە هێز، کە بتوانێت بەسەر ئەندێشەدا سەربکەوێت و هەموو غەریزەیەکی دیکە پێملی خۆی بکات. سپینۆزا ئەم ژیانە ناو دەنێت سروشت: ژیانێک کە ئیتر نە بەپێی پێداویستی، یان بەپێی کەرەستە و ئامانجەکان، بەڵکو بە پێی بەرهەمهێنان، توانایی بەرهەمهێنان، توانست، یان بە پێی هۆکار و هۆکردەکان دێتە ژیانکردن. دڵنزمی، هەژاری و پیاوچاکی شێوەی تایبەتی فەیلەسوفن بۆ گەورە ژیان، شێوازێکە، کە ئەو جەستەی خۆی دەکاتە پەرستگەیەک، ئەویش تەنیا لەبەر هۆکارێک، کە یەکجارگران، یەکجار دەوڵەمەند و یەکجار هەستانەیە. بە جۆرێک کە خەڵک بە هێرشکردنە سەر فەیلەسوف، هەست بە شەرمی هێرشکردن بۆ سەر روخسارێکی دڵنزم، هەژار، یان پیاوچاک دەکەن، کە تووڕەیی بێدەسەڵاتانەی ئەوان دەئەوەندە زیاتر دەکات؛ و فەیلەسوف هەرچەندە هەموو لێدانێک وەردەگرێت، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی بۆی نابێت.

لێرەدا بە تەواوەتی واتای گۆشەگیریی فەیلەسوف دەردەکەوێت، چونکە ئەو ناتوانێت لە ناو هیچ کۆمەڵگەیەکدا بگونجێنرێت، ئەو بۆ هیچ کام لەمانە گونجاو نییە. ئەو لە کۆمەڵگە دیموکرات و ئازاد ئەندێشەکاندا، باشترین هەلومەرجی ژیان، یان باشترین هەلومەرجی مانەوە، دەدۆزێتەوە، بەڵام لەلای ئەو ئەم شوێنە کۆمەڵایەتییانە تەنیا گەرەنتی ئەوەن، کە کەسانی خراپ نەتوانن ژیان ژەهراوی یان عەیبداربکەن. ئەوان ناتوانن بە گشتی ژیان لە هێزی ئەندێشەیەک جودا بکەنەوەکە، کەمێک ئامانجەکانی دەوڵەت، کۆمەڵگە، یان شوێنێکی کۆمەڵایەتی تێپەڕێنێت. سپینۆزا ئەوە دەردەخات، کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ئاریشە تەنیا لە سەر پێمل بوونە و بەس. بەم هۆیەشەوە پاڕادایمەکانی خەتا، شایستەیی، ناشایستەیی، خێر و شەڕ بە تایبەت کۆمەڵایەتین، پەیوەندییان بە پێمل بوون و سەرپێچییەوە هەیە. لە ئەنجامدا باشترین کۆمەڵگە، هێزی بیرکردنەوە لە ناچاریی

پێملبوون دووردەخاتەوە، بە پێی بەرژەوەندی خۆی ئاگادارە، کە ئەندێشە لە چوارچێوەی دەوڵەت، کە تەنیا بەکاری بەکارهێنان دێت، نەبەستێنەوە. مادام کە ئەندێشە ئازاد و بەم هۆیەشەوە بزۆز بێت، هیچ چەشنە سازشێک بوونی نییە، کاتێک دۆخێکی وەها ئامادە نەبێت، پێدەچێت هەموو جۆرە سەرکوتەکانی دیکە هەبن و پێشوەخت ئیجرا بکرێن، بە شێوەیەک کە هەموو کردەیەک تاوانبارانەیە و هەموو ژیانێک لە مەترسیدایە. بە دڵنیاییەوە فەیلەسوف لە دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک و لە کۆمەڵگا ئازاد ئەندێشەکاندا بۆ دڵخوازترین هەل و مەرج دەگەڕێت، بەڵام ئەو هەرگیز ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجی دەوڵەت، یان ئامانجی کۆمەڵگە تێکەڵ ناکات، چونکە ئەو خوازیاری ئەو هێزانەیە لە ئەندێشەدا، کە لە بەرامبەر پێمل بوون و لۆمەکردندا خۆڕاگرە و وێنای ژیان لەوپەڕ خێر و شەڕەوە دروستدەکات، هەر ئەو پاکی و بێگەردییە سەخنگرە، کە بەبێ شایستەیی، یان تاوانبارییە. فەیلەسوف دەتوانێت نیشتەجێی وڵاتانی جیاواز بێت، ئەو دەتوانێت کۆمەڵگەی جۆر بەجۆر بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵام لە شێوەی گۆشەنشینێک، سێبەرێک، موسافیرێک، یان نیشتەجێی میوانخانەیەک. هەر بەم هۆیە نابێت وا بیر بکرێتەوە، کە سپینۆزا لە کۆمەڵگەیەکی جوولەکەی بەناو داخراو جودا بوویەوە، تا بچێتە کۆمەڵگایەکی جوولەکەی بەناو کراوە؛ مەسیحیەتی لیبراڵ، دیکارتیزم. دڵخوازی بورژوایی برایانی دوو ویت،چونکە ئەو بۆ هەر کوێ دەچێت بە بەختێکی زیاتر، یان کەمتر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی دڵخواز، داواکاری دەکات و دەیهەوێت، کە هەم خۆی و هەم ئامانجە بێ بڕەوەکانی، تەحەمولبکرێت و بەمجۆرەش، ئەو بەپێی ئەم تەحەمولە سەبارەت بە دیمۆکراسییەت، یان تەنانەت دەربارەی پلەی ئەو راستییەی، کە کۆمەڵگایەک توانای تەحەمولی هەیە، یان بە پێچەوانەوە دەربارەی ئەو مەترسییەی، کە رووبەرووی هەموو مرۆڤێک دەبێتەوە، دەستدەداتە داوەری

کردن.

بارۆخ سپینۆزا ساڵی 1632 لە گەڕەکی جوولەکەکانی شاری ئەمستردام، لە یەکێک لە خێزانە دەوڵەمەند و خانەدانە بە ڕەچەڵەک ئیسپانی، یان پورتوگالی لەدایکبوو. ئەو لە قوتابخانەیەکی جوولەکە خوداناسی و بازرگانی دەخوێنێت. لە هەژدە ساڵییەوە هاوکات لەگەڵ بەدواداچوونی خوێندنەوەکانی خۆی، لە نوسینگەکەی باوکیشی کاردەکات. ئەو کەوڵاوکەوڵ بوونە فەلسەفییە ئارامە، کە ئەوی ناچار بە دابڕان لە کۆمەڵگەی جولەکە و کار و کاسبی کرد، هەروەها ئەوی بە دەرکردن لە کۆمەڵگە لە 1656 دا، چۆن روویدا؟ نابێ وا بزانین، کە کۆمەڵگەی ئەمستردام لەم قۆناغەدا هاوشێوە بووە؛ ئەم کۆمەڵگەیەش راست بە قەدەر کۆمەڵگە مەسیحییەکان، خاوەن فرەڕەنگی، بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیەکان بووە، چونکە «مارانۆ»کان بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی جوولەکەیان پێکدەهێنا، واتە ئەو جوولەکانەی کە بە ڕواڵەت کاتۆلیکانیزمیان لە ئیسپانیا و پۆرتوگال هەڵبژارد، ناچاربوون لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەدا دەست بدەنە کۆچکردن، تەنانەت ئەو کەسانەی زۆر راستگۆیانە گرێدراوی ئایینی جوولەکەی خۆیانن، سەرڕێژ دەبن لە فەرهەنگی فەلسەفی، زانستی و پزیشکی، کە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ یەهودیەتی خاخامی سوننەتیدا یەکناگرێتەوە. باوکی سپینۆزا خۆی بە رواڵەت شەککاک دەینواند و لە هەر حاڵدا دەورێکی گرنگی لە کەنیسە و کۆمەڵگەی جوولەکەدا گێڕاوە. لە ئەمستردام هەندێک ئەوەندە دەچنەپێشەوە، کە نەک هەر دەور خاخام و سوننەت، بەڵکو واتای خودی تەوراتیش دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئۆریل داکۆستا لە 1647 بە هۆی نکۆڵی لە نەمربوونی رۆح، یاساکانی وەحی و بەتەنیا پەژراندنی یاساکانی سروشت، تاوانباردەکرێت؛ خوان دی پرادۆ لە 1656 ناچار بە تۆبەکردن دەکرێت، دواتر لە کۆمەڵگە دەردەکرێت. ئەو تەنانەت بە هۆی بڕوا بە مردنی

هاوکاتی رۆح و جەستە، بڕوا بە بوونی خودا لە بواری فەلسەفییەوە، بڕوا بە بێهوودەبوونی ئیمانداری، گۆمانی لێدەکرێت. ئەو بەڵگەنامانەی لەم دواییەدا بڵاوکراونەتەوە شایەنی بوونی پەیوەندی نزیکی نێوان پرادۆ و سپینۆزان؛ تەنانەت گومانی ئەوە دەکرێت، کە ئەم دوو بابەتەی دوایی پێکەوە پەیوەندییان هەبێت. سپینۆزا لە بەر ئەوەی تۆبەی نەکرد و خۆی بە دوای دابڕان لەوانەوە بوو، سزایەکی سەختتری قەبوڵکرد و لە سەرەتاکانی 1656 لە کۆمەڵگەی جوولەکە دەرکرا. وا دەردەکەوێت، کە خاخامەکان هەر وەک لە زۆربەی حاڵەتەکاندا روویداوە، بە هیوای لێککردن بوون، بەڵام سپینۆزا لە بری تۆبە، دەقێکی بۆ پاراستنی بەرحەق بوونی خۆی، لە بەجێ هێشتنی کەنیسەدا نوسی، کە دواتر بووە پێشنوسیناملکە ئیلاهی–سیاسیەکەی. ئەم راستییەی، کە سپینۆزا لە خودی ئەمستردام لەدایکبوو و منداڵی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، دۆخی ئەوی مەترسیدارتر دەکرد. ژیان و مانەوە لە ئەمستردام بۆ ئەو دژوار و ئەستەم دەبێت. پێدەچێت سپینۆزا دوای هەوڵێکی تیرۆریستی پاشکەوتوو خوازێک، بەرەوە لیدەن دەڕوات، تاوەکو خوێندنەوە فەلسەفییەکانی لەوێ درێژە پێبدات. ئەو لە دەور و بەری شاری ریسێنبورگ نیشتەجێدەبێت. دەڵین سپینۆزا قەمسەڵەکەی خۆی، کە بە زەبری چەقۆ دڕابوو، وەک بیرەوەرییەک لە لای خۆی هەڵدەگرێت، کە نیشانبدات مرۆڤەکان بەردەوام سەوداسەری ئەندێشە نین. لە حاڵێکدا کە فەیلەسوفێک هەمیشە لەگەڵ دادگاییکردن، دەگاتە کۆتایی رێگەکەی، کەم وا روودەدات، کە فەیلەسوفێک بە دەرکردن لە کۆمەڵگە و سووربوون لە سەر ژیانی خۆی، دەستبەکار ببێت.

کاتێک پێمانوایە، کە دەبێت دابڕانی سپینۆزا بە بەڵگاندن بە بەرهەمەکانی مەسیحییەتی لیبڕاڵ شیبکەینەوە، ئیتر ناتوانین فرەڕەنگی کۆمەڵگەی جولەکە لەبەرچاوبگرین، بێگومان ئەو پێشتر لە ئەمستردام،

لە وانەکانی قوتابخانە (وەن دێن ئێندە)دا بەشداریدەکرد، وەک لاوانی دیکەی جوولەکە لەوێ فێری زمانی لاتین و پێشەکیی زانست و فەلسەفەی دیکارتی، بیرکاری و فیزیا دەبوون، بێگومان سپینۆزا هاتوچۆی مەسیحییە لیبڕاڵ و دژبەرەکانی پیاونی ئایینیشی دەکرد. سپینۆزا جارێکی دی لە ریسێنبورگ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە مەسیحییە رووبەروو دەبێتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ دەگرێت.

فەلسەفەی سپینۆزا چ لە بـواری رەخنەگرتن لە ئایین و چ لە بواری فامی ئەخلاقی و کەڵکەڵەی سیاسیدا، فەلسەفەی ئەم گرووپانە بە تەواوی تێدەپەڕێنێت. لەبری ئەوەی وا بزانین مەنونییەتەکان، یان تەنانەت دیکارتییەکان کاریگەرییان لە سەر سپینۆزا دانابوو، دەتوانین ئەمە بڵێین، کە سپینۆزا بە لای ئازادترین کۆڕەکاندا رادەکێشرا، بەلای ئەو کەسانەوە، کە زیاتر لە هەر شتێک، مەیلیان لە وەرگرتنی جوولەکەیەکی دەرکراو بوو، کە مەسیحییەت و یەهودیەتی وەک یەک رەتدەکردەوە و دابڕانی لە یەهودییەت تەنیا بەهۆی لێهاتوویی خۆیەوە بوو.

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کلێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرپێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگلس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثَة فِي الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |